وەزارەتی رۆشنبیری

بەڕێوبەریێتی خانەی وەرگێڕان

www.roshnbiri.org
khanaywargeran@yahoo.com

- ناوی کتێب: کۆمەڵناسی جەنگ
- نووسەر: گاستۆن بوتۆل
- وەرگێڕ: مەنسوور تەیفووری
- زنجیرە: 129


- تایپ نەخشەسازی: نزار نوری محمد
- دیزاینی بەرگ: سۆران عەبدوڵا
- چاپخانەی: تیشک
- تیراژ: 1000
- ژمارەی سپاردن: (719) وەزارەتی ڕۆشنبیریی پیدراوە




www.pertwk.com

# کۆمەڵناسی جەنگ

**گاستۆن بۆتۆل**

**مەنسوور تەیفووری**

**سەردار حەسەنی**

# کۆمەڵناسی جەنگ

**گاستۆن بۆتۆل**

مەنسوور تەیفووری

سەردار حەسەنی

چاپی یەکەم

دەرهێنانی هونەری و پیتچنین:

ئازاد سورخی ـ فەرزاد مەردانی

سۆران عەبدولا

سلێمانی 2006



www.pertwk.com

## ریزی بابەتەکان

پێشەکی ........................................................................ 1
بەشی یەکەم: ڕەوتی مێژوویی بیری جەنگ ...................................... 5
بەشی دووهەم: دیاردەی جەنگ: دیاریکردنی سنوور و پێناسە .................. 29
بەشی سێهەم: تایبەتمەندیە ئابووریەکانی جەنگ.................................. 35
بەشی چوارەم: جەنگ و حەشیمەت ............................................... 47
بەشی پێنجەم: تایبەتمەندی ئەنترۆپۆلۆژیکی جەنگ ............................... 61
بەشی شەشەم: تایبەتمەندی دەروونیی جەنگ .................................... 69
بەشی حەوتەم: پلانی ئاشتی و ئەو هۆکارانەی بۆ جەنگ دەستنیشان کراون ...... 89
ئەنجام ........................................................................... 117



www.pertwk.com

# پێشەکی

بێگومان جەنگ سەیر و سەمەرەترین دیاردەی کۆمەڵایەتییە. ئەگەر کۆمەڵناسی وەک دۆرکیم وتویەتی «دەربڕینی مێژوو بە شێوەیەکیتر» بێت، دەکرێ بڵێین جەنگ خولقێنەری مێژووە. لە راستیدا، مێژوو تەنیا بە گێڕانەوەی ململانێیەکی چەکدارانەوە دەستی پێ کردوە و ئەستەمە هیچکات ئەم دیاردە بە تەواوی لە ناو بچێت، چونکوو جەنگ بە هەر چەشنە دیارترین دەسپێکی مێژوو و، لە هەمانکاتدا خولقێنەری ئەو سنورانەن قۆناغی گرینگی روداوەکان لە یەکتر جوێ دەکەنەوە، تا ڕادەیەک کە سەرجەم ژیارە ناسراوەکان تێدا چوونیان بە هۆی جەنگەوە بووە.

هەموو ژیارێکی نوێش بە جەنگێک هاتوونەتەدی. ئەو سەروەریانەی جار نا جارێک کۆمەڵگایەکی تایبەت دەکەنە گەورەی کۆمەڵگای مرویی، زادەی جەنگن و شەرعیەتی خۆیان لە جەنگ وەردەگرن.

جەنگ لە هەمان کاتدا هۆکارێکی سەرەکی لاساییکردنەوەی کۆییە کە دەورێکی گەلێ گرینگ لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیدا دەگێڕێ. جەنگ وا دەکات کۆمەڵگا داخراوەکان درەنگ بێت یان زوو درگاکانی خۆیان ئاوەڵا بکەن: وەک نموونەی چین، ژاپۆن یان مەراکێشی سەدەی رابردوو. رەنگە جەنگ بەهێزترین و کاریگەرترین شێوەی بەریەککەوتنی ژیارەکانە.

جەنگ، بە زەبر، تەریککەوتنی دەرونی دەسڕێتەوە و تەنانەت کاریگەری لەسەر جۆری جل و بەرگیش دادەنێ. لە سەیرکردنی جل وبەرگی سەربازی جەنگدا دەتوانین

سەرکەوتووی ڕاستەقینەی جەنگێک کە پێشتر روویداوە بناسینەوە: پاش ناپلیۆن، لاسایی جلوبەرگی سەربازانی فەرەنسی دەکرایەوە، پاش ساڵی 1918 لاسایی جلوبەرگی سەربازی ئینگلیسی و ئەوڕۆکەش لاسایی جلوبەرگی سەربازی ئەمریکی و رووسی دەکرێتەوە.

بە کورتی، جەنگ لە هەموو شێوەکانی گۆڕانی ژیانی کومەلایەتی گرنگترە: جەنگ چەشنیک «گۆڕانی خێرایە».

کەوابو ڕەنگە پێتان سەیر بێت کە بۆ چی تا ئێستا زانستێکی راستەقینە بە ناوی جەنگناسی یان «پۆلمۆلۆژی» سەری هەڵنەداوە؟ ئەرێ بە راست بۆ چی هیچ تۆیژەرێک دەستی نەداوەتە خوێندنەوەی بابەتیی تایبەتمەندی و لایەنە رەفتاریەکانی جەنگ، لە کاتێکدا کە جەنگ گرینگترین دیاردەی کۆمەلایەتیە؟ لە نیو سەدە پێش ئێستەوە بەردەوام ئاگامان لە زۆربوونی تاقیگەی لێکۆڵینەوەی شێرپەنجە، گولی، تاعوون، یان تای زەردە. ئەم تاقیگانە بەردەوام ڕوو لە زیاد بوونن و پێویستیشە وەها بکرێت. بەڵام ئاخۆ بۆچی بۆ خوێندنەوەی جەنگ کە بە تەنیا خۆی زیاد لە هەموو بەلا و کارەساتێک قوربانی خستۆتەوە و موسیبەتی لێ کەوتۆتەوە، تا ئێستا تەنانەت یەک دامەزراوەی توێژینەوەش نەکراوەتەوە؟

ئەرەستوو ئەڵێ زانست بەرهەمی حەیرەتە. یەکەم شتێک بەر بە خوێندنەوەی زانستیانەی جەنگ دەگرێت ئەمەیە دیاردەی جەنگ هاوکاتی سەرسووڕهێنەر بوونی هێند لامان ئاساییە گران پێی سەرسام ببین: پرۆدۆن ئەڵێ هیچ خوێنەرێک نییە پێویستی بەوە بێت پێی بڵێن جەنگ لە لایەنی فیزیکی یان ئەزموونیەوە شتێکی چۆنە؛ هەموو کەسێک وێنایەکی جەنگی لایە، هەندێ بە هۆی بینینی جەنگەوە، هەندێ بە هۆی پێوەندی لەگەڵ جەنگ، گەلێ کەسیش بەهۆی ئامادەیی راستەوخۆ لە جەنگدا؛ کە وا بو سەرەتا دەبێ دژی ئەم بەڵگەنەویستیە درۆیینەی جەنگ بوەستین. لەم نموونە دا بەڵگەنەویستیی زادەی عادەتێکی دەروونیەکە لە منالیەوە لە گەڵمان گەورە بووە. هەموو منالانی کوڕ لاسایی سەربازان ئەکەنەوە و یاری جەنگ دەکەن.

دووهەمین گرفتی خوێندنەوەی زانستیی جەنگ ئەوەیە جەنگ لە ڕواڵەتدا بە تەواوی گرێدراوی ئیرادەی ئێمە دیارە. جەنگ دەسپێک و کۆتاییەکی تایبەتی هەیە و لە چرکەیەی تایبەتەوە، بە سەرجەم بۆنە سیاسی و ئایینە تایبەتەکانی خۆیەوە، هەڵدەگیرسێ. گەلێ هۆ بۆ جەنگ دەسنیشان دەکرێت کە گەلێ پێشتر لە ڕێگەی باس و خواس و راوێژەوە ئامادە کراوە. بە ڕای ئێمە هەموو جەنگێک ئەگەر بێت و سەربەخۆ چاو لێ بکریت، ئیرادی، سەربەستانە و، زادەی بڕیارێکی پێشتر هەلسەنگێدراو و ئامادە کراو، دیار دەبێ.

بڕوا بەوەی جەنگەکان بە تەواوی ئیرادی و وشیارانەن، بە هۆی لەمپەرێکی سەرەکیە کە بەر بە خوێندنەوەی زانستی جەنگەکان دەگرێت. لێرەدا دەمانەوێ باسی «مەغلەتەیەکی مافناسانە» بکەین. وێڕای بەدرۆخستنەوەی چەندین بارەی مێژوو [کە چی هێشتا] مافناسان جەنگ بە وتەزایەکی وەک شەڕی نێوان کەسان، مشتومڕ، دۆئێل، یان کێشەیەکی تێکەڵ بە شەڕەجنێو دەزانن. جار جارەش دەبینین لاساییکردنەوەی بڕیارنامەی مافی تاکەکەسی یان یاسا بە بەر خوێندنەوەی زانستیی جەنگەکان دەگرێ، هەر ئەمەشە دیاردەی جەنگ هاوکاتی حەیرەتاوی بوونی خۆی، هێندە بۆمان ئاساییە دژوار دەتوانین.

هەندێ کەس دەیانەوێ لە ڕێگەی جۆرە دەستوورێکی ئاسایشییەوە بەر بە جەنگ بگرن، هەندێکی دیکە لە پاڵ وەرگرتنی جەنگدا، دەیانەوێ ڕێک بە پێی سەر نموونەی ڕێساکانی شەڕی دووکەسی یان دەستووری بۆکس و فووتباڵ، یاسا بۆ جەنگیش دابڕێژن. پلانەکانی حەکەمییەتیش تاکوو ئێستا جگە نووسینەوەی مافە تاکەکەسیەکان یان لە دوا ڕادەدا مافی بنەماڵەیی بە لێکدانەوەی تایبەتی ئەو مافە لە حەکەمییەتی موڵکداران لە ململانێکاندا، وەک دادگای بارۆنەکان، هیچ بەرهەمێکی دیکەی نەبووە.

ئەمانە هەموو هەندێ سوکنادەری کاتین. باشە چۆن ئەتوانین بۆ شتێک کە نایناسین یاسا دابنێین، ئاخۆ دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین ئەگەر ڕادەیەکی کەمیش بێت جەنگمان ناسیوە و دەزانین ناوەڕۆک و کاریگەری و دەوری جەنگ چییە؟



www.pertwk.com

بە ڕای ئێمە ئەم چارەسەرە کاتیانە چەندەش شەرعی و گونجاو بن، دیسان گرفتێکی سەرەکی خوێندنەوەی جەنگەکان دەبن. ئێمە پەلەی ئەوەمانە پێش ناسینی نەخۆشین، دەرمانی بۆ بدۆزینەوە و شتێک پێش ناسینی ئەوشتە، وەربگرین.

# بەشی یەکەم

## ڕەوتی مێژوویی بیری جەنگ

بەر لە پێناسە و دیاریکردنی سنوورەکانی دیاردەی جەنگ و شیکردنەوەی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی، دەبێ ئەو تیۆرە گرنگانەی هەرلە کاتی دەرکەوتن و ململانێی مرۆڤەوە سەبارەت بە جەنگ بەرهەمهێنراون و ئەو داوەریە گرنگانەی لەم بوارەدا کراون، دەسنیشان بکەین.

### 1ـ ئوستوورە و ئەفسانەکان

ئەگەر بیروڕای مرۆی سەرەتایی سەبارەت بە خولقانی جیهان بە زۆری هێند لێڵ و شاراوەن کە ناکرێ زانیاری وردیان لێ هەڵهێنجرێ، لە بەرامبەردا کاتێک دێینە سەر باسکردنی ژیارە مێژوییەکان، ڕوبەڕوی دوو تایبەتمەندی هاوبەشی تیۆری خولقانی جیهان واتە ئوستوورە و ئەفسانەکان دەبینەوە: یەکەم ئەو شوێنگە بەرزەیە جەنگ تێیاندا هەیەتی، دووهەم پەسنی قووڵی ئەو جەنگانەیە خواکان دەیکەن خواکان یان هاندەر و پاڵشتین.

لەم لایەنەوە «واڵ هالا[1]» پەرستگەی خوایانی ژێرمەن[2]، باشترین نموونەیە، چونکوو وێنەکانی ئەو پەرەستگا ئەو جەنگاوەرانە دەنوێنێت کە پاش شەڕێکی

---

1ـ Walhalla، ئوستوورەیەکی سکاندیناوی، پێگەی ئەو قارەمانانەی لە جەنگەکاندا کوژراون.

2ـ Pantheon، پەرستگەیەکە لە ڕۆم، جێگەی خواکان، ئەم پەرستگە لە ساڵی 27 پێش زایینـدا سازکراوە.

سەرکەوتووانە جێژنیان دەکرد. ئەم بەختەوەرانـە، لـە ژێـر تیشـکی ڕوانـینی وردبـینی ئودێن[1] ـ ی خوای شەڕدا کە چوار دەوری بە دەسکەوت و کۆیلـە و دیـل تـەنراوە، لـە کاسە سەری دوژمناندا شەراب دەخۆنەوە، هـەناویان دەخـۆن، دەسـکەوت و کەلوپـەلی داگیرکراو هەر ڕۆژە دەست دەکەون، لە نێو خۆیاندا بەشی دەکەن و ئەوپەڕی چێـژ لـە کاتی خواردنی دێسێر لە کۆشکی خواکاندا، دەبینن» ( پووژە[2]).

ئەگە ئوستوورەکانی چین ئاشـتیخوازانەترن و ئـایینی بـوودا دژی شـەڕە، کـەچـی ئایینی برەهمایی گەلێ شەڕخوازە. کتێبە پـیرۆزە بـرەهماییـەکان سـەرجەم چیرۆکـی ململانێی خواکان، سەروەری چەشنەکان و پەریلە و دێوەکانە، ئەو ململانێیانەی هەندێ جار مرۆڤ، مەیموون و حەیوانەکانی دیکەش بەشداری تێدادەکەن. وێـدا پڕاوپـڕە لـەم چیرۆکانە. بەشێکی زۆری هـەنـدێ هـۆنراوەی حەماسـی مـەزنی وەک «رامایانـا[3]» بـۆ گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە ئوستوورەییانە تەرخان کراون و پڕن لە وەسـفی ئـەم جەنگانـە. پەرستگە هێندووەکان بەو بەردنووسانە ئاخنراوە کە ئەم ململانێیانەی تێدا هەڵـکەنراوە و هـەنـدێ خـوای وەک «ئینـدرا[4]»، «میتـرا[5]»، «وارۆنـا[6]»، «برەهمـا[7]»، «ویشـنۆ[8]» و خواگچکەی «کالی[9]» بە گالیسکەی جەنگییەوە پێکەوە خەریکی شەڕن.

---

1- Odin

2ـ Pierre Puget (1620 ـ 1694)، پەیکەرتاشی فەڕەنسی.

3ـ Ramayana حەماسەی پیرۆزی هێندوو کە لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین و سـەدە پانزدەهـەمی پاش زایینداو تراوە و سەربووردەی پاشایەک بە نێوی راما بە هۆنراوە دەگێڕێتەوە.

4ـ Indra، مەزنترین خوای وێدایی، خوای هەورە برووسکە و شەڕخوازی.

5ـ Mithra، خواگچکەی مەزنی پارس، فریشتەی توخمەکانی سروشت و دادوەری مردووەکان.

6ـ Varouna، خودای ئاسمانییە و لە ئوستوورەی هێندوودا پلەیەکی وەک میترای هەیە.

7ـ Brahma، خودایەکی هێندی و بەدیهێنەری جیهان، خواکان و بوونەوەرەکانە.

8ـ خوای پارێزەری جیهانە و جارجار لە کەوڵی مرۆڤدا دەردەکەوێت.

9ـ Kali، هاوسەری شیوا و خواگچکەی مەرگ.

لە ئوستوورەکانی یۆنانیشدا، «زیۆس[1]» و هەندێ خوای جەنگاوەری وەک «تیتان[2]»ەکان، دێوەکان و «تیفە[3]» پێکەوە خەریکی جەنگن؛ «کرۆفووس[4]» لەگەڵ «ئەفێونە[5]» شەڕ دەکات، چواردەوری «مارس[6]» بە فێڵ و ترس و تۆقین تەنراوە؛ ئەو شانازی بە ناز ناوی «مرۆڤکوژ» ەوە دەکات. «پالاس[7]» بەردەوام زرێی لەبەرە و بە ڕم و ئەسپەر پڕچەکە. «ئاپۆلۆن[8]»یش تیری کوشندەی هەیە.

لە هەموو ژیارە ناسراوەکاندا ڕەسم وەها بوە پێش شەڕ و پاش سەرکەوتن، بە کوشتنی دیل بێت یان پێشکەشکردنی بەشێک لە دەسکەوتەکانی جەنگ بە پەرستگە، قوربانییەکی زۆر بە خواکان ببەخشرێت. ئاشووری، میسری و ئازتێکەکان هەزاران دیلیان لە نێو دووکەڵی کۆندۆر و هاواری شادیدا سەردەبڕی.

پێشکەشکردنی قوربانی بە خواکان هەندێ جار هاوکاتە لەگەڵ شێوەنی پێش مردن. بەم چەشنە، مەرگی شیمانەیی شانازیهێنەری جەنگاوەران، پێشتر وێنا دەکرێ و ڕێز دەگیرێ.

بە زۆری بۆنەی بەخشینەوەی خواردن، نیاز، موبارەککردن و پاکبوونەوەش بەم نەریتە زیاد دەکرێت. ئەم شتانە بۆ ئەوەن مەرگی جەنگاوەران ساناتر و ڕۆژی هەستانەوەیان ئاسانتر تێپەڕ بێت.

ماتەمینێکی سەیری پێش مەرگ کە لە سەردەمی کۆنەوە ماوەتەوە، دەقاودەق بەر لە دەس پێکردنی شەڕی سالی 1940 لە ژاپۆن بەڕێوە برا، فرۆکەوانانی خۆبەختکاری

---

1ـ Zeus، خوای مەزنی یۆنانی، کوڕی کرۆنووس و ڕێمێئا، خوای هەورە برووسکە.

2ـ Titans، کوڕەکانی ئۆرانووس، ئەوان هەوڵیاندەدا بە هەڵچنینی کێوەکان لەسەر یەک، ئاسمان داگیر بکەن.

3ـ Tiphee، خواگچکەی با و ڕەوتی ئەستێرەکان.

4ـ Cgronos، باوکی زیئۆس و خوای هەورە برووسکە.

5ـ Ophionee، ئەو دێوەیە کە بە دەستی ساتۆرن کوژرا.

6ـ Mars، کەسایەتی ئوستوورەیی ڕۆمی، خوای جەنگ و کشتوکاڵ.

7ـ Pallas، ئوستوورەی یۆنانی، دێو، نازناوی ئاتێنا.

8ـ Apollon، خوای ڕووناکی، هونەر، و غەیببێژی لە یۆنانی کەونارا.



www.pertwk.com

گەنج، شەوی بەر لە بەڕێوە بردنی چالاکیی خۆبەختکارانە، بەشداری بۆنـەی شـیوەنیان دەکرد. ئەوان بەرگی سپی، واتە بـەرگی شـیوەنیان لەبـەر دەکـرد و، بـەم چەشـنە بـە شێوەیەکی هێمایین، خۆیان لە هەموو ویستێکی دنیایی پاگژ دەکرد و سەر لـە بـەیانی ڕۆژی دواتر، لە باندی فڕیندا، هەریەکەیان قوتویەکی بچووکی سـپیان پێـدەدرا کـە بـە پێی نەریت دەبوا خۆڵەمێشی ئەمان دواتر بکرایەتە ئەو قوتوە.

## 2ـ بیر و ڕای ئایینی سەبارەت بە جەنگ

**بەڵێنی کۆن**. ئەم خاڵە شیاوی سەرنجە: کاتی سەرهەڵدانی «یەکخواپەرستی» لە نێو سەرجەم تایبەتمەندیەکاندا (ئەو تایبەتمەندیانـەی بەسـەر خواکـانی «ئۆلـەمپ[1]»دا وەک «ڤـۆلکانووس[2]»، «ژینـۆن[3]»، «مێرکـوور[4]»، «سـێرێس[5]» ... دابەشـکرابوو)، تایبەتمەندی جەنگاوەرییان بە خوایەکی یەکە داوە: ئەم خوا «خوای سوپا» بوو.

جەنگ بە ئەمری بنەبڕی خواوە دەستپێدەکات و هیچ شتێک بە بێ ئـیرادەی ئـەو ڕوونادات: «هیچ مەترسن خوا لەگەڵتانە. یە هوە، خوای تۆ، بـەرە بـەرە ئـەم گەلانـەت لەسەر ڕێگا هەڵدەگرێ ... خـوای تـۆ تـەفر و توونایـان ئـەکات و ناویـان لـە لـەناوان دەسڕێتەوە.» (سفری تەسنیە بەشی 7-8-9)، یان خودا دەڵێ: «ئەگەر بەنی ئیسرائیل وڵاتی بەڵێندراو داگیر دەکات، ئەوە ویستی خودایە. خودا بە ئاگر داوەری هەموو مرۆڤ دەکات و بە شیری تیژی خۆی تەمبێیان دەکات و دێ خوداوەند گەلێ کەس بکوژێ و ... خەڵک کە سەرهەڵـبدەن تـەرمی ئەوانـە دەبیـنن لـە مـن ڕاسـان ..» (ئەشـعیاء ، بەشی66).

بەلام عیبرییەکان هەمیشە جەنگیان پەسند نەدەکرد. کاتێک ڕووبـەڕووی سـوپای بێژمار و بەهێزی بیانی دەبوونەوە، جەنـگ جـوانیی خـۆی دەدۆڕانـد و ڕۆحێکـی نـوێ

---

1ـ Olympe، نێوی چەند چیایەکە لە یۆنان، خەلـکی یۆنـانی کـەونارا لایـان وابـوو ئـەم کێوانـە شـوێنی خواکانن.

2ـ Vulcain، خوای ڕۆمیی ئاگر و دەسکردی کانزایی، کوڕی ژوپیتێر و ژنۆن.

3ـ Junon، خواگچکەی ڕۆمیی و هاوسەری ژوپیتێر.

4ـ Mercure، خوای ڕۆمیی بازرگانی و پارێزەری ڕێبواران؛ کوڕی ژوپیتێر.

5ـ Ceres، خواگچکەی ئیتالیی کشتوکاڵ.

دەردەکەوت کە لە سەحیفەکانی «ئەرمیاء[1]» و «حزقیال[2]»ی پێغەمبەردا ڕەنگی داوەتەوە: ئێتر باس، باسی جەنگێکی بچووکی پڕشۆری نێوان خێڵ و شاری بچووک نییە، [لێرەدا] جەنگ سزای خواوەندیە.

«هەنووکە تۆفانی خوایەتی، رقی خواوەند، تووش سەرهەڵدەدات و بەسەر لادەراندا دەڕژێ. گرژیی رقی خوداوەندی تا کاتێک دادی دڵی وی بدات، ناکوژێتەوە.( ئەرمیاء، بەشی 30)

**جیهانی ئیسلامی**. لە قورئاندا هاتووە کە بڵاوکردنەوەی ئیسلام بە شیر، ئەرک و ڕاسپاردەیەکی دینییە. جەنگ لێرەدا ئامانجە و بە ئەمری خوداوەند دەژمێردرێت: بجەنگن لەگەڵ ئەوانەی بڕوا بە خودا و ڕۆژی جەزا ناکەن و بە حەرام و خوا و نێردراوەی ئەو قایل نین و، لەگەڵ ئەو خاوەن کتێبانەی نایەنە سەر ئایینی ڕاستەقینە بجەنگن. لێیان دەن تا ئەو کاتەی بەدەستی خۆ جەزیە بدەن و تەسلیم بن. ( سوورەتی 9 ، ئایەتی 29)

بەهەشت ـ بە دەستووری تایبەتی خۆیەوە ـ شیاوی ئەو جەنگاوەرانەیە شەهید کەوتوون: «ماڵ و گیانی خۆ بەخت بکەن ... خودا لە گوناهی وە خۆش دەبێت. دەتانباتە ئەو باخانەی لەبن دەرختانیاندا جۆگە ئاوی بەخوڕ هەیە.» ( ئایەتی 88 و 89).

**خواناسیی مەسیحی**. مەسیحیەتی سەرەتا لێکدانەوەیەکی تازەی بۆ جەنگ هەبووە، مەسیحیەتی سەرەتا جەنگی ڕەت کردۆتەوە و بە تەواوی بە خراپی زانیوە : «کێ کەسێک بە شیر بکوژێت، دێ خۆشی بە شیر بچێت.»

«ئوریژێن[1]»، «تێرتۆلیەن[2]» و «قێددیس سەن ئامبرۆیز[3]» بەکارهێنانی توندوتیژییان بەهەر پاساوێکەوە بە ڕاشکاوی ڕەت کردۆتەوە. بنەمای ناتوندوتیژی کە دواتر تۆلستۆی و مەهاتماگاندی هێنایانە ئارا، لە بنەڕەتدا داهێزاوێکی مەسیحیە.

---

1ـ Jeremie (650 ـ 580 پ. ز)، یەکێک لە چوار پێغەمبەری گەورەی بەنی ئیسرائیل.
2ـ Ezechiel (627 ـ 570 پ. ز)، یەکێک لە چوار پێغەمبەری گەورەی بەنی ئیسرائیل.



www.pertwk.com

لەگەڵ ئەمەشدا، کەنیسە زۆر زوو ناچار بوو لەگەڵ دەسەڵاتەکانی هاوچەرخی خۆیدا بگونجێ و ڕێگەیەکی واقیعبینانەتر پیڕەو بکات، ئەو ڕێگەی «سەن پاول[4]» وێنەی کێشابوو. بە ناوبانگترین حەکیمانی خواناس، ڕایەکی خۆگونجێنەرانەیان دەربڕیوە. «سەن ئۆگۆستین[5]» کە باش ئاگای لە لێکدژیی تەورات و ئینجیل بوو، بڕەوی بە خواناسیەک دا تێیدا شەڕ ئەوکاتەی دەرکەوتنی داوای خودا بێت، ڕەوایە: «ئەگەر خودا بە هۆیەکی تایبەتەوە ئەمر بە کوشتن بکات، ئەوکاتە کوشتنی مرۆڤ خێرە.»

بەلام شارەزایی حەکیمانی خواناسی بۆ مشت و مڕ، تەنیا لە کاتی شەڕە خاچپەرستییەکاندا تاقی دەکرێتەوە. هەروەها ئەگەر «سەن بێرنار[6]» خۆی بە لایەنگری ئەقلانیی شەڕی پیرۆز دادەنێت، لە بەرامبەردا هەندێ قەشەی گەنج هەن کە بێسڵکردنەوە ستایشی وەحشیانەترین کردەوە دەکەن.

«ڕەیمۆن د ئاژیل[7]» ڕاهیبی یاسایی کەنیسەی «پۆیی[8]»، سەبارەت بە داگیرکردنی ئورشەلیم نووسیویەتی: «گەلێ دیمەنی شیاوی دەستخۆشیمان بینی ... لە شەقام و گۆڕەپانەکانی شارا کۆگایەک کەللەسەر و دەست و پێمان دیت. جەماوەر و سوارچاکان تەرمەکانیان پێشێل دەکرد ... خوێن تا ئەژنۆی سوارن و لەغاوی ئەسپەکان سەری دەکرد ... ئەمە ئەمری عادلانە و پەسەندی خودا بوو کە دەیویست ئەم شوێنە بە خوێنی ئەو کەسانە سوور بێت کە ماوەیەکی زۆر بە قسەی پڕ لە کفری خۆیان ئەو

---

3ـ Origene، (186/ 183 ـ 254/ 252)، زانای پایەبەرزی مەسیحی.
4ـ Tetullien (155 ـ 220)، زانای بەناوبانگی مەسیحی.
1ـ Saint Ambroise (340 ـ 397)، قەشەی کەنیسەی ئیتالیا و تیۆلۆگی ناسراو.
2ـ Saint Paul، حەوارییەکی مەسیح.
3ـ Saint Augustin (354 ـ 430)، کاربەدەستێکی باڵای کەنیسەیە و کاریگەرێتیەکی زۆری لەسەر بنەماکانی بیروڕای دینی ڕۆژئاوا بووە.
4ـ Saint Bernare (923 ـ 1009) بناغەدانەرانی دامەزراوە خێرخوازییەکان و کاربەدەستێکی باڵای دینی مەسیح.
5ـ Raymond d'Agiles، کاربەدەستێکی دینی فەڕەنسی.
6ـ Puy، شارێکی فەڕەنسایە لە کیلۆمەتری 514ی باشووری ڕۆژئاوایی پاریس.

شـوێنەیان پـیس کردبـوو. هێزنـوێنیی مەلـەکووتی ... جـەنگ لـە کەنێسـە و هـەموو شوێنێکی شاردا شوکرانەی خوایان بەجێ دەهێنا.»

«سەن توماس[1]» لە تیۆری بەناوبانگی خۆی واتە تیۆری «جـەنگی عادڵانـە»دا ئـەو مەرجانە دەستنیشاندەکات کە شەڕێک لای خودا ڕەوا دەکەن. ئەم مەرجانە بریتین لە: ئۆتۆریتەی شا، پاڵنەری عادڵانە و نییەتی خێر.

چەند مانایی ئەم مەرجانە، ئەمە دەردەخات کە بۆچی کـەنێسـە کاتێـک دەبـێ لـە ململانێیەکدا هەڵوێست بنوێنێ، توشی ڕاڕایی دەبێت. کڵێسە تـا ئـەم سـەدەی دوایـی بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە لە هەموو جەنگێدا، تەنیا یەک لایـەنی جـەنگ ڕاسـتییان لایە. لە کاتێکدا ئەو دان بەوەدا دەنێ کە جەنگ دەتوانـێ هاوکـات لـە لایـەن هـەردوو بەشدار و هەردوو بەرەی جەنگەوە بە جەنگێکی عادڵانە بزانرێت. «جەنگ لـەو چرکـەدا هەر لایەنێکی بەشدار پاش ڕاوێژ لەگەڵ ڕاوێژکەرانی خۆیدا بڕوای بۆ حەقبـوونی خـۆی لە لا دروست ببێت»، عادڵانەیە.

### 3ـ بیر و ڕای فەلسەفی سەبارەت بە جەنگ

**فەیلەسووفانی چینی**. فەلسەفەی چینی تاقە فەلسەفەیەکە بە درێژایی سـەدەکان، چ کات مەدحی جەنگی نەکردووە. کۆنفۆسیووس بە حەیرەتەوە دەڵـێ : «ژەنەراڵـێکی ڕاستەقینە، حەزی لە شەڕ نییە، ڕقاویی نییە و بە هەستیش کار ناکات.»

چینییەکان تا ئەم دواییەش شانازییان بە بێهێزی سەربازیی خۆیانەوە دەکرد و بـە سووکایەتی کردن بە شەڕ، ژیاری خۆیـان بـە باشـتر لـە ژیارەکـانی دیکـە دەزانی. لـە زنجیرە پلەی [کۆمەڵایەتی] سونەتیی چیندا، سەرباز لە خوارترین پلەدا بوو، واتە ڕێک پاش دز.

**فەیلەسووفانی یۆنانی**. لە فەلسەفەی یۆناندا تێگەیشتێکی تازە بـۆ جـەنگ بـەرچاو ناکەوێت. یۆنانیەکان بە گشتی جەنگیان بە بەشێک لـە خواسـتی خوداوەنـدی دەزانی.

---

1ـ Saint Thomas، یەکێ لە دوانزە قەشەی بەناوبانگی کەنێسە.



www.pertwk.com

بەڕای «هێراکلیتووس [1]» جەنگ کەرەسەی خواستی خوداوەندییە، چونکوو [جەنگ] مرۆڤ و خواکان خانەبەندی دەکات: «جەنگ دایکی هەموو شتەکانە. هەندێ کەس دەباتە پلەی خوایەتی و هەندێ کەس کۆیلە و هەندێ کەسی دیکە ئازاد و سەربەست دەکات.» ئەفلاتوون و ئەرەستوو کە بەسەر جەنگدا هەڵنادەن و تەنانەت هەندێ جاریش سەرکۆنەی دەکەن، جەنگ بۆ پاراستنی دەوڵەت شار[2] ـ جەنگەکە هێرشکارانە بێ یان بەرەنگارانە ـ بە ڕەوا دەزانن.

هەردووکیان [لەم خاڵەدا] جەنگ بە کارێکی ئەرێنی و ڕەوا دەزانن. دەوڵەت ـ شار پێش هەموو شتێک ڕێکخراوەیەکی بەرەنگاری و قەڵایەکی کۆییە.

**فەیلەسووفانی نوێ ـ کانت.** ئەگەرچی ڕەتکردەنەوەی چالاکیی جەنگی بە ناچاری لە «بابەتی ڕەها»وە هەڵدەستێ، لەگەڵ ئەمەشدا، کانت ئاگای لە تایبەتمەندی دەرهەستی ئەم چەشنە ڕەتکردنەویانە و بە وردیەکی تایبەتەوە هەل و مەرجی کردەیی دامەزراندنی ئاشتی دەسنیشاندەکات. کانت لە پلانی ئاشتی هەمیشەییدا[3] هەندێ بنەما پێشنیار دەکات کە زۆر لە بنەما پێشنیارییەکانی «ویلسۆن [4]» دەچێ لە نەتەوەیەکگرتوکاندا. زیاد لەوەش پێشنیاری کانت ئەوەیە هاوڵاتیان خۆیان لەسەر جەنگ یان ئاشتی بڕیار بدەن.

کانت پاش ئەوەی ئەم خاڵەش ڕوون دەکاتەوە کە بیری ئاشتی هەمیشەیی، هەموو ناتەباییە تایبەتەکانی چەمکی ئەزەلییەت و ئەبەدییەتی لەگەڵە، دەگاتە ئەم ئەنجامە: «ئاشتی هەمیشەیی، مسۆگەر نابێت، بەڵام دەکرێ تا دواڕادە لێی نزیک ببینەوە.»

**هێگل.** بە زۆری هێگل بە پەسنکاری سڵنەکەری توندو تیژی و جەنگ دادەنرێت. دەکرێ هەندێ لە قسە توندەڕەوانەکانی هێگل بەم چەشنە پاساو بدرێت کە ئەو واقیعی بە بێ داکۆکی [یان ڕەت] کردنەوە، نیشانداوە. بەڵام گومان هەڵناگرێت هێگل داکۆکی

---

2ـ Heraclite (540 ـ 480 پ. ز) فەیلەسووفێکی یۆنانی.

1- Cité

2- Project de Paix Petpetuella

3ـ Thomas Wooden Wilson (1856 ـ 1924) سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە شەڕی جیهانی یەکەمدا.

لەسەر لایەنی ژیارمەندکەری توندوتیژی دەکات. توندوتیژی ئەو چەکەیە کە دەوڵەت پێی بە تەشقی خۆشیاریی دەگات. هێگل ناپلیۆنی تا پێش تێکشکان پەسن دەکرد و وەک «دەرکەوتنی رۆحی گشتی لە شێوەی پیاوێکی جەنگاوەردا» سەیری ناپلیۆنی دەکرد.

جەنگ لای هێگل حەقیقەتێکی ناپەسەندە کە بەهۆی بەدیهاتنی «رۆحی رەها[1]»وە کۆتایی دێت. هێگل زۆر سانا مل بە قەزا و قەدەر دەدات، بۆ ئەو پێویستایەتیەی کە سەرکەوتووان وێنەی دەکێشن مل دەنەوێنێ و حەزێکی سەیری لە رێگەچارەی پڕئازارە.

**ژۆزێف دۆ مایستەر**[2]. ئەو فەلسەفەیەکی بۆ جەنگ دارشت کە لە ئێستەدا تا رادەیەک لایەنێکی کلاسیکی لەخۆگرتووە. هەندێ قسەی زۆر شاعیرانەی ئەو ناوبانگیان دەرکردووە. ئەورۆکەش، جارنەجارێک گەشەی دووبارەی تیۆرەکانی دەبینین. بنەڕەتی تیۆرەکەی بە ئاشکرا لەم دێڕانەی خوارەوەدا هاتووە:

کاتیک رۆحی مرۆڤ، تینی خۆی بە هۆی خوشگوزەرانی، بێ ئیمانی و گوناهەوە، کە یەکێکە لە بەدواهاتەکانی زێدەڕۆیی لە ژیاردا، بدۆڕێنێ، تەنیا لە رێگەی رشتنی خوێنەوە سەر لە نوێ گیانی بە بەردا دێتەوە. بەری حەقیقیی سروشتی مرۆیی، هونەر، زانست، چالاکی مەزن، چەمکی بالا و فەزیلەتی پیاوانە بە تایبەت لە دۆخی جەنگدا دەردەکەون. چما خوێن کوود و خواردنی ئەو رووەکەیە کە ناوی نوبوغە.

شتێکی رازاوی و بەدەر لە وەسف، لەو بابەخە لەرادەبەدەرەدایە کە مرۆڤ بۆ شانازیی سەربازی دایاناوە... کە وابوو جەنگ لە خۆیدا مەلەکووتییە. چونکوو [جەنگ] یاسای خیلقەتە... . مرۆڤ لە هیچ کوێدا بەقەد پانتای جەنگ، هەست بەدەستی خواوەندیی ناکات.

---

1- Esprit Universel a Cheveal.

2ـ Joseph de Maistre (1753 ـ 1821)، نووسەر و فەیلەسووفی فەڕەنسی.



www.pertwk.com

**نیچە.** «خوازیارانی زەبر (Force) لە پێوەندیی نێونەتەوەییدا[1]»دا بە زۆی لە نیچە بەڵگە دەهێننەوە. لە راستیدا بەرهەمەکانی نیچە پڕن لەو تەعبیرانەی کە پەسنی جەنگ دەکەن : «ئێوە دەبێ ئاشتیتان وەک ئامرازێک بۆ جەنگی نوێ خۆش بوێت و کورتماوەترین ئاشتی هەڵبژێرن ... ئێوە دەڵێن پاڵنەری چاک جەنگ رەوا دەکات، برایینە من پێتان دەڵێم شەڕی چاک هەموو پاڵنەرێک رەوا دەکات ...» . رەنجەکانی جەنگ لای ئەو قوتابخانەیەکی باڵان:«شەڕ دەبێ دڵڕەقانە و بێ بەزەییانە بێت بۆ ئەوەی ئەنجامێکی بنەبڕ بەدەستەوە بدات. ئازایی و دڵڕەقی، جەربەزە، فێڵ، مەکر، وشیاری و بە کورتی هێز، تاقە فەزیلەتی پەسندی جەنگن.» تەسلیم بوون بۆ رابواردن و خۆشگوزەرانی، لەمپەرێکی گەورەی بەردەم مرۆڤە. دەبێ فێری رەنجدان و مردن ببین: «شەڕ و بوێری زۆر زیاتر لە خۆشویستنی مرۆڤ، بوونەتە سەرچاوەی گۆڕانکاریی گەورە ... جەنگ تاقیکارییەکی باشە، تاقە کێبەرکێیی بێلایەنانە و عادلانەیە، بە وتەیەکی باشتر تاقە ململانێیەکە هەبێ.» دەبێ پێڕەوی غەریزەی جەنگ بکەین و لە تەسلیم بوون بە ئەقلی سەلیم (common sense) بە دوور بین، چونکوو «غەریزە بەردەوام مرۆڤ بەرەو شتێک هاندەدات کە ژیان چالاکتر دەکات.»

لەگەڵ ئەمەشدا، شاراوەیی زمانی شاعیرانەی نیچە بەزۆریی وەهایە کە لەخۆمان دەپرسین بە راستی ئاخۆ ئەو کاتێک بە سەر جەنگدا هەڵدەدات، مەبەستی ململانێیەکی رۆحی نییە؟ چونکوو نیچە لە بەرهەمەکانی خۆیدا رۆحی کۆیلەیی و داب و بۆنەی نێو سوننەتی پان ژێرمەنیزم بە توندی رەخنە دەکات.

**نەفیکەران.** ئەمانە دوو دەستەن: گروپێک رەخنەی ستایشکەرانی جەنگ دەکەن و هەوڵ دەدەن ئەوە نیشان بدەن کە لایەنی رووخێنەر و پاشکەوتنخوازانەی جەنگ زۆر لە لایەنە ئەرێنییەکانی جەنگ زیاتر و بەهێزترە. گروپەکەی دیکە وەک «ئێراسم[2]»، «رابلە[3]» و بە تایبەت فەیلەسووفانی سەدەی هەژدەهەمی فەڕەنسا ـ جگە ژان ژاک

3- Les bellicistes .

1ـ Erasme (1469 ـ 1536)، (1496 ـ 1536)، ئۆمانیستی هۆلەندی.

2ـ Francois Rabelaise (1494 ـ 1553)، نووسەری فەڕەنسی.

رۆسۆ ـ هەوڵدەدەن بە ناساندنی جەنگ وەک کارەسات یان رووداوێکی گاڵتە جاری و گێلانە، لایەنە پیرۆزەکانی لێ بسڕنەوە. ئەوان زیاد لە سەرنجدانی بابەتەکە خۆی، گاڵتە بە بابەتەکە دەکەن.

ئاگامان لە سەرنجی بەناوبانگ، گشتگر و بالانوێنی ڤولتێرە سەبارەت بە جەنگ: «هەر ئێستای کە من خەریکم لە گەڵ ئێوە ئەدوێم، سەد هەزار هاوچەشنی کلاو لەسەری شێتی ئێمە، خەریکن سەدهەزار حەیوانی پەڕۆ لە سەری دیکە بۆ چەند بست زەوی دەکوژن ... . مەبەست زانینی ئەم بابەتەیە کە ئەم چەند بستە خاکە دەبێتە مڵکی کەسێک بە ناوی سوڵتان یان موڵکی کەسێکی دیکە کە کەس نازانێ بۆ پێی دەڵێن قەیسەر. نزیک بە هەمووی ئەو حەیوانانە، هیچیان هیچ کات ئەو حەیوانەیان نەدیوە کە خەریکن لە بەر ئەو قورگی ئەوانیدی دەدڕن.»

### 4 ـ بیر و رای ئەخلاقی و مافناسانە سەبارەت بە جەنگ

هەر چۆن هەموو کۆمەڵگایەک ـ چەندەش سەرەتایی بێت ـ تیۆرێکی مافناسانەی هەیە، جەنگیش ناتوانێ بە بێ بوونی ڕێسایەکی شاراوە یان دیار، کە دەسپێک و کۆتایی ململانێکان ڕەوا بکات، رووبدات.

**رۆمی کەونارا.** مافەکانی جەنگ هەر لە سەرەتای مێژووی رۆمی کەوناراوە هەبوون. ئەم مافانە لە بنەڕەتدا ڕواڵەتی و بۆنەییە و کۆمەڵێکی تایبەتی قەشە چاودێری بەڕێوەچوونی وردی ڕێساکان دەکات. گرینگ ئەوە بوو جەنگ دەقاودەقی نەریت رابگەیەنرێت، پاڵنەر و بابەتی جەنگ هێندەی ئەو نەریتە گرنگ نەبوو. سەرنج نەدانی ڕێ و رەسمی ڕاگەیاندنی جەنگ، جەنگەکەی ناعادلانە دەنواند، ئەم چەشنە جەنگە شووم بوو و ناکامی و بەدبەختیی لێ دەکەوتەوە.

قڕکردنی شکەست هێناوان و فرۆشتنی بە جیماوان وەک کوێلە، بنەما و ڕێسایەک بووە. «سیلا[1]»، بێ خەم، چوار هەزار زیندانی «سامینت[1]» ی لە «شاندۆمارس[2]»

1ـ Lucius Cornelius sylla (138 ـ 78 پ.ز) دەوڵەتوانی. بوو لە ساڵی 88 پ. ز کرایە باڵیۆز و دەورێکی گەورەی لە شەڕی ناوبراودا گێرا.



www.pertwk.com

کوشت. خەڵکی «ڕگێوم[3]» بە شیر کوژران. ڕۆمیەکان لەشەڕەکانی «پونیک[4]» دا ئۆردووگای «ئاستروال[5]» یان داگیر کرد و هەموو کارتاژیەکانیان کوشت. هەروەها خەڵکی «گۆل[6]»یش ئەوانیان، لە کاتێکدا کە بە مەستی لەسەر کا خەوتبون، کوشت.

سەبارەت بە وڵاتانی ژێردەستی ڕۆم دەبێ بیرمان بێت ئەو وڵاتانە بە چەندین شێوەی جیاواز فەرمانبەر دەکران. بنەبڕترین مافی داگیرکردنی وڵاتان لە تەسلیم بوونی خۆویستەوە هەڵدەستا و بندەست [لەم حاڵەتەدا] جەختی دەکردەوە کە: «من خۆم، شارەکەم، خاکەکەم، ئاوەکەم، خواکەم، پەرستگەکانم، سامانم و هەموو ئەوشتانەی هی خواکانن پێشکەشی ڕۆم دەکەم.»

ڕۆمیەکان گرنگییەکی زۆر بۆ لایەنی مافیانە و شێوەیی ( Formal )ی بڕیارنامەکان قایل بوون. «لاویکۆ[7]» دەڵێ: «بەندەکانی بڕیارە جەنگیەکان بەوردی پێڕەو دەکرا، بە پێی بەندەکانی ئەو بڕیارنامانەی گرێدەدران، بندەستان چارەنوسڕەشانە دەمردن یان بە شادیی خۆیان ڕقی سەرکەوتووانیان لە خۆیان دوور دەکردەوە.»

کارتاژیاکان لە دۆخی یەکەمدا بوون: ڕیکەوتننامەی ئەوان و ڕۆمیەکان ژیان، سامان و شارەکەی دەپاراستن. ئەم حاڵەی دوایی پەیوەندی بە پاراستنی خودی شار و بیناکانی شارەوە بوو کە لە زاراوەی لاتیندا «ئۆرب[8]»ی پێدەوترا. بەڵام چونکوو

---

2ـ Samnites، خەڵکێکی بە ئەسڵ ئیتالی لە ڕەگەزی سابین کە بە دەستی ڕۆمیەکان لەناو بران.

3ـ Le champ de mars، ناوچەیەکی فراوان بە لە فەڕەنسە.

4ـ Rheggium نێوی ناوچەیەکە.

1ـ Pumiques نێوی ئەو جەنگانەیە لە نێوان ڕۆم و کارتاژدا رویدا و بووە هۆی لەناوچوونی کارتاژەکان.

2ـ Asdrubal، نێوی شەش کەس لە ڕێبەرانی لەشکری کارتاژ، دوایین کەسیان سەدەی دووهەمی پ. ز بە دەستی ڕۆمیەکان لە ناو چوو.

3ـ Gaulois، کۆمەڵێک خەڵک بوون لە دەوروپشتی کێوی ئاڵپ دەژیان. ئەورۆکە بەشێکیان لە فەرەنسا و بەشێکیان لە ئیتالیا دەژین.

4ـ Giabattista vico (1668 ـ 1744)، مێژوونووس و فەیلەسووفی ئیتالی.

5- Urbs

رۆمیەکان لەو بڕیارنامەدا زاراوەی سیویتاسیان[1] بەکارهێنابوو کە مانای کۆمەڵی هاوڵاتی یان کۆمەڵگایە، کاتێک بینیان کارتاژیەکان کەناری دەریا جێناهێڵن و بۆ ژیان نایەنە ناو وشکانی، تووڕە بوون و بە ڕاپەڕیو ناوزەدیان کردن، پاشان شارەکەیان رووخاند و، ئاساییشە بە پێی مافەکانی جەنگ شەڕەکەیان بە جەنگێکی ناعادڵانە نەدەزانی.

**مافناسیی جەنگ لای تەورات و ئینجیل.** «مووسا بن مەیموون[2]» ئەم مافانەی بە تەواوترین شێوە دەربڕیوە، ئەگەرچی رای ئەو بە ئاشکرا لە ژێر کاریگەریی رووداوەکانی سەردەمی ژیانی خۆی، واتە لە ژێر کاریگەری ئەوجەنگە فیۆداڵی و ئایینیانەدا بوو کە جاربەجار لە نێوان دەوڵەتە مەسیحی و موسوڵمانەکاندا روویدەدا.

لە کاتی هێرشی چەکدارانەی دوژمندا دەبێ هەموو خەلک بجەنگن، بەڵام لە شەڕی هێرشکارانەدا تەنیا خوازیاران بەشدار دەبن. بەم چەشنە، ئەم فەیلەسووفەی سەدەکانی ناوەراست، ترسی «نارەزایی ویژدانی[3]»ی ـ بەر لەوەی ئەم زاراوە باو ببێت ـ هێناوەتە ئارا.

مووسا بن مەیموون دەڵێ: «دوو جۆر جەنگ هەن: جەنگی پێویست و جەنگی خۆویستانە. جەنگی جۆری یەکەم بۆ پاراستنی خاکی نەتەوەیی و جۆری دووهەمی جەنگ بۆ داگیرکردنی ولاتانە. لە جۆری یەکەمدا پادشا بەکەڵکوەرگرتن لە سەربەستیەکانی خۆی ئامادەی جەنگ دەبێت؛ لە جۆری دووهەمدا هاورایی و سەلماندنی «سان هێدرێن[4]» بۆ پادشا پێویستە. تەنانەت لەم دۆخەشدا هەموو هاوڵاتیان لە سەریان نییە بەشداری جەنگ بکەن. گەلێ هۆ بۆ بەشداری نەکردن لە جەنگدا هەیە کە لە بەندە جۆراوجۆرەکانی سفری تەسنیەدا دەستنیشان کراون. کێ

6- Civitas

1ـ Moise Maimonide (1135 ـ 1204) پزیشک، فەیلەسووف و زانای یەهوودی. بەنیاز بوو ئیمان و ئەقڵ ئاشت بکاتەوە.

2- Objecteurs de conscience

3ـ Sanhedrim، دادگای یەهوودیەکانی پێشوو لە شاری ئۆرشەلیم و، دادوەری تاوانەکان و گرفتی ئیداری دەکرد.



www.pertwk.com

باخە ڕەزێکی درووست کردبێ، خانوویەکی کردبێتەوە یان تازە ژنی هێنابێ بـۆی هەیـە بۆ ماوەی یەکساڵ نەچێتە جەنگ.

هەروەها بەر لە دەستپێکردنی جەنگ لەگەڵ بیانیاندا، دەگەڕان و جاڕیان دەدا کێ لە جەنگ دەترسێ وا باشترە ریزەکان جێ بهێڵێ.

پێش هەڵگرسانی جەنگ دەبێ کار بۆ چاکسازی و ئاشتی بکرێ. ئـەم کـارە زیـاتر چەشنێک قسەبڕینەوەیە و تەنانەت هەندێ مەرجی ئایینیشی لەگەڵە:«ڕەوا نییە هێرش بکەنە سەر هـیچ دوژمنێـک، مەگـەر پێشـتر بـۆ داڕشـتنی ڕێکەوتننامـەی ئاشـتی بـۆ دانوستاندن بانگهێشتتان کردبێت». (سفری تەسنیە، بەشی 20، ئایەتی 10)

ئەگــەر شــەڕیش هەڵگیرســا، دەبــێ ڕێــزی هــەنــدێ بنــەمای نەرمڕەوانــە بگیردرێت:«کوشـتنی ژن و منـداڵان لـە کـاتی چـەپاوی شـاردا، مەمنوعـە.» (سـفری تەسنیە، بەشی 20، ئایەتی 14). وەکی تریش ئەگەر مەرجەکانی ئاشـتی وەربگیرێـت، هیچ دوژمنێک شیاوی سزای مەرگ نییە. (سفری تەسنیە، بەشی 22).

**سەدەکانی ناوەڕاست.** پاش خولێک خوێنڕشتنی بـەردەوام، هێـدی هێـدی و بـە هۆی سێبووری و ملنەدانی کەنیسەوە مافەکانی خەڵک داڕێژران. ئەم مافانە ئەگـەرچی بەردەوام هێرشیان دەکرێتە سەر، خزمەتێکی حاشاهەڵنەگریش دەکەن.

**مافناسان و ئەخلاقخوازان.** ئەم گروپە بێ ئەوەی خۆیان بـە پرسـی چۆنیـەتی یـان چیەتی یان هۆی جەنگەوە خەریک بکـەن، بـە دوای داڕشـتنی یاسـا و ڕێسـایەکەوەن جەنگ بەرەو چەشنێک نەرمڕەوی ببات.

بــێ گومــان گرینگتــرینی ئــەم داب و دەســتوورانە، «داب و دەســتووری ڕۆژە حەرامەکان[1]»ە کە سەدەی یازدەهەم داڕێژرا و پێش هەموو شتێک هەڵـگرتنی چـەکی لە شەوی شەممۆ تا نیوەڕۆی دووشەممە مەمنوع دەکرد تاکوو هەموان بتـوانن ئـەرک و ڕاسپاردەی ئایینی خۆیان بەجێ بێنن. ئەم بڕیارە دواتر بۆ پێنج شـەم تـاکوو دوو شـەم

1ـ Treve de Dieu، پێوەرەکانی مەمنووعیەتی جەنگە فیۆدالیەکان لە درێژەی چەند ڕۆژی هەفتەدا کە سەدەی دەهەم و یازدەهەمی زایینیدا داڕێژرابوون.

درێژ کرایەوە. پاشتر وەلاتانی دوژمنایەتی لە کاتی «ئاوان[1]»، «کـارم[2]» و، «پـانتکۆر[3]»دا پەسند کرا. توندو تیژی و دەستدرێژی لەم رۆژانەدا کفر بوو.

جەنگی بچووکی نێوان گروپی بچووکی هاوزمان و خـاوەن ژیـاری لێکچـوو، دەبـوە هـۆی دامـەزرانی بڕیارنامـە. بـەم بۆنـەوە، لەسـەردەمی فێـودالی ئـەورووپادا گەشـەی بنەماکانی مافناسـیی جـەنگ دەبیـنین، جـەنگ پـەرە دەسـتێنێت و دەبێتـە گەمـەی شازادەکان و وەرزشێکی پڕمەترسی کە تایبەتە بـە ئەشـراف. لـەم چەشـنە جەنگانـەدا گەلێ رەجەز  دەخوێنن، بە لام کوشتن کەم دەبێ. چەنـدین داب و دەسـتوور جـەنگ دەکەنە بەستێنێکی تایبەتەوە و دۆخێکی ماقوولانە و لە هەمانکاتدا شـانۆیی پێـدەدەن. جەوشەن، زرێ و خوودەی قایمی جەنگاوەران وایدەکرد  ـ بێ ئەوەی کەسـان زیـانێکی زۆر بە یەکدی بگەیەنن ـ دەنگ و هەرایەکی زۆر درووست ببێت.

**ماکیاڤێلی.** هەموو خەڵک ئاشنای ئەو رێکارەن کە تیۆرەکـەی  ماکاڤـێلی بـۆ ئـەو کـورت بۆتـەوە:«هـەموو شـەڕێک هـەر ئـەو چرکـەی بـە پێویسـت زانـرا، عادڵانـەش دەبێتەوە.» ماکیاڤێلی بە تایبەت لایەنگری «شەڕی پێشـگرانە»یـە. بـە رای ئـەو، ئـەم جۆرە جەنگە تاقە جەنگی بە حەقیقەت ژیرانەیە.

ماکـیاڤێلی خۆی ئەم «پێویستیە» بە کەمێک شـاراوییەوە روون دەکاتـەوە «دەبـێ بەرگری لە ولات ـ بە بێئابڕوانە بێت یـان ئازایانـە  ـ بکرێـت. هـەموو کەرەسـەکان بـۆ بەرگری چاکن». بۆ ئەوەش کە بە شێوەی پێویست پارێزگاری لە ولات بکرێ، بە زۆری دەبێ لە هێرشەکاندا دەستپێشخەریی بکرێ :«رۆمیەکان پێشتر گرفت و لەمپـەرەکانی داهاتوویان بەدیدەکرد و، بە پێی هەل و مـەرج ئامادەکارییـان دەکـرد و بـۆ دووری لـە

1ـ Avent، رۆژی ئەو کاتەی کە کڵێسەی کاتۆلیک بۆ خۆئامادەکردن بۆ جێـژنی نۆئێـل داینـابوو و چـوار یەکشەممۆ پێش جێژنی نۆئێلی دەگرتەوە.

2ـ Careme (چلەمین رۆژ) ماوەی بە رۆژوبوون و، پارێز و چلەگرتنی کاتۆلیکەکانە.

3ـ Pentecate (پەنجاهەمین). ئەم رۆژە یادی هاتنەخوارەوەی دەستوورەکانە بۆ مووسا. مەسـیحییەکان پەنجا رۆژی دوای جێژنی پاک ئەم جێژنە دەکەن و باوەڕیان وایە رۆحی پیرۆز لەم رۆژەدا لە حەواریـەکـان ئاشکرا بوو.



www.pertwk.com

جەنگ چکات نەیاندەهێشت بارودۆخەکە شپرزەتر بێت. ڕۆمیەکان دەیانزانی جەنگ شتێکی ناچارییە، بەڵام لایان وا بوو هەمیشە دەستپێشخەری لە دوژمن جەنگی دوا دەخست.»

ماکیاڤێلی لە هەندێ دەستە وشەی زۆر ڕوونتردا بیروڕای خۆی سەبارەت بە داب و دەستووری مرۆیی دردەبڕێ :«شازادەیەک ... ناتوانێ هەموو فەزیلەتەکان بە بێ بەکارهێنانی سزا پێڕەو بکات، چونکوو پێویستیی پاراستنی خۆی بەزۆری ناچاری دەکات سنوورەکانی داب و دەستووری مرۆیی، هاوچەشندۆستی و ئایین ببەزێنێت.» پاش ماکیاڤێلی و تا سەرەتای سەدەی نوزدەهەم، بیروڕای تیۆلۆگ و مافناسان لە ئارادا نییە.

**کلاوزویتس**[1]. ئەو وەک شیکاری مەبەست، کەرەسە و هەموو لایەنەکانی جەنگ ناسراوە. کلاوزویتس بینینخوازە (observationist) و بینینە بێڕەحمانەکانی بە دەگمەن دادوەریی شتەکان دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو وەک مارکس و داروین، یەکێکە لە سەرنجڕاکێشترین سیماکانی سەدەی نوزدەهەم. بەڕای ئەو، بەربڵاوی خۆبەختکاریەکانی نێوجەنگ، پاساوی ئەقڵانیی جەنگە: بەم پێیە، دەبێ پڕ و بە هەموو تواناوە بجەنگین. لە جەنگدا ئەوە دوژمنە ئەمر دەکات، کەوا بودەبێ بەردەوام بۆ دەستپێشخەری لە خۆبەختکاریدا ئامادەبین. ئەو دەڵێ ئامادەیی چینێکی جەنگاوەر پێویستە، بەڵام ڕاهێنانی سەربازان گەلێ پێویسترە. «چونکوو، ورەی سەربازی ڕەنگە بە هەندێ نەریت یان یاسا بپارێزرێت، بەڵام تەنیا جەنگ دەتوانێ وەها ورەیەک بەدیبێنیت.» لە پێشبوونی سیاسەت بنەمایەکی گرنگی بیری کلاوزویتسە؛ بەڕای ئەو ئەرتەش بە تەنیا کەرەسەیە. «لە ڕاستیدا، جەنگەکان ... دەرکەوتە و ڕەنگدانەوەی سیایەتن. نابێ سیاسەت بکرێتە پێڕەوکەری جەنگ، ئەم کارە هەڵەیە، چونکوو هۆکاری سیاسی جەنگی هەڵگیرساندوە. هۆکاری سیاسی توانای وشیاریی هەیە: جەنگ تەنیا هەر کەرەسەی سیاسەتە. ئەم هاوکێشەش پێچەوانەکەی ڕاست نییە. کەوابوو تاقە ڕێگا

---

1ـ Karl von Clausewitz (1780 ـ 1831)، ژەنەڕاڵ و تیۆروانی لەشکری. خەڵکی پرووسە و پاش جەنگ دژی ناپلیۆن ئاکادێمیەکی لەشکری لە بەرلین کردەوە.

ئەمەیە کە روانگەی سەربازی پیرەوی روانگەی سیاسی بکات.» ئەرتەش ئامرازی سیاسەتە و گرنگایەتیەکی زۆری هەیە، چونکوو رۆحی کۆمەلایەتی زیاد لەهەمو جێگەیەک لە جەنگدا دەردەکەوێت: «جەنگ لە داوێنی سیاسەتی دەولەتێکدا گەشە دەکات و بنەماکانی وەک خووەکانی تاکێک کە لەنێو منداڵاندایە، لە سیاسەتی دوەڵەتدا شاراوەتەوە.»

کەوابوو «دەبێ بە هەموو هێزێکی نەتەوەوە جەنگ بکرێت.» بەم چەشنە، کلاوزویتس تایبەتمەندیەکانی شەرێکی تەواو (perfect) دەسنیشان دەکات: کەچی هەر لە بەر ئەمەیە کە «شەڕ کردەیەکی پڕ توندوتیژییە کە گرژیەکەی تا ناکۆتا درێژ دەبێتەوە ... بەشداری لە ململانێیەکدا کە ئەگەری سەرکەوتنی هەر دوولایەن تێیدا یەکسانە، گێلێتیەکی پڕمەترسیە ... حەز لە نەهێشتنی دوژمن بنەڕەتی بیری جەنگە: سەرکەوتن مانای تێداچوونی دوژمن ...»

**5 ـ تیۆری کۆمە ڵناسانە**

هەموو ئەم تیۆرانە بنەمایەکی هاوبەشیان هەیە، واتە هەموویان جەنگ بە دیاردەیەکی «سروشتـــی» ـ بەو واتای دۆرکیم مەبەستی بوو ـ ژیانی مرۆڤ دەزانن. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم تیۆرانە لە بواری چۆنیەتی بەدیکردنی داهاتوودا جیاوازن: بە گشتی، تاقمێک ـ کە ئێمە بە«گەش بینان» ناویان دەبەین ـ لایان وایە جەنگەکان بەرهەمی بونیادی کۆمەلایەتین و دەبێ بە هیوا بین و رۆژێک بەدیبکەین ئەم بونیادە بگۆڕدرێت. تاقمێکی دیکە، «رەش‌بینان»، لایان وایە جەنگ دیاردەیەکی ئەبەدی و بە زۆریش بەسوودە.

**تیۆری گەشبینانە ـ «سەن سیمون»**. بە پێی ئەم تیۆرانە، لەگەڵ دەرکەوتنی سەردەمی پیشەسازیدا، جەنگەکانیش کۆتاییان دێت: «پیشەسازی دوژمنی جەنگە، دەسکەوتی سەربازی دەسکەوتی پیشەسازی تێدا دەبن. «لە سەردەمی کۆندا خەڵک دەجەنگان و پاش جەنگ کۆیلەیان دەگرت و بۆ چاککردنی ژیانی خۆیان بە کار دەهێنا.»



www.pertwk.com

لەکاتێکدا خەڵکانی نوێ خۆیان بەرهەمهێنەرن. کەوابوو جەنگ یان ئاشتی گرێدراوی پیشەسازییە. سیستەمی پیشەسازی کە تێیدا تاکەکان لە بەری بەرهەمهێنانی خۆیان دەخۆن، بەهۆی وەرچەرخانێکی مێژوویەوە جێگەی سیستەمی فیۆداڵی و سەربازی دەگرێتەوە، ئەو سیستەمانەی کە تێیاندا ژیان و مانەوە، کەم تا زۆر، ڕاستەوخۆ لەسەر تاڵان وەستاوە.

**ئۆگۆست کۆنت.** ئەو سەرەتا هاوکاری سەن سیمۆن بوو، [بەڵام] لێی تێپەڕی و پەرەی بە تیۆرەکانی سەن سمیۆن دا. کۆنتیش جەختی لەسەر جیاکاریی نێوان قوناغی سەربازی و پیشەسازی کرد. چالاکی مرۆیی تەنیا دوو مەبەستی هەیە: داگیرکردنی وڵاتان و کاریگەری لەسەر سروشت یان بە وتەیەکی دیکە لە سەر بەرهەم هێنان؛ «ئەو کۆمەڵگایەی بۆ گەیشتن بە یەکێک لەم مەبەستانە ورد ڕێک نەخرابێ، کۆمەڵێکی سەرگەردان و بێ شوناسە: سیستەمی کۆن مەبەستی سەربازی هەبوو، سیستەمی نوێ مەبەستی پیشەسازی پیڕەو دەکات.» کۆنت بە پێی «یاسای سێ قوناغەکی» خۆی، یاسایەکی بۆ گۆڕانکاری جەنگ دانا: یەکەم، جەنگ بۆ جەنگ و بە پێی پێویست: کۆمەڵگای سەرەتایی نەیاندەتوانی دەستوور و قوتابخانەیەکی جگە لە قوتابخانەی جەنگ فێربن. جەنگ کۆیلەداریی سانا کردەوە و بەم کارەش پیشەسازیی بەدیهێنا؛ بەم پێیە، سەربازیگەری شتێکی ناچاری و پێویست بوو. دوهەم، جەنگ هەیە، بەڵام گرێدراوی سیستەمی پیشەسازی نوێ و باوە و هاوکاتی گەشەی پیشەسازی پەرە دەستێنێ. (کۆنت خەساری جەنگەکانی ئێستە بەڕێژەی پێشوو بە کەمتر دەزانێ. چونکوو لای وایە لە ئێستەدا هەموو خەلک بە شێوەیەکی بنەبڕ لەشەڕدا ئامادە نابن. هەروەها ئەولای وایە بە هاتنە ئارای ئەرتەشی هەمیشەیی لەباتی گەریلا و جەنگاوەرانی فیۆداڵ، ڕۆحی سەربازی لاواز دەبێت). سێهەم خاڵ: پیشەسازیبوونەوە، دەبێتە هۆی نەمانی جەنگ.

دەتوانین ئەم بەدیکردنانە و بیروڕاکانی سسپێنسێر، کە لەسەردەمی ئێمەدا پێچەوانەکەیان سەلماوە، تەنیا بە کەنینێکی تاڵەو بخوێنینەوە. وەک دیارە لەسەردەمی ئێمەدا دەرکەوتنی پیشەسازی بۆتە هۆی پەرەگرتنی جەنگ و هەموو خەڵک گیرۆدەی

جەنگ دەبن. پیشەسازی چۆتە خزمەتی سەربازیگەری و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر خزمەتی جەنگ و ئامادەکاریی جەنگی دەکات.

**هێربێرت سپێنسێر.** ئەویش وەک کۆنت، خزمەتەکانی جەنگ بۆ شێوەگیریی جیهان و هەروەها بەرهەمە کارەساتاویەکانی جەنگ لێکدەداتەوە. هەموو شتێک خزمەتی ئەم مەبەستە دەکات: لە کۆمەڵگایەکی سەربازیدا، کەسانی پشتەوەی بەرەی جەنگ ناچارن ژیانی جەنگاوەران دابین بکەن و بەمکارە ئەوانیش یارمەتی جەنگ دەدەن. چەشنی سەربازی، ئەگەرچی بەراوەرد بە چەشنی کۆمەڵگای پیشەسازیی پلەیەکی خوارتری هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا بە هەمان ڕادە پێویستە، چونکوو چەک لە ئامراز لە پێش بووە و ئەگەر سەرەتا چەک نەبوایەت، هیچ ئامرازێک دانەدەهات. شێوەگیریی جیهان لە شێوەی دەوڵەتەکان یان بە وتەیەکی دیکە [لە شێوەی] کۆمەڵگا گەورەکاندا، تەنیا لەڕێگەی هێزەوە و بەرەبەرە دەستەبەر بووە. بێ بەکارهێنانی هێز، جیهان بە شێوەی گرووپی خێڵەکی و ڕەشماڵنشین دەمایەوە و ئەو کۆمەڵگا مەزنە نوێیانەی ڕێگە بۆ گەشەی زانست و پیشەسازی دەکەنەوە، درووست نەدەبوون.

ئەمە پوختەی ڕای سپێنسێرە، مادام بەربەریەت و ژیاری سەرەتایی هەیە، ئەرکی جەنگ تێدابردنی کۆمەڵگای لاواز و لابردنی ناتوانەکانە لە کۆمەڵگا بەهێزەکان. بەڵام کاتێک کۆمەڵگا بە ڕادەیەکی گەشە گەیشت، شەڕ دەبێتە سەرچاوەی دواکەوتوویی، چونکوو «ئاساییە بە هێز و تواناترین کەسان [بۆ جەنگ] هەڵدەبژێردرێن و دەکەونە بەردەم مەترسیی مەرگ و ئەو کەسانەی لە لایەنی جەستەییەوە لاوازترن بۆ زاوزێ بەجێ دەمێنن.»

**تارد**[1]. بەڕای ئەو، جەنگ «میتودێکی کارەساتاوی و نائەبەدیی ململانێی کۆمەڵایەتیە.» جەنگ بەری دو بەراوەردی کۆییە کە پێکەوە لە ململانێدان: «ئیرادەی کەڵەکەبووی دوو نەتەوەیە کە لە دواییدا لە دوو ئەرتەشدا دەجەنگن.» و بۆ چارەسەری ئەم لێکدژیانە لە جەنگدا تەنیا یەک مەرج هەیە: «کاتێک هاوکات پرسێک بۆ هەندێ

1ـ Gabriel de Tarde (1843 ـ 1904) کۆمەڵناسی فەڕەنسی.



www.pertwk.com

لەخەڵک دێتەئارا، هەموو ئەو کەسانەی ویستی هاوبەشیان هەیە بۆ بەدیهێنانی ئەو ویستە هەوڵدەدەن و هاوکات لەم چونیەکی و یەکیەتیە بەئاگا دێنەوە.»

بەڵام جەنگ لەخۆدا هیچ شتێک بەدیناهێنێت: هیچ جەنگێکی گەورە نەبۆتە هۆی پێشکەوتنی بنەبڕ لە تەکنیکی سیستەمدا!... پیشکەوتن لە هەموو زەمینەیەکدا نەک بەری ململانێ، خەبات یان تەنانەت مشتومڕ، بەڵکوو بەری ئەو بیرە سەرنجڕاکێشانەیەکە لە مێشکی وریا و بەرجەستەی سەردەمی خۆیاندا گەشەیان کردووە. پێشکەوتن لە هەموو بوارەکاندا بەری بیرکردنەوەیە نەک ڕوبەڕوبونەوە. پێشکەوتنی تەکنیکیی سیستەم بەری «ململانێ نییە بەڵکوو قەرزداری داهێنانی پیشەسازی، هونەری و هتدە. جەنگ نە شتێکی داهێناوە و نە زەمینەی بۆ داهاتنی هیچ شتێک خۆش کردووە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، بەری بەگەشە گرتووە. جەنگ تەنیا بیری بەکارهێنانی ئەو بەرهەمانەی لە بواری تەقەمەنی و تاکتیکدا بزواندووە ... جەنگی زەریایی سەردەمی کەونارا و سەدەکانی ناوەڕاست گەلێ ناوگانی زەریایی تێدابردووە، بێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەک لە جۆری کەشتیە جەنگییەکاندا بەدیبێنێت.»

بەڵام جەنگ خۆی، «کەم تا کورتێک بەقەد کار و زیاد لە ئەشق و هونەرە جوانەکان و، زۆر زیاتر لە وەحشیگەری گۆڕانی بەسەردا هاتوە. لە هەموو خولێکدا، جەنگ بەتەواوی دەگۆڕێت: لە لایەنی کەرەسەی جەنگییەوە بێت یان لە لایەنی مەبەستی جەنگەوە.»

**مارکس و مارکسیستەکان.** ئەگەر بمانەوێ تیۆرەکانی مارکس و لایەنگرانی سەبارەت بە جەنگ بە کورتی باس بکەین، بەر لە هەموو شتێک دەگەینە بیریکی بنەڕەتی کە بناغەی بەدیکردنەکانی «گراکوس بابۆف[1]» بوو: «تەنیا یەک جەنگی ئەبەدی هەیە، جەنگی هەژاران دژی دەوڵەمەندان». ئەمە هەمان جەنگی ئەبەدی و هەمیشەیی چینایەتییە.

---

1ـ Gracchus Baboeuf، (1760 ـ 1797)، شۆڕشگێڕێکی فەڕەنسی.

دووهەمین هەڵوێستی مارکسیزم بۆ جەنگ، پێملبوونە بە تیۆری «جەنگی بەرپەرچدەرانە[1]» ی ماکیاڤێلی و تێکەڵکردنی ئەو تیۆرە لەگەڵ چەمکی خەڵەتاندنی ڤۆلتێر. ئەو چینەی دەسەڵاتی هاندانی هەست و خوستی نەتەوەیی و ئایینییان بەدەستە، خەڵک لە جەنگی چینایەتی دەگێڕنەوە. لەوکاتەدا قوتابخانەی مارکس ـ بە پێچەوانەی قوتابخانەی رۆدۆن ـ ئینتێرناسیۆنالیست و دژەسەربازیگەری بوو.

سەرەڕای ئەم بڕوایانە، جەنگ خۆی پاساو دەدرێ و ئەویش پاساوێکی ناسراوی سوسیالیستەکانە کە بە پێی ئەو رەگی ناکۆکی و کێشەی چەکدارانە، ململانێی ئابوورییە. ئەمە روانگەیەکی زۆر گرینگە کە رەهەندێکی بنەڕەتی و دانەبڕاوی پێکدادانی چەکداری بەرجەستە و ئاشکرا دەکات.

**تیۆری «رەشبینانە».** لە نێو رۆنەرانی ئەم تیۆرەدا هەندێ پەسنکاری حەقیقی دەبینین کە بە دڵخۆشییەوە رادەگەیەنن جەنگ بەرەبەرە گەورەتر و جوانتر دەبێ.

«ئار، ئێس، ستێنمێتز[2]»ی داکۆکیکەری زانستیی جەنگ، یەکێکە لەم پەسنکارانە: «جەنگ تەواو نابێت و، نابێ تەواویش بێت.» ستێنمێتز تا رادەیەک هەمان وتەکەی هێگل دووپات دەکاتەوە: «سەرکەوتن لە جەنگدا، زادەی توانای راستەقینەی نەتەوەکان بووە.» جەنگ شێوازی بنەڕەتی هەڵبژاردنی کوێی چاکترە. ئەم شێوەی هەڵبژاردنی چاکتر، تایبەتی مرۆڤە و هەر بۆیەش: «جەنگ پێوەری هەڵسەنگاندنی نەتەوەکانە. ناتوانین بەزەییمان بە بێ هێزاندا نەیەتەوە، بەڵام هەرچی بکەی بەهێزەکان جێگەی ئەوان دەگرنەوە.»

«ئیزۆلە[3]» دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە هێز و فەزیلەت هاو واتای یەکترن. کەوابوو، بێهێزان واتە ئەو کەسانەی بێ ئەخلاقن، بە جەنگ لە پانتای جیهان دەسڕدرێنەوە و جەنگیش، بە حەتمی شتێکی ئەخلاقییە. هۆکارێکی وەک کارلێک و یەکگرتن،

---

2ـ La Guerre de diversion، بەرگرتن بە هێرشی دوژمنی لە رێگەی هێرشکردنە سەری لە قۆڵێکی دیکەوە.

1- R. S. Steinmetz
2- Isoulet.



www.pertwk.com

دەبێتەهۆی وەرچەرخانی ئۆرگانیزمەکـان و گەشـەی وشـیاریی کۆمەڵایـەتی، زانسـتی، پیشەسازیی و ئەخلاقیی مرۆڤ.

هەڵدانی «ژێرژ سێرۆل[1]» وەک ستایشی جەنگ لای نیچە یان بە وتەیەکی راسـتتر ستایشی ململانێ، تا رادەیەکی زۆر رەگی لە نەفرەتی ئەودایە لـە ئـەخلاقی مەسـیحی، ئـەو ئەخلاقـەی بـەڕای ئـەو لەگـەڵ زینـدەوەرزانی ناتـەبایـە. ژێـرژ سـێرۆل خـەباتی جەماوەری، شەڕی ناوخۆ بۆ نەهێشتنی سەرمایەداریی و، شەڕێکی بـێوەسـتان کـە بـۆ نەهێشـتنی مەسـیحییەت بێـت، پەسـند دەکـات. بـە رای ئـەو، جەوهـەری هـەموو کۆمەڵگایەک ئوستوورەکانی ئەو گۆمەڵگایە، ئەو ئوسـتوورانەی کـە بـە تایبـەت رۆحـی جەنگ‌خوازانـەی جـەماوەر پـەروەردە دەکـەن. لـە نێـوان جـەنگی نـاوخۆ و جـەنگی دەرەوەییدا، جیاوازییەکی زۆر نییە : «مانگرتنێکی گشتی دەتوانێ بە باشـی بگۆردرێـت بۆ جەنگێکی ناپلیۆنی.»

گۆمپلۆویچ[2]، جەنگ‌خوازیی تیۆریک تا تەشق دەبات و بڕواکەشی هیچ نییە جگە لە بانگێشتێکی بە عەزرەت بـۆ جـەنگ: «هەڵـەی گـەورەی دەروونناسـیی تـاکی ئەوەیـە گریمـانی ئـەوە دەکـات مـرۆڤ بـیر دەکاتـەوە و سـەرچاوەی بیریشـی ئـەو ژینگـە کۆمەڵایەتیەیـە تێیـدا دەژی.» ئـەو لای وایـە نـەفرەتێکی جـەوهـەری و ئەبـەدی لـە پێوەنـدیی نێـوان گروپەکاندایـە: کـەوابوو، خـەباتێکی ناچـاری و مـەرگاوی لـە نێـوان گروپەکاندایـە. هـەموو شـێوە و دامەزراوەیـەکی کۆمەڵایـەتی زادەی جـەنگن. رەگـی دەوڵەتەکان لە کۆبوونەوەی ئەو گروپانەدایە کە توانیویانە بە سەر گرووپـەکانی دیکـەدا زاڵ بن و کردوویاننە بندەستی خۆیان. رەگی مافەکان لەو کۆمەڵە دەستوور و رێسادایە کە گروپی رێبەر بۆ زاڵێتی و چەوساندنەوەی گرووپی بندەست، دایدەڕێژێ.

توێژ بەندی و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی رەگی لە گۆرینی [گروپی] سـەرکەتودایە بۆ چینی ئەشراف.بەم پێیە، هەموو رێسا زۆرەملیەکـانی رەفتـار و هەڵـسوکـەوت زادەی جەنگ و گرێدراوی جەنگن.

---

1ـ George Sorel (1847 ـ 1922)، کۆمەڵناسی فەڕەنسی.

2- Gumplowicz.

دەبێ ئەم پەسنانە، پێداهەڵدانی کۆمەڵناسانیشی پێ زیاد بکرێت کە پڕاوپڕە لە قەدەرگەرایی و بێڕەحمی «بیۆلۆژیک»ی زادەی بەکارهێنانی بنەمای داروینیی ململانێی مانەوە و هەڵبژادنی چاکتر. هەندێ کۆمەڵناسی وەک «لۆدانتێک[1]»، «کێنتۆن[2]» و هتد، هەندێ دیاردەی دوژمنکارانە دەخەنە پێش هەندێ دیاردەی وەک هاوکاری و دابەشکردنی کار، کە بێ گومان دەورێکی گرنگتر لە کۆمەڵگادا دەگێڕن[3].

1ـ Felix Le Dantee (1869 ـ 1917)، زیندەوەرزانی فەڕەنسی.
2ـ Rene Quinton (1867 ـ 1925)، فیزیۆلۆژیستی فەڕەنسی.
3ـ لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە لەم چەند لاپەڕە کورتەدا نەدەگونجا، هەر بۆیە تەنیا بەناوبانگترین بیروڕاکان باسدەکەین.



www.pertwk.com

# بەشی دووهەم

**دیاردەی جەنگ**: **دیاری کردنی سنوور و پێناسە**

بێگومان لێرەدا مەبەستمان تەنیا بەدەستەوەدانی پێناسەیەکی کاتیە بـۆ دیـاردەی جەنگ. ئەم پێناسە دەبێ ڕێگە بۆ دیاریکردنی سنوورەکانی پانتای لێکۆڵـینەوە خـۆش بکات و لە هەمانکاتیشدا گشتگر و ورد بێت. پێناسـەی جـەنگ، پێویسـتی بـە ناسـینی تـەواویی دیـاردەی جەنگـە، بـەڵام ئێمـە ئـەم دیـاردە بـە باشـی ناناسـین، کـەوابوو لێکۆڵینەوەکەمان بۆ ناسینی نیشانە تایبەتەکانی ئەم دیاردە کورت دەکەینەوە.

وا بـاوە جـەنگ لـە کۆمەڵـە دیاردەیـەکی لێکـدژ و هاوکـات خـەریکی ململانێـدا بتوێننەوە و بە حاڵەتێکی تایبەتی خەباتی یوونیوێرساڵی دابنێن. بەڵام گشتیبوونی ئـەم چەمکە لە باتی ئەوەی پرسەکە روون بکاتەوە لێڵتری دەکات.ئەگەر بـەردەوام چـەمکی خەبات بگشتێنین، لە ئەنجامدا ئەم چەمکە گەلێ کـردەی جۆراوجـۆر دەگرێتـەوە. بـۆ نموونە دەتوانین بڵێین کردەی هەرسکردن، خەباتی گەدەیە لەگەڵ خواردەمەنیـەکان، کێڵان خەباتی وەرزێرە لەگەڵ زەوی، توێژینەوەی زانستی خەباتێکە لە نێوان خوێندکار و زانستدا، هەروەها وشەی «خەبات» زۆرجاران لەگەڵ وشەی «هەوڵ دان» بە یەکسان دەگیرێت و گرفت لەگەڵ دوژمن یەکسان دەکرێت.

یەکەمین جیاوازی نێوان جەنگ و شێوەکانی دیکەی خەبات ئەوەیە کە شـێوەکانی دیکەی خەبات دژی شتی بێ جووڵە یان بێ ئاوەز ڕوودەدەن. بە پێچەوانـەوە، جـەنگ گرێـدراوی بـوونی دوژمنێکـی چـالاک و ڕێکخـراوە و گرێـدراوی کـردەی بەرامبـەر و

ئیرادییە. ئەم شاراوەییە تا رادەیەکی زۆر رەگی لە تیۆرەکانی داروین و لامارکدایە سەبارەت بە گەشەی چەشنەکان، چونکوو ئەوان بەگشتی ئەو کۆمەڵە لەمپەرە لەبەر چاودەگرن کە چەشنێک گیانلەبەر دەبێ بۆ مانەوەی خۆی بە سەریاندا زاڵ بێت.

بەڵام شێوەکانی خەبات و لێکدژی بێ ئەژمارن و هەر لەبەر ئەمەش دەبێ چەمکی جەنگ بەئاشکرا لە شێوە تایبەت یان وێناکراوەکانی دژایەتی جیا بکرێتەوە. بۆ دووری لە هەر چەشنە شاراوەییەک پێویستە میتۆدێکی ئەقلانی پیڕەو بکەین کە بریتی بێ لە دیاریکردنی سنوور و دابەشکردنی دیاردەی جەنگ بەسەر هەندێ بەشدا کە قابیلی خوێندنەوە بن. لە رواڵەتدا سەرنجڕاکێشترین چۆنێتی دیاردەی جەنگ، کۆیبوونی جەنگە. هەر بەپێی ئەم چەمکەشە کە دەبێ جەنگ لە کردەی توندوتیژانەی تاکەکەسیی جوێ بکرێتەوە. بەڵام ئاخۆ بۆ ئەوەی ناکۆکییەک لە شێوەی تاکەکەسی تێپەڕێت و شێوەیەکی کۆیی لە خۆ بگرێت، زیاد کردنی یەک دوو هەزار یان 10000 کەسی دیکە داد دەدات؟ هەموو شتێک گرێدراوی دۆخ و هەڵسەنگاندنی بە ناچار دڵخوازە. هەندێ نووسەر لایان وایە ئەم شاراوەییە دەریدەخات کە بەراوردی جەنگ و تاوانی تاکی چەندە سانایە، چونکوو زەنجیرەیەک قۆناغی گواستنەوەیی لە نێوان ئەم دوو دیاردەدا هەیە.

کەوابوو، وا باشترە سەبارەت بە بەربڵاویی گروپگەلی ئامادەی نێو روبەڕوبونەوەیەکی جەنگی، بە پێوەرێکی نەرم و بگۆڕتر قایل بین. ئەم گروپانە دەتوانن زۆر گەورەبن ـ وەک ئەو دۆخەی لە ئیمپراتۆریەتی رۆم، چینی کەونارا، یان دەوڵەتە گەورەکانی ئێستادا دەیبینن. بەڵام ئەم گروپانە دەشتوانن ـ بێ ئەوەی خەباتی چەکدارانەیان بە هۆی بچووک بوونەوە تایبەتمەندی جەنگ بدۆڕێنێ ـ زۆر بچووکیش بن. چونکوو دوو نیشانەی گرینگی دیکە، جەنگ لە خەباتی گشتی و تاوان جوێ دەکاتەوە. توخمی زەینی، واتە مەبەست و، توخمی سیاسی، واتە رێکخستن.

شەڕ بە کردەوە خزمەتی بەرژەوەندی دەستەیەکی سیاسی دەکات، لە کاتێکدا توندوتیژی تاکەکەسی خزمەتی بەرژەوەندی تاک دەکات. بەڵام لێرەشدا دەبێ بەهەندێ ناتەبایی ورد پێمل بین. ناتەبایی یەکەم ئەوەیە کە چوارچێوەکانی مافی

تاکەکەسی و مافی گشتی بەزۆری دەگۆڕین. لە هەندێ وڵاتی وەک ژاپۆنی پێش تەسلیمی بێ مەرجی ساڵی 1945 دا، جەنگ لانیکەم لە لایەنی تیۆریکەوە، بەکێشەیەک دادەنرا کە لە پانتای مافی تاکەکەسیدا بوو و پەیوەستی بنەماڵەیەکی سەڵتەنەتی بوو کە بەرژەوەندیەکەی لەلایەن نەتەوەوە دابین دەکرا. لەسەدەی حەفدەهەمدا بەرگی سەربازی بە «بەرگی تایبەتی خزمەتکاران»ی پادشا دادەنرا. دووهەمین ناکۆکی و ناتەبایی ئەوەیە کە بەزۆری جیاکاری نێوان جەنگ و پاڵنەری جەنگ گەلێک دژوارە. دەکرێ بڵێین پاڵنەرەکان لە چەشنی تاکی یان لانیکەم لە چەشنی وتەزاگەلی دەروونناسی تاکین، لە کاتێکدا ئەنجامی جەنگێک بە شتێکی کۆیی دەژمێردرێت. بەڵام زۆرجار هەیە کە جەنگ ـ تەنانەت گەورەترین جەنگەکانیش ـ تەنیا زادەی پەرەگرتنی لەرادەبەدەری دژایەتیی نێوان کەسانە و بەرەبەرەش گروپی دیکە بەتەواو گیرۆدەی ئەو دژایەتیە دەبن. لە ئێستەشدا هێشتا رەفتاری خراپ لەگەڵ کەسان، بەزۆری دەتوانێ پاڵنەریان بیانووی هەڵگیرسانی جەنگی گەورە بێت.

لە کۆتاییشدا، جەنگ بە تایبەت تایبەتمەندییەکی مافناسانەی هەیە، تەنانەت هەندێ کەس وتوویانە جەنگ بڕیارنامەیەکی حەقیقیە. چونکوو هیچ جەنگێکی راستەقینە نابێ، مادام لە لایەن رێسایەکی کەم تازور تایبەت و مافناسیەکی رەسمی یان عورفیەوە بەڕێوە نەچێت. جەنگ وەک هەندێ نووسەر وتوویانە ـ زیاتر مانای «دۆخێکی جەنگی» یە. واتە خولێک کە تێیدا رێسایەکی مافیانەی تایبەت بەڕێوە دەچێ و جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەو شتەدا هەیە کە «هابز[1]» ململانێی هەمیشەیی (جەنگ لە هەموو شوێنێکدا دژی هەموو زیندەوەران) یان جەنگێکی بەردەوامی پێ دەڵێت. تەنانەت دەتوانین خولی جەنگی درێژماوەی بێپێکدادان وێنا بکەین: جەنگەکانی سەدەی نۆزدەهەم بۆ دامەزراندنی بنکە یان ئەو دۆخەی مانگی سپتامبر 1939 تا مانگی ئاڤریلی 1940 بەسەر بەرەی فەرەنسە ـ ئاڵماندا زاڵ بوو و ناوی «جەنگی سەیر»ی لێنرابوو، نمونەی ئەو چەشنە جەنگەی دواییە.

---

1ـ Thomas Hobbs (1588 ـ 1679) فەیلەسووفی بەناوبانگی ئینگلیزی.



www.pertwk.com

خوێندنەوەی دوئێل یان شەڕی دەستەویەخە و ئەو ریسایانەی بەسەر ئەم جەنگەدا زاڵن، هەندێ لایەنی رسکان و دەوری جەنگمان بۆ روون دەکاتەوە. جەنگی دەستەویەخە (دوئێل) ململانێیەکی دەرفەتدارە: دووکەس کە لێکڕەنجاون یان لایان وایە ناکۆکییەکی بێدەرمان لێک جیایان دەکاتەوە، لەباتی ئامبازبوون یان کوشتنی ناجوامێرانە، خیانەتکارانە و فێڵبازانەی یەکتر، رێکدەکەون ئەم شەڕە دوابخەن و ململانێیەکی رەسمی و خاوەن رێسا بکەن. هەر وەک جەنگ کە گروپ یان رێبەرانی گروپ بەر بە خواستە جەنگخوازەکانی خۆیان دەگرن تاکوو بە تەنیا لە کاتێکی تایبەت و بە پێی رێسایەکی تایبەت ئەو خواستانە دەربڕن. لە نێوان لایەنی حەقیقیی رەوتی جەنگ ـ کە دەیەوێ کوتایی بە کێشەیەکی خاوەن پاڵنەری پێشتر دیاریکراو بێنێ ـ و دۆئێلدا گەلێ لێکچوون هەیە. بەم پێیەش، دۆئێل ئیتر دەرکەوتنی ویستێکی دوژمنکارانە یان روخێنەرانە نییە، بەڵکوو میتۆدێکە بۆ دەربڕینی حەق: خوا ئەو کەسە سەردەخات کە هەقی بەدەستە. لە مافی نێونەتەوەیی ئیستادا دەوترێت دەوڵەتان ئەو کاتەی هێزێکی دادوەریی لێهاتوویان نەبێت کە بتوانێ ناکۆکیەکانیان چارەسەر بکات بە ناچاری بەرەو ململانێ دەکشێن. هەلپەرستان بە زۆری پاش جەنگ کۆدەبنەوە تاکوو بەدواهاتی مافناسانەی ئاکامی جەنگ دیاری بکەن (وەک کۆنگرەی بێرلین ساڵی 1878). بارودۆخەکە بە چەشنێک دەچێتە پێش چما ئەندامانی کۆنگرە لە رێکەوتنێکی پاڵەکیدا لەسەر دۆئێلێک رێکەوتوون و بۆ گۆڕینی بەدواهاتە مافناسانەکانی چاوەڕێی ئەنجامی دۆئێلەکە دەکەن.

بە پێی ئەم روانگە جۆراوجۆرانە، گەلێ پێناسە بۆ جەنگ پێشنیار کراوە. «م. کونسی رایت[1]» بەپێی پێداگرتن لەسەر لایەنی مافناسیانەی جەنگ لای وایە «جەنگ ئەو مەرجە یاساییەیە رێگە بە دوو یان چەند گروپی رکەبەر دەدات تاکوو ململانێیەک بە هێزی چەکداریی بەڕێوەببەن».

1- M. Quincy wright

کلاوز ویتس، بە لە بەرچاوگرتنی مەبەستەکانی جەنگ، دەڵێ: «جەنگ کردەیەکی توند و تیژە کە دەیەوێ نەیارەکان تەسلیمی ویستی ئێمە بکات». وەکی‌تر هەندێکی دیکەی وەک «مارتێنز[1]» لایان وایە جەنگ بریتیە لە «خەباتی نێوان مرۆڤ». وەکی‌تر هەندێکی دیکە چاوەڕێی ئەوە دەکەن ئەم خەباتە لە نێوان دەوڵەتانی سەربەخۆدا رووبدات یان بە وتەیەکی دیکە چۆنێتیەکی نێونەتەوەیی هەبێت (وەک بینکێر شۆک[2]، توایتر[3]، گێفکێن[4]، بلۆنچلی[5]، پردایە[6]، ش. دۆپۆیی[7] و هتد). ئێمە لە نێو ئاڵۆزترین پێناسەکاندا چەند پێناسەیەکمان هەڵبژاردووە و شییان دەکەینەوە. «فۆن بۆگوس لاوسکی[8]» بەم جۆرە جەنگ پێناسە دەکات :«ململانێی گروپێکی تایبەتی مروڤ، خێل، نەتەوە، خەڵک یان دەوڵەت دژی گروپێکی هاوشێوە یان هاوجنسی دیکە» ؛ هەروەها لاگۆرژت[9] وەها جەنگ پێناسە دەکات: «جەنگ ململانێی توندوتیژی نێوان دوو یان چەند گروپی هاوجۆرە کە بە هۆی مەیل یان حەزەوە رودەدات»؛ م.کۆینسی رایت لای وایە:«جەنگ دەتوانێ بە ململانێی هاوکاتی هێزی چەکدار، هەستی خەڵکی، دەمار گرژیی مافناسیانە و، کولتووری نەتەوەیی دابنرێت».

ئێمە بە پێی توانایی خۆمان ئەم پێناسەیە پێشنیار دەکەین :«جەنگ خەباتی چەکدارانە و خوێناویی نێوان گروپی ڕێکخراوە». هەندێ کەس ئەم پێناسە زۆر بە گشتی و هەندێکی دیکە زۆر بە کورتبڕی دەبینن. بەهەر چەشنە بۆ کورتکردنەوەی ئەم بابەتە ئەڵێین جەنگ شێوەیەکی توندوتیژیە کە تایبەتمەندی بنەڕەتی گروپگەلی بەشدار و ئەو میتۆدەی کاری پێدەکەن ، دەستوورمەندی و ڕێکخراوەییبوونە. زیاد

1- Martens
2- Bynkerchoek
3- Twins
4- Geffcken
5- Bluntschli
6- Pradier
7- Ch. Dupuis
8- Von Bogulslawski
9- Lagorgette



www.pertwk.com

لەوەش، جەنگ لە لایەنی کات و شوێنیەوە سنورداره و لە بەندی هەندێ ڕێسای مافناسییانەدایە، کە بە پێی کات و شوێن بە خێرایی گۆڕانیان بە سەردا دێت.

دوایین تایبەتمەندی جەنگ خوێناوی بوونی جەنگە، چونکوو ئەگەر جەنگ نەبێتە هۆی تێداچوونی مروڤ، ئیدی بە تەنیا روبەڕوبونەوە یان هەڕەشەیەک دەبێت. «جەنگی سارد» بەجەنگ ناژمێردرێت.

# بەشی سێهەم

## تایبەتمەندییە ئابوورییەکانی جەنگ

### 1- پێویستیی سەرمایە ڕێژیی پێشتر

ئەگەر لە ڕوانگەی ئابوورییەوە سەیری بابەتەکە بکەین، جەنگ وەک جۆرە چالاکییەکی بەرژەوەندیخوازانە دەردەکەوێت.جەنگ هەرکە لە قۆناغی هێرش‌کردن تێپەڕێ، پێویستی بە پشتگیری دەبێت. جەنگ تەنانەت ئەو کاتەی لە نێوان وڵاتێکی دەوڵەمەند و وڵاتێکی هەژاردا ڕوودەدات، دیسان پێویستی بە چەشنێک سەرمایەڕێژیی سەرەتاییە. دەبێ چەک دابین بکرێت، ئەو ئەرتەشەی بە نیازی هێرشە دەبێ بۆ ئامادەبوون و کردەوە ـ لانیکەم تا ئەوکاتەی یەکەم سەرکەوتنەکانی دەستەبەر نەکردووە کە بتوانێ لەو ڕێگەوە خۆی بە دوژمن بژیەنێت ـ پێویستی بە لانیکەمی ئامادەییە. بە بێ [تەرخان کردنی] سەرمایەی سەرەتایی، لە لایەنی وزەی کار، خواردەمەنی، ئامادەکاری و ئامرازەوە جەنگ ناکرێت. کەوا بوو هەموو جەنگێک لە لایەنێکەوە چالاکییەکی ئابوورییە و بە کەڵەکە بوونی سەرمایە، پارە، یان ماتریاڵەوە دەست پێدەکات و چەندە بەربڵاوتر بێت، توانای ئابووری پێویستتر و سەرمایەڕێژی زیاتر دەبێت. جەنگ وەک «بۆم باورک[1]» وتوویەتی، پێڕەوەکەری دیاردەی گشتگری درێژە کێشانی پرۆسەی لۆجستێک و بەرهەمهێنانە.

---

1- Boehm Bawerk.

بەم پێیە، جەنگ پێش هەموو شتێک، هەندێ گرفت لەبواری ئامادەکاری ماڵی و دابینکردنی خەرجەکان یان لانیکەمی زەخیرەخستندا بەدیدێنێ. مارشال «ساکس[1]» دەڵێ: «بۆ جەنگ سێ شت پێویستە: یەکەم: پارە، دووهەم: پارە، سێهەم: پارە.» چارەسەری کۆنی ئەم گرفتە، لانیکەم لەکاتی داهاتنی پارەی کانزاییەوە، دروستکردنی خەزێنەی جەنگییە. زۆربەی شارەکەوناراکان خەزێنەیەکی تایبەتی جەنگییان هەبوو کە لە پەرستگەکاندا دەپارێزرا. هێزی سەربازیی و زەریایی ئاتێن پاش دۆزینەوەی کانی زیوی «لۆریۆن[2]» لەپڕ زیادی کرد. ئاتێن بەهۆی ئەم کانانەوە ناوگانێک دامەزرێنێ کە ئاتێنی کردە گەورەترین هێزی زەریایی مەدیتەرانەی رۆژهەڵات. بەبۆنەی ئەم کانانەوە بوو کە کۆماری سەوداگەری «پیبا[3]» بووە بناغەدانەری ئەرتەشی هەمیشەیی نوێ: ئەم ئەرشەرتانە، کە لە بەکرێگیراوان پێکهاتبون، بەدەستوور، پڕچەک و تۆقێنەرترین ئەرتەشەکانی ئەورووپا بوون. فراوانیی کانزای پڕنرخی جیهانی نوێش هەر بەم چەشنە هەلی ئەوەی بۆ سپانیا رەخساند ببێتە هێزی سەربازی و زەریایی گرینگی هەموو رۆژئاوای ئەورووپا و ئەرتەشێکی هەمیشەیی رێکبخات کە مەبەستە سیاسییە ئەمپریالیستیەکانی سپانیا لە هەموو ئەورووپای رۆژئاوا دابین بکات.

خەزێنەی بەناوبانگی «کۆشکی سپاندلو[4]» کە تارادەیەک بە ئەو باجەی بە پێی «بڕیارنامەی فرانکفۆرت[5]» لە فەرنسا ئەستێندرابوو، رۆنرابوو و خەزێنەی «مێنلیک[6]» کە لەبەردەم پەیکەرەی یادی سەرکەوتندا درووستکرابوو، یەکێکە لە ئاسەوارە جوان و سەرنجراکێشەکانی خەزێنە جەنگییەکان.

---

1- Saxe.

2ـ Laurion، ناوچەیەکی لە یۆنانی ناوەندی کە کانی زیوەکەی لە سەدەی پێنجەمی پێش زایینـدا بـووە هۆی بەدیهاتنی ناوگانی بەهێزی زەریایی ئاتێن.

3ـ Pays – Bas، هۆلەند، وڵاتێک لە ئەورووپای رۆژاوا.

4ـ Tour de spandou، ناوچەیەک نزیکی بێرلین.

5ـ Traite de Francfort، ئەو بڕیارنامەی کۆتایی جەنگ لە نێوان ئەڵمانیا و فەرەنسا.

6ـ Mene Lik (1844 ـ 1913)، نەجاشی، پاشای حەبەشە.

بەڵام لە سەردەمی ئێمەدا ـ ئەگەرچی بابەتەکە ئینکار دەکرێت ـ کاری خەزێنەی جەنگ بە شێوەی زەخیرەی کانزایی بانکە بڵاوکەرەوەکان، یان دراوی بێگانە کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ناسێنەری زێڕن، بەردەوامە. باشترین بەڵگەی ئەم قسە ئەمەیە ئەم پاشەکەوتانە لە کاتی ململانێدا وەگەڕ دەخرێن و دەبینین شانبەشانی ئەنجامی جەنگ کەم و زۆر دەبن. ڕەنگە ئەمە باشترین کەرەسەی هەڵسەنگاندنی سەرکەوتووی ڕاستەقینەی جەنگێک بێت. پاش ساڵی 1918، پاشەکەوتی زێڕی بانکی فەرەنسا گەشتە بێنموونەترین ڕادەی خۆی، بەڵام ئەم خەزێنە نەتەوەییە ساڵی 1945 تاڕادەیەک بە تەواوی تێدا چووبوو. زۆرترین بەشی ئەم کانزا گرانبەهایە لە هەمبارە ژێرزەمینیەکانی «فۆرت ـ ناکس[1]» دایە وخەزێنەی جەنگیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێکدێنێ. خەزێنە زێڕەکان لە سەرکەوتوویەکەوە دەگەنە سەرکەوتوویەکی دیکە و تا ئەوکاتەی زێڕ پێوەندێکی نێونەتەوەییە، بەردەوام دەوری زەخیرەی سەرەکی دەگێڕێ، چونکوو لەگەڵ دەرکەوتنی ئاژاوەی کۆمەڵایەتیدا بڕوا بە پارەی کاغەزی کەم دەبێتەوە.

وەکی‌تر، نابێ خەرجی سەربازی و لەشکری لە ئامادەکاریی ئابووریی جەنگەکاندا لە بیر بکرێ. هەموو دەوڵەتە ڕێکخراوەکان بەشێک لە داهاتی نەتەوەیی خۆیان بۆ تەقەمەنی و بەخێوکردنی کەسان (شەڕڤان، تەکنیسیەن، کرێکاری کارگەی چەکسازی، بنکە، زەریاوان، قوتابیانی قوتابخانەی سەربازی و زەریایی) تەرخان دەکەن بۆ ئامادەکاریی جەنگ یان ئامادەیی بۆ ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ هەرچەشنە هێرشێک.

بەم چەشنە، ئامادەکاریی جەنگ دەوری دابەشکردنی سەرلەنوێی داهاتەکان دەگێڕێ، دابەشکارییەک لە بەرژەوەندیی [کارگێڕانی کاروباری] سەربازی و بنەماڵەکانی ئەوان. بەوتەی «کینز[2]» ئامادەکاری بۆ جەنگ یارمەتیی دروستبوونی کاری تەواو وەخت و هەندێ جار بەدیهاتنی هاوکێشیی ئابووری دەدات. خەرجە

---

1ـ Fort-Knox، ئوردووگای نیزامی ناوچە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەناوچەی کێنتاکی.

2ـ John Maynard Keynes (1883ـ1946)، ئابووریزانی ئینگلیزی.



www.pertwk.com

سەربازییەکان وەها لە ژیانی نەتەوەیی و پارە ترخانکردنی ئێمەدا تواونەتەوە کە ئەگەر بێت و لەپڕ لایان ببەن، گەلێ گرفتی پەرەئەستێن لە بواری بێکاری و بازاڕەوە دەردەکەن.

بەلام کاتێک دەوڵەت ناچار بێت چەک و کەرەسەی سەرەتایی یان شمەکی پێویستی خۆی لەدەرەوەی ولاتەوە دابین بکات، ئیدی لەم حالەتەدا پارەی تەرخانکراوی سەربازی یارمەتی هاوکێشیی ئابووری ناوخۆ نادات. لەم کاتەدایە کە رووبەڕووی گوشاری تێکچوونی هاوکێشەی حسێبەکان و مووچە و هەروەها گرفتی هەڵشکانی ئابووری دەبینەوە. جەنگی ساڵی 1914ی ئەورووپا، واتە ئەو وشکانیەی هەموو پارەکانی جێگیر ببون، هەڵشکان بەرابەریی و نرخی لەپڕ گۆڕی. لەوە بەدوا چەندە جەنگ میکانیزە دەبوو نەیدەتوانی تەنیا لە سەردەستی ئەو پیاوانەی بە تەنیا چەکێکی کەمیان پێیە بەردەوام ببێت، دۆخەکە روی لەخراپی کرد. ئەم دۆخە بووە هۆی سڕانەوەی بەرەبەرەی ئەو هێزانەی ولاتێکی بەرفراوان و بەتایبەت کانی دەوڵەمەندی ماتڕیاڵیان نەبوو. بۆ نموونە، فەڕەنسا ژمارەیەکی زۆری سوارەی هەبوو، دابینکردنی داهاتی ئەوانیش پێویستی بە بەدیهێنانی دراوی دەرەوەیی نەبوو. ئەوان لە رێگەی سەرچاوەی کشتوکاڵی نەتەوەییەوە دابین دەکران، بەلام هەرئەم هێزە کاتێک کرایە هێزێکی ماشێنی، فەڕەنسا ناچار بوو نەوتێکی زۆر لەدەرەوە وەربگرێت.

ولاتەکان هەموو سەردەمێک بە سەرکەوتنێکی کەم تا زۆرەوە، هەندێ تەکنیک و تیۆری ئابووری و دراوییان هێناوەتە ئارا کە لەدواییدا بۆ دەولەمەندترکردنی خەزێنەی جەنگی و وەزەی هێزەکیی ئابووری جەنگی، بەکار هێنراون.

بۆلیۆنسیم، مێرکانتیلیسم، خۆبژێویی و، ستراتێژی ئابووری نوێی کۆنترولی هەڵشکان و هتد، هەموویان لەبنەڕەتدا رێچارە جۆراوجۆرکانی ئەم پرسانەن.

**2ـ ئەنجامە ئابووریەکانی جەنگ**

پاش قۆناغی بەکارهێنانی بە پەلەی سامانەکان (بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە وێرانیەکانی جەنگیش شێوەیەکی تایبەتی بەرخۆرین)، جەنگ کە لە دواییدا نەیاران بەسەر زاڵ و بندەستدا دابەش دەکات، دەبێتە هۆی جێگۆڕکێی سامانەکانیش.

لەلایەکی دیکەوە، جەنگ بونیادی ئابووریەکـان و هـەروەها سـەرمایەڕێژیـەکانیش دەگۆڕێ و زەمینەی گەشەی هەندێ پیشەسازی یان هـەنـدێ شـێوەی بەرهـەمهینان خۆش دەکات. جەنگ دابەشکردنی داهات و سەرمایە دەگـۆڕێ و بـە هـۆی ئـەو باجـە نوێیانەوە کە بە دواهـاتی ئـەو دۆخـەن (مووچـە بەردەوامـەکان، زیـاد بـوونی ماڵـیات، خەرجی جەنگی و هتـد) و دۆخـی تـەرخانکردنی بوودجـەی گشـتی تووشـی گـۆڕان دەکات. جەنگ لە ڕێگەی بەندە ئابووریەکانی بڕیارنامەکانی ئاشتیەوە، بـازاڕی فـرۆش و بازرگانی دەرەوەیی وەردەچەرخێنی و لە ئەنجامیشدا کاریگـەریی لەسـەر پیشەسـازی پێوەندیداری ئەوان دادەنێت و دنەی جێگۆڕکێی کارگێڕانی ئـەم پیشەسـازیانە دەدات. ئەنجامی جەنگەکان دەتوانێ ژیان و بونیادی ئابووری نەتەوەکان لە بنەڕەتەوە بگۆڕێ.

### 3 ـ هۆکارە ئابووریەکانی جەنگ و چەند گریمانێک

بە پێی هەنـدێ تیـۆری زۆر گرینـگ، هۆکـاری ئـابووری، هـۆی بنـەڕەتی هـەموو جەنگەکانن، تەنانەت هەندێ لەم تیۆرانە، هۆکانی دیکەی جەنگ بە فریودەرانە و هـۆی رواڵەتیی جەنگ دەزانن.

وێڕای ئەمە، وشەی «ئابووری» بەهۆی بەکارهێنانی بەرفراوانی خۆیەوە، لـە خۆیـدا دەبێتە هۆی شاراوەیی. ئەم وشە لەراستیدا هەندێ روانگەی جیـاواز و تەنانـەت لێکـدژ دەگرێتەوە: بۆ نموونە، ئەو جەنگانەی بەهۆی هەژاری یان دەوڵـەمەندیی، ئێرەیـی یـان تـەماح و زێـدەخوازیی ئەمپریالیسـتی یـا پێوسـتی راسـتەقینەوە روو دەدەن و ئـەو ململانێیانەی هەر لە سەرەتاوە یان دواتر، بە جۆرێک بە تەواوی بە ئـابووری دادەنـرێن. خوێندنەوەی دیاردەیەکی وەها بەرفرە و شیکردنەوەی پێویستیەکی مێتۆدۆلۆژیکە.

بێ گومان، وەک بینیومانە هەموو جەنگەکان جیا لە هۆکانیان، دەبنە هۆی ئاڵـۆزیی ئابووری و بە کورتی هەموو جەنگەکان هـەنـدێ بـەدواهـاتی ئابووریـیان هەیـە کـە لـە درێژماوەدا دەردەکـەون. بـۆ سـەلماندنی ئەمـەی کـە واقعـی ئـابووری ـ لانیکـەم لای هێرشکار ـ رەگی ئابووریی جەنگ پێکدێنێ، دەبێ ئەو خاڵە بسەلمێنرێت کە هۆکار یان لانیکەم هێزی بزوێنەری جەنگ بە تـەنیا لـە چەشـنی [هێـز و بزوێنـەری] ئابووریـیـەو،



www.pertwk.com

هەروەها [ئەو خاڵەش دەبێ بسەلمێنرێت] کە هێزی نێو براو، توخمی سەرەکی، تاقانە و دیاریکەری جەنگە.

وەک دیارە، کەم جەنگ لە چوارچێوەی ئەم پێناسەدا دەگونجێن. شەڕی نێوان خێڵە سەرەتاییەکان، کە ئابوورییەکی داخراو و نەگۆڕیان هەیە و وەک مێرووڵە بۆ خواردن و دانەوێڵە هێرش دەکەنە سەر درواسێکانیان، نمونەیەکن کە لەگەڵ ئەم پێناسانەی دواییدا دەگونجێن. ئەم چەشنە جەنگانە تاقە جەنگی تەواو ئابوورین. بەلام کاتێک دێینە سەرباسی ژیارە ئاڵۆزەکان (Complicated)، جەنگەکان بە پێی مەبەست و پاساوەکانیان «چەند رەهەندی» دەبنەوە. لە پانتای پێویستی و چالاکیی کۆمەڵەی زانا و تەکنەسیەنەکاندا، گەلێ هۆکاری بەرفراوان لە بواری گۆڕینی ئاستی ژیان و، شوێنگۆڕکێوە هەیە. لەم کۆمەڵگایانەدا، پێویستیی ئابووری، پێویستی یەکەم و حەیاتی نییە. ئاخۆ لە نموونەی «جەنگی تلیاک»ی نێوان چین و ئینگلیسدا ـ کەیەکێک بوو لەو جەنگە دەگمەنانەی کە پاڵنەری ئابووری راگەیەندراوی هەبوو ـ دەتوانین بڵێین ئەم جەنگە بە هۆی پێویستیەکی خێرا و مان و نەمانیەوە بووە؟ جەنگی ناوبراو، زیاتر جەنگێکی هەڵەخەرجکارانە بوو کە دەوڵەمەندیی زێدەتری ئابووریی ئەورووپای مەبەست بوو.

بەلام بە راستی لەچ کاتێکەوە دەتوانین بڵێین جەنگ بەتەواوی زادەی پێویستیی ئابوورییە؟ ئاخۆ چاوپۆشی لە دەوڵەمەندیی زیاتر یان پێمل بوون بە ژیانێکی ئاساییتر،لە ملدان بە مەترسی و رووداوی چاوڕێنەکراوی هێرشێک، ئاقڵانەتر و گونجاوتر نییە؟ ئەمە پرسیارێکە بۆ دەوڵەتان و بۆ کەسانیش درووست دەبێت. ئایا پێویستیەکی مان و نەمانیی یان هەژارییەکی لە بەرگەبەدەر و تووش هەیە کە دەوڵەتێک نەتوانێت بە کەمتر لەو رادە هەژاری و نەبوونییە قەناعەت بکات؟ ئەگەر پاڵنەری جەنگەکان لێک بدەینەوە، زۆربەی جەنگە ئابوورییەکانیش رەگی دەروونناسانە وەردەگرن. سەرخۆشیی زادەی هێز، گەلێ لە تامەزرۆیی و تای بەدەستهێنانی سامان زیاترە. زیاد لەوەش، ئاخۆ ئەوکەسەی دەسەلات دەگرێ، ناتوانێ دەست بەسەر سامانی کەسانی دیکەشدا بگرێت؟ فەرماندەیەکی بەربەر دەیگوت: «من بە شیرەکەم زێڕەکانی ئێوە داگیر دەکەم.»

بۆ نموونە، زۆربەی کاتەکان جەخت لە سەر ئەوە دەکرێت کە ئاڵمانیا لە بەر ئەوە جەنگی 1914ی دەست پێکرد کە بە هۆی ململانێی ئابووری پڕ خەرج لەگەڵ هێزە پیشەسازییە گەورە و هەناردەکارەکان و سەرمایەڕێژیی زۆر و هەروەها بەکارهێنانی لە رادەبەدەری ئیعتیبارەکان، بەرەو تێکشکانی ئابووری ملی نابوو. بەڵام ئەم وتە وەک دیارە بنەڕەتێکی پتەوی نییە. چونکوو ئەڵمانیا دەیتوانی بە تەرخانکردنی بەشێکی کەمی ئەو پارەی بۆ تەقەمەنی سەرەتایی زەمینی و زەریایی و شەڕی 1918-1914، خەرجی کرد، یان بەشێکی کەمی ئەو پارەی بۆ چەکدارکردنی ـ سەرەتا شاراوە و دواتر ئاشکرای ـ دووبارەی خۆی تەرخانی کرد، بۆ بەرهەمهێنان، سالانی 1930 بۆ 1939 گەشەیەکی ئابووریی زۆر زیاتر بکات.

دوایین خاڵیش ئەمەیە کە تەنانەت وشیارترین زەینەکانیش ناتوانن بۆ هەندێ جەنگ ـ نەک بەحەتمی ناگرینگترین جەنگەکان ـ هۆیەکی ئابووری زۆر بچووکیش بدۆزنەوە، وەک جەنگی 1870.

ئایا جەنگ بەرهەمی زۆر هەبوون یان بەرهەمی هەژارییە؟

بەهەر چەشنە دووجۆر ناهاوکێشیی ئابووری دەتوانن هۆکاری توندوتیژی بن: زۆر هەبوون و هەژاری.

لە کۆمەڵگای سەرەتایی دوور لە بازرگانی و پیشەسازیدا، پاڵنەری شەڕخوازانە بەری نەبوونە. زۆربەی مێژوونوسان وشک بوونی بەرەبەرەی دەشتەکانی ئاسیای نێوەڕاست بە هۆکاری هێرشی خێڵە مەغۆلەکان دەزانن، کە بە هۆی کۆچی ناچاریانە یان جەنگی سەختەوە، گێژەنێکی راستەقینەی سازکرد کە هێدی هێدی تەشەنەی کردە شوێنە دوور دەستەکان. خێڵە سەرەتاییەکانی (Primordial) سەحرا و عەرەبستانیش لە دۆخێکی وەها دا دەژیان. بەڵام لەنێو خێڵە سەرەتاییەکاندا ئەمانە نموونەیەکی ریزپەڕن. ئەم خێلانەش گەلێ جار تەنیا بۆ کۆیلە، دیلکردنی ژنان، تۆڵەکردنەوە، دەسدرێژی و دوژمنایەتی تەشەنەکەر یان تەنیا بۆ وەرزش هێرشیان دەکردەسەر دراوسێکان. بەڵام کاتێ باسی کۆمەڵەی ئاڵۆز دەکرێ ـ وەک دیتمان ـ بە


www.pertwk.com

دەگمەن دەتوانین هەژاری وەک هۆیەکی جەنگ وەربگرین. نموونەی ئاڵمانیای شەڕی 1914 ـ و شەڕی جیهانی دووهەم ـ نیشان دەدەن کە هەژاری و برسێتی تـەنیا پـاش شەڕ سەریانهەڵدا. هەر پاش تێپەڕاندنی ئەم کارەساتانەش بوو کـە ئاڵـمانیا بـە راسـتی بووە وڵاتێکی ئاشتیخواز.

ئەزموونی مێژوویی نیشاندەدات دەوڵەتان لە کاتی فراوانیدا زیاتر روو لە شەڕخوازی دەکەن. وەکیتر ئەگەر بـەوەش پێمـلبـین کـە جـەنگ پێویسـتی بەکەڵـەکە بـوونی بەرهەمهێنانە، ئەم بانگەشە گونجاوتر دەبێتەوە.

دەتـوانین بڵـێین ئەوکاتـەی ئاڵـمانیا ساڵـی 1939 دەسـتی دایـە هێـرش، دەوڵەمەندترین وڵاتی ئەورووپا بوو، چونکوو هەموو چەشـنە سـەرچاوەیەکی زەخـیرە و تەقەمەنی بەدەستەوە بوو، یان بە وتەیەکی دیکـە، لـە دەوڵـەمەندیی و خەمڵـیوییەکی راستەقینەدا بوو و لە لایـەنی بەرهـەمهێنانی کـاڵاوە، لانیکـەم بـە شـێوەی کـاتی، لـە نەتەوەکانی دیکە لەپێشبوو.

جەنگی کۆلۆنیالیستی لەم نموونەیەش سەرنجڕاکێشترن. ئەم جەنگانە بەردەوام لـە لایەن وڵاتێکـی دەوڵـەمەندەوە بەسـەر وڵاتێکـی هـەژاردا دەسـەپێندران. لـە شـەڕی کۆلۆنیالیستیدا دەوڵەتانی ئـەورووپی، کـە لـە لووتکـەی سـامان و جێگریـدان هێـرش دەکەنەسەر نەتەوە رۆژهەڵاتییەکان کە لە قۆناغی بەربەرییەتدا ماونەتـەوە. رۆمـیش لـە لووتکەی هێزی ماڵیدا، وڵاتی گۆل، «ڕێنانی[1]» و، «داسی[2]» داگیر کرد.

ئەو جەنگانەش کـە بـۆ داگیرکـردنی بـازاڕی فـرۆش هەڵگیرسـاون، دیسـان لـەو جەنگانەن کە زادەی فراوانین. چونکوو ئەم جەنگانە گرێدراوی ئـەوەن کـە نەتەوەیـەک خاوەن کەڵەکەی بەرهەمهێنان بێت و لـە دەرەوەی هـەرێمی خۆیـدا بـۆ کـڕیاری ئـەو کەڵەکە، بگەڕێت[3]. فرێدریک ئینگلس ئەڵێ: «توندوتیژی بەتەنیا کردەوەیەکی ئـیرادی

1ـ Rhenaine، ناوچەیەک لە ئاڵمانی رۆژاوا لە کەناری رووباری راین.

2ـ Dacie، وڵاتێکی ئەورووپییە لە نێوان رووباری دانووب، تیزا، دنیستر و کارپاتدایە.

3ـ زۆربەی ئابووریزانان، جەنگی 1914 تا ئەو جێگای پێوەندی بە ئەڵمانەوە هەیە، بە شەڕێک دەزانـن بـۆ داگیرکردنی بازاڕەکان (بەرهەمهێنانی پیشەسازی ئاڵمان لەو کاتەوە ئێجگار زۆر بـوو، لـە هـەمان کاتیشـدا

نییە، بۆ توندوتیژی نواندن هەندێ هەلومەرجی سەرەتایی بابەتی یان بەوتەیەکی دیکە هەندێ کەرەسە پێویستن ...» بەڵام  لای ئێمە بە پێچەوانەوە بـوونی چـەک ـ ئەگـەر مەیلێک بۆ بەکار هێنانی نەبێت ـ تەواوکـەر نییـە. تەنانـەت ئەڵـێین ئەگـەر غـەریزەی شەڕخوازانە نەبوایەت، مرۆڤ لە باتی ئەوەی هێزی داهێنەری خۆیان بۆ دروست کـردنی تانک و فڕۆکەی بۆمباهەڵگر بەکاربێنن، هێـزی خۆیـان بـۆ دروسـتکردنی سـارنجۆک و فرۆکەی سـەیران تـەرخان دەکـرد. ئەگـەر کاریگـەری بەرامبـەر لـەنێوان تـەکنیک و توندوتیژیدا هەیە، بەڕای ئێمە ئەمە تەکنیکە کە دەکەوێتە خزمـەتی تونـدوتیژی. ئەمـە غەریزەی شەڕخوازییە کە مرۆڤ سەرەتا بۆ بەرهەمهێنانی چەک و، دواتـر بـەکارهێنانی چەک پاڵ دەنێت.

### 4 ـ جەنگ و بارودۆخی ئابووری

لە سەرەتای سەدەی هەژدەوە ئاگامان لە دەرکەوتنی قەیرانی ئابوورییە لـە چـەند خولدا. گرنگایەتی زێدەگاڤی ئامێری نوێی بەرهەمهێنان وای کردوە سـەرمایەیەکی زۆر، بەتایبەت لە بواری ماشـێن و دامـەزراوەی تەکنیکییـدا تـەرخان بکرێـت. بـە داخـەوە پیشەسازی جەنگی بەگشـتی هـەمان پیشەسـازیی سـازکەری کاڵاکـانن کـە بـە زۆری بریتین لە مێتاڵکاری و لە ئاستێکی بەرفراواندا ئاواکـاریی (Construction) (ڕێگـەی پێوەندی ستراتێژیک، بەندەری جەنگی، بنکە، سەربازخانە و هتد). ئەمە هەر ئەو شتەیە کە کاریگەری جـەنگ یـان تـەنیـا هەڕەشـەی جـەنگ لەسـەر دۆخـی ئـابووری روون دەکاتەوە. سێ لایەنی ئەم بارودۆخە ئابوورییە دەکرێ لێـک جیابکرێنـەوە: دۆخـی پـێش جەنگ، دۆخی سەردەمی جەنگ و دۆخی بنیاتنانەوە.

باشترین نموونەی بارودۆخی ئابووری پێش جەنگ، دۆخی ئابووری ئەڵـمانیایە لـە ساڵانی 1933 بۆ 1940. ئەم خولە بە پاشەکەوتخستنی زۆرەملی، زەخیرە خسـتن و

---

سەرچاوە ئەم شەڕەیان بە نەبوون و هەژاری زانیوە و کە ئامانجەکانی دابینکردنی خواردەمـەنی و پێویسـتە سەرەتاییەکانی ئالمانیا بوو. ئابووری دوو کاریگەریتی جۆراوجۆر ـ هەیاهەڵبەت نـەک لێکـدژ ـ ی لـەسـەر جەنگ هەیە. ـ گ. ب.



www.pertwk.com

زۆربوونی رادەی داواکاری بـۆ کەرەسـەی کـانزایی و کیمیـاوی دیاریـدەکرێ. بـەدوای ئەمەشدا گەشەیەکی ئابووری گـەورە سـەر هەڵـدەدات. بڵاوکردنـەوەی وزەی کـار زۆر دەبێت، مووچەکان زیاد دەکات، پیشەسازیەکان بە هەموو توانای خۆیانـەوە دەگـەڕێن. رۆحی داهێنان و تازەکاری مـەدح ئـەکرێ و هانـدەدرێت، هـەموو شـتێک سـەرلەنوێ رۆدەنرێتـەوە، خۆشـگوزەرانی دەگاتـە تەشـقی خـۆی. ئەمـەش وای کـردوە بوترێـت: «ئەڵمانیا چ کـات هێنـدەی ئەوکاتـەی بـەرەو جـەنگ دەڕوات بەختـەوەر نییـە». بـە وتەیـەکی روونتـر بـەکارهێنانی خێـرای زەخیرەکـان، تایبەتمەنـدی دۆخـی جەنگیـە. پیشەسازی و بەرهەمهێنەران بە هەموو توانای خۆیانەوە کاردەکەن. وڵاتانی بێلایەنیش ناچارن بۆ ئامادەکردنی نەیاران، بەرهەمهێنان زیاد بکەن.

لە دواییشدا، پاش کۆتایی جەنگ، بارودۆخی ئابووری سـەردەمی بنیاتنانـەوە خـۆی رووبەڕووی بونیادێکی ئـابووری بەتـەواوی گـۆڕاو دەبینێتـەوە. لـە سـەردەمی جەنگـدا کەرەسەکانی ئەو بەشەی کە کاڵا بەرهەمدێنێت بە چەشنێکی سەیر گەشەی کردووە.

ئەم بەشە ماوەیەک بازاڕێکی بـەربڵاو و دڵـخوازی لـە سـازکردنەوەی وێرانیـەکانی جەنگدا دەستدەکەوێت. بەڵام ئەوکاتەی سازکردنەوە کۆتایی هات، کۆمەڵـگا روبـەڕوی هەڕەشەی بێکاری و نەبوونی بازاڕی فرۆش دەبێتـەوە. ئـەو کاتەیـە قـەیران و قۆنـاغی هەڵبژاردن دەردەکەویت: یان دەبێ بەشـێک لـە چـالاکی پیشەسـازی دابخرێـت یـان چارەیەکی نەترسانە بکرێ. تا ئێستە بەرنامەی تەقەمەنی کە بازاڕێکی بەرخۆری بێ بنە بـۆ کەڵــەکەی بەرهــەمهێنانی پیشەســازیی مێتاڵــی، وەک چارەســەرێک کەڵــکی لێوەرگیراوە.

لە لایەکی دیکەوە جەنگەکان بەردەوام دەبنـە هـۆی زۆربـوونی نـرخ و زۆر بـوونی بەکارهێنان. کەوابو جەنگ لە واقیعدا حاڵەتێکی پێچەوانەی حاڵەتی قەیرانی ئابووریيان هەیە. جەنگەکان زەخیرەی کەڵەکە کـەوتـەی کـاڵای مرۆیـی بـەکار دێـنن، یـان بـە وتەیەکی دیکە بێکاری دەسڕنەوە. پێویست بوونی مرۆڤ و خەسـارەکان، داواکـاری بـۆ هێزی مرۆیی زیاد دەکات و ئەمەش خـۆی دەبێتـە هـۆی زۆربـوونی گشـتی مووچـە و

بەتایبەت برِ و ژمارەی کار. جەنگ لە هەموو شێوەیەکدا هەمیشە بازاڕی کارێکی زۆر بەربلاو دەکاتەوە.

بۆ نموونە لە فەڕەنسا، کاتی شەڕی 1940ــ 1945، دابەشکردنی زۆرەملی، کۆنترۆڵی نرخ، چاودێریکردنی بەرهەمهێنان و دروستبوونی ڕێکخراوی پیشەیی و ئاسایشی وایکرد ژمارەی کارمەندانی ئەم بەشانە لە نزیکی حەوسەدهەزار کەسەوە (ساڵی 1939) بۆ نزیکی دو ملیۆن کەس (ساڵی 1946) زیاد بکات. بەم چەشنە جەنگ ڕەوتی تایبەتی ئابووری خێرا دەکات و بە پێی وتەی «کالین کلارک[1]» و«فوراستیە[2]» دەبێتە هۆی زەبەلاحتربوونەوەی بەشی سێهەم، واتە بەشی کاری ئیداری و تەکنیکی. بە کورتی ئابووری دەستنیشانکراوی جەنگی، هاوکاتی هەرەوەزی سەربازی، دەبێتە هۆی هەرەوەزی ئیداریش. هەرەوەزی ئیداری چونکوو زیانی بەرناکەوێ، لە هەرەوەزی سەربازی جێگیرترە.

بێگومان ئەم کاریگەریە ئابووریەی جەنگەکان وادەکات لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا، کاتی کەوتنی درێژماوەی ئابووری، ڕۆحی شەڕخوازی بە هێز ببێت.

مارکس لای وابو سەرمایەداری هاوکاتی تونذکردنی ناوەندمەندێتی دامەزراوە ئابووریەکان، بەرەبەرە تووشی قەیرانی توندتر دەبێ و بەناچاری بەرەو جەنگ دەکشێت، ئەو جەنگەی کە خۆی دەبێتە هۆی تێداچوونی تەواوەتیی سەرمایەداری. شێوەی دەرکەوتنی قەیرانی 1930، کە بەدوایدا دۆخی جەنگ بە تەواوی جیهانی گرتەوە، دەقاودەقی ئەم ڕوانگەیە. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ بیرمان بێت مارکس تەنیا یەک جیهانی ئابووریی دەناسی و ئەویش جیهانی بندەستی پارەی کانزایی بوو. ئەنجامی ئەم بابەتە، دەقبەستوویی لە ڕادەبەدەری بازاڕ و سەرمایەڕێژەیەکان بوو. تەکنیکی پارەیی سەردەمی ئێستە، وەک کێنز سەرنجی داوە، دەتوانن ڕواڵەتی پرسەکە، بە تایبەت گرفتی بێکاری، بگۆڕن. لە لایەکی دیکەوە، قەیرانی ئابووری بابەتێکی تا ڕادەیەک نوێن. تەمەنی قەیرانی ئابووری بە نیسبەت تەمەنی جەنگ زۆر کەم و تەنیا دوو

---

1- Golin Clark
2- Fourastie



www.pertwk.com

سەدەیە. جگە لەمە قەیرانی ئابووری سەرەتا تەنیا لە ولاتە پیشەسازیەکان واتە تەنیا لە ئینگلیز و چەند ولاتێکی رۆژئاوایی ئەورووپا دەرکەوتن.

لەدواییشدا ئەم خاڵەی کە ناتوانین بەراستی لەسەر ئەم بڕوا ساغ ببینەوە کە قەیرانی ئابووری هەمیشە جەنگیان لێ دە کەوێتەوە. تۆقێنەرترین قەیرانە ئابووریەکان ـ تۆقێنەر، لەو بوارە کە تازەیی قەیرانەکان، خەڵکانی بێ ئاگا لەچییەتی و چارەسەری قەیرانەکانی حەپەساندبوو ـ واتە قەیرانەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، جەنگیان لێ نەکەوتەوە، ئەم خولە، بە پێچەوانەوە، یەکێکە لە هێورترین رۆژانی مێژووی ئەورووپا. بەرێکەوت هەرلەم خولەدایە کە هەندێ بیرمەندی وەک ئۆگۆست کۆنت و هێربێرت سپێنسێر، لە ژێر کاریگەری کەش و مێژووی سەردەمی خۆیاندا دێنە سەر ئەو رای کە پیشازیبوونەوە خۆی دەتوانێت جەنگ دوابخات یان تەنانەت بۆ هەمیشە نەیهێڵێت.

# بەشی چوارەم

### جەنگ و حەشیمەت

### 1 ـ کاریگەری جەنگ لەسەر حەشیمەت

هەموو جەنگێک فرەلایەنە. بەلام لایەنێک لەم لایەنانە، کاریگەرییەکی حاشاهەڵنەگری هەیە کە لە هەموو جەنگەکاندا دەبیندرێت ، بە چەشنێک کە دەتوانین ئەم لایەنە بە جەوهەری دیاردەی جەنگ بزانین: جەنگەکان بە کردەوە ئەنجامی حەشیمەتییان هەیە. جگە لەمەش چاوەڕێ ناکری، چونکوو جەنگ بەپێی سرووشتی خۆی مردن زیاد دەکات.

ئەو زانیارییە راستانەی دەکرێ لە خوێندنەوەی بابەتیانەی جەنگ هەڵبهێنجرێن بەم چەشنەن: 1ـ زۆربوونی [ژمارەی] مردن تایبەتمەندیی ئاماریی و گشتی جەنگە. ئەم زۆربوونە بە پێی جەنگەکە و تەنانەت بە پێی قوناغە جۆراوجۆرەکانی شەڕێک ئێجگار بگۆڕە و هەروەها بە پێی ئەنجامی جەنگەکاینش گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکوو چییەتی، رێژە و دابەشکردنی زیانەکانی جەنگ بە نیسبەت دۆڕاوان و سەرکەوتوان نایەکسانە. لایەنی زاڵ بە زۆری تەنیا سەربازان، یان بەوتەیەکی دیکە گەنجانی خۆی دەدۆڕێنێ. بەلام قوربانیانی جەنگ لە وڵاتی دۆڕاو و داگیرکراو و رووخاو، یان بە پێی دەستوور رووخێندراو، زیاتر و جۆراوجۆرتریشن. بەکورتی، هەموو جەنگێک لایەنێکی بندەست یان لانیکەم لایەنێکی هێرشبۆکراوی هەیە. ئەمانە ئەو واقیعە کۆمەلایەتیانەن کە دەبێ سەرنج بدرێن.

2ـ جەنگ دەتوانێ یەکێک بێت لە دامەزراوە رووخێنەرە ئیرادییەکان. مەبەست، هەموو ئەو دامەزراوانەیە ئاراستەکەیان بەرەو کەمکردنەوەی زاوزێ یان کەمکردنەوەی ژمارەی زیندووانە. نابێ ئەم دامەزراوە رووخێنەرە وشیارانە، وەک هۆکارە ناوشیار و نائیرادییەکانی مردنی نائاسایی وەک برسێتی یان پەتا لە قەڵەم بدرێت. دامەزراوە رووخێنەرە ئیرادییەکان لای کۆمەڵناسی بە دامەرزاوە دەژمێردرێن و لەگەڵ بونیادی کۆمەلایەتی ، شێوە بیرکردنەوە و ئەو کردانەدا کە دایدەسەپێنن، نیسبەتێکی لۆژیکییان هەیە. هەڵبەت هەندێ جار، لە نێو جەنگێکدا برسێتی و پەتا تەشەنە دەکات، بەلام ئەمانە ئاکام و روداوە لاوەکیەکانی جەنگن.

3ـ زیانی راستەوخۆی هەموو جەنگێک مەرگی گەنجانە. ئەگەر جەنگاوەران لە چەندین پلەی تەمەنی جۆراوجۆردا بن، وا باوە گەنجترینیان مەرگاویترین ئەرکی پێ بسپێردرێ. لە راستیدا ئەمە نەریتێکی سەربازی باو و کۆنە. لەرێکخستنی سەربازیی نوێدا، گەنجترین کەسان، واتە سەربازانی ئەرتەشیی چالاک، ئەو کەسانەن یەکەم زەبریان بەردەکەوێت. هەر ئەم گەنجانە بوون کە یەکەم مانگەکانی شەڕی 1914 کوژران. هێزی هێرشبەر، تیربارچی، گرووپی تایبەت، پێشەنگ، چەترباز و هتد لە رابردوودا هەنگی سواران کە ئەرکەکەیان گەلێ مەرگهێنەر بوو، هەمیشە لە سەربازی گەنج پێک دێت. ریزی جەنگیی سوپای شەڕوانان لە سێ ریزی لەدوای یەک ـ کەبەپێی تەمەن ریز کرابوون و ـ گەنجترین سەربازان لە ریزی پێشەوە بوون، پێکدێت. لە دواییشدا سەرکەوتووی شەڕ، پاش سەرکەوتنێکی بنەبڕ کاتێ بڕیار لەسەر نەهێشتنی لایەنی دوڕاو دەدات دیسان ئەمە پیاوانی گەنجن کە زیاتر دەکوژرێن. خێڵە سەرەتاییەکان لەم کاتەدا پیاوانیان رەشەکوژ و ژنانیان داگیر دەکرد. لە بابەت کوڕانی مێرمنداڵیشەوە بە پارێز و دووربینیەوە هەوڵیان دەدا بیرکردنەوەیان بگۆڕن. بۆ وێنە تورکانی عوسمانلی منداڵانی یۆنانیان پەروەردە و دەیانکردنە ئەندامی سوپای یەنی چێری.

## 2 ـ کارکردی[1] حەشیمەتیی جەنگ

کارکرد ـ لە زیندەوەرزانیدا ـ ئەو کردەیە کە بـە شـێوەیەکـی خـاوەن دەسـتوور و ڕێکێتی لە هەموو زیندەوەرانی چەشنێکی یەکەدا دووپات دەبێتـەوە. دۆرکـیم سـەرەتا کارکردی وەک سیسـتەمێکی پێکهـاتوو لـە بـزووتنی بیۆلۆژیـک، بـێ لەبـەرچاوگرتنی ئەنجامەکانی ئەو بزووتنانە، (وەک کردەی هەرس کـردن)، دواتـریش وەک «پێوەنـدی نێوان ئەم بزووتنانە و هەندێ پێویستیی زیندەوەر» لەبەرچاو دەگرێت (وەک کـارکردی سیستەمی هەرس کردن). بەم چەشنە زاراوەی ناوبراو تەنیا زیندەوەران دەگرێتەوە. بۆ ئەوەی مانای کارکرد مانایەکی تەواو بێت، دەبێ ئـەو کـردەی ناسـێنەری کـارکردە لـە زیندەوەرەکەدا دووپات ببێتەوە. بەڵام لە ڕێکخراوەی ئاڵۆز، لە کۆمەڵگای جۆراوجـۆردا، کردەی دووپات بوونەوە هەمیشە بە شێوەی ئاشکرا ڕوونادات. وەکی‌تر، دووپات بوونەوە دەگۆڕێت بۆ تازەگەری و داهێنان. کاتێک مانای کارکرد بەم چەشنە تەواو بوو دەکـرێ سـەبارەت بـە دامـەزراوە و هـەروەها ئەنـدامیش بـەکار بهێنرێـت. بـێ‌گومـان جـەنگ دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیە. کـەی جـەنگ هەڵگیرسـێ ئێمـە بێهـودە و بـە خەمـەوە سەرمان سووڕ دەمێنێ. بەڵام ئەم سـەرمانە بـەر بـەوە ناگرێـت جـەنگ دامەزراوەیـەکی کۆمەڵایەتی جێگیر نەبێت؛ ئەو دامـەزراوەی لـە هـەموو گروپێکـی مرۆیـی ڕێکخـراوی پێوەندیدار لەگەڵ یەکتردا، دەبینرێت. جەنگ شێوەیەکـی بنـەڕەتیی پێوەنـدی نێـوان کۆمەڵگاکانیشە. ئەمە ڕاستیەکی تاڵ و هاوکات حاشاهەڵنەگرە، جەنگ لەسەر دەسـتی گەلێ دەزگای کۆمەڵایەتی جۆراوجـۆر وەگـەڕدەخرێت. جـەنگ دیاردەیەکـە دووپـات دەبێتەوە، جەنگ خول (Period)ییە یان لانیکەم وادیارە، بەڵام پڕە لە داهێنـان. بـەم پێیە بەڕاستی دەکرێت بڵێین شەڕ کارکردێکی یەکە یان چەند جۆری هەیە.

بەڵام کاتێک بابەتەکە لایەنی حەشیمەتی جەنگە، ئەم کارکردە دەتوانێ چۆن بێت؟

---

1ـ Fonction، وشەیەکی باوی زمانە ئەورووپییەکان کە بەم مانایانە هاتووە: ئـەرک، کـار، پیشـە، کـردە، کاردانەوە، مەبەست، ئەنجام، کەڵک، پاڵنەر، قەست، نییەت، دوامەبەست، پێویستی و ئاسەوار و ئاکامـەکان. کۆمەڵناسان بەپێی ڕوانگەی خۆیان، واتا جیاوازەکانی ئەم وشەیان مەبەستە.



www.pertwk.com

بینیمان ئەنجامی سەرەکی جەنگ درووستکردنی زەمینەی زۆر بوونی مردنــە و بــە زۆری دەبێتەهۆی کەمبونەوەیەکی کاتیی زاووزێ. کـەوابوو، پـاش جـەنگ کێشـەیەکی حەشیمەتی دەردەکەوێت. بە ڕای ئێمە، ئـەم کێشـە نیشـانەی ڕاشـکاوی کـارکردێکی روخێنەر و بەرخۆریانە یان بەرخۆریی زۆر توندە.

« بێرگسۆن[1]» دەڵێ، لەکوێ بارستاییەک هەبن بتـوانن ئێنرژیـی سـەرچاوەیەکی وەک خۆر پاشەکەوت بکەن و پاشان بـە توندییـەکی زۆرەوە بیگەڕێننـەوە و بـەرەڵای بکـەن، ژیـان بـەدی دێـت.» کەڵـەکە کـردنی هێـور و پاشـان بەرەڵـلا کـردنی لەپـڕ، تایبەتمەندی فیزیۆلۆژیای حەیوانیی ئێمەیە؛ لێدانی دڵ، کردەی هەرس، لەدایک بـوون و مەرگ هیچیان کردەیەکی بەردەوام نین، هەندێ رەوتی وێکچوو لـە ژیـانی دەروونی ئێمەدا بەتایبەت لە داهێناندا هەن. ئەمە جـەنگش دەگرێتـەوە؛ چمـا جـەنگ کـارێکی کۆمەڵایەتیە سووڕی تایبەتی و تایبەتمەندیی و دیاریکەریشی کەڵەکە بوونی سەرمایەی مرۆیی لە هەناوی کۆمەڵگا و پاشان بەرەڵلا کردنی توندوتیژی بەشێک لەو سـەرمایەیـە لە کاتێکی دیاریکراودا.

ئێمە بونیادی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری گروپێکی گریمانکراو کەتێیدا ژمارەی گەنجان لەژمارەی پیشەی ئـابووریی پێویسـت زیـاترە، نـاودەنێن بونیـادی تەقینـەوەیی. ئەمـە زەمینە بۆ هاندرانی هەستی شەڕخوازی خۆش دەکـا، چونکـوو ئەنجامەکـەی جۆرێـک پەرەسەندن (development)ی لەپڕە، پەرەسەندێک کە هاوکات پڕئاژاوە و کۆییـە و کۆچی گروپی و لەشکەرکێشی دوو نموونەی کۆنی ئەم چەشنە پەرەسەندنەن. چونکـوو لەراستیدا جەنگ کۆچێکی چەکدارانە و ڕێکخراوە کە ئاراستەکەی هەنـدێ جـار بـەرەو وڵاتی دوژمن و هەندێ جار بەرەو هەموو جیهانە. چونکوو، جەنگ لە هەموو حالەتێکـدا و ئەنجامەکەی هەرچی بێت، وەستانێکی کەم تا زۆر درێژماوە لەگەشـەی حەشـیمەتدا دروست دەکات و خشـتەی حەشـیمەت رەوتێکـی بـەرەوخوار دەبـا یـان ڕایـدەگـرێ.

1ـ Henri Bergson (1859 ـ 1941)، فەیلەسووفێکی فەڕەنسی.

پێشنیاری ئێمە ئەوەیە کە وەستان و هێور بوونەی لەپڕی ڕەوتی گەشـەی حەشـیمەت کە بێ‌گومان بەری هەموو جەنگێکە ناوبنێین سستی حەشیمەتی.

**بونیادی تەقینەوەیی** ـ پرسێکی سەرنجراکێشی کۆمەڵناسی ئەوەیـە ئـاخۆ بونیـاد، پێکهاتە و هاوکێشی کۆمەڵگاکان، ناوشـیارانە کاریگـەری لەسـەر مەیلـە دەروونیـەکانی ئەندامانی خۆی دادەنێت یا نە؟ ئـاخۆ ئـەم هۆکارانـەی دوایـی هـەندێ مـەیلی کـۆیی ئەندامان نابزوێنێ؟ ئەو مەیلانەی لە هەلومەرجی لەباردا (ئەوهەل و مەرجـەی بـە زۆری ئەم مەیلانە خۆیان بەدیهێنەرین) سەرهەڵدەدات و دواتر لە ڕێگـەی بیـانوو و پاسـاوەوە حاڵەتێکی وشیارانە وەردەگرێ. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشـدا پاسـاو و بەڵـگاندنێکی ڕاستگۆیانە دەکەن، چونکوو ئاگایان لـە تایبەتمەنـدی فریودەرانـەی ئـەم مەیلەکۆییانـە نییە. گەنجانی بێکار ئامـادەی ئاژاوەگێـڕین و وزەیـەکی تێکـدەر بەدیـدێنن؛ مـەیل و ئاژاوەخوازیی گەنجان، لە بەردەم کەمترین بەرگردا و، لە ژێر کاریگـەریـی هەلـومەرجی مێژوویی و ئەو ئامانجانەدا کە باون و بەپێی توانای سیاسی و تەکنیکی، لە پێناو شـەڕی ناوخۆ، کۆچ یان جەنگێکی دەرەوەییدا بەکار دەهێنـرێ. تـەنیا شـتی پێویسـت زانـینی شێوەی بەکارهێنانی ئەو هێزەیە. ئەمە ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی دەوڵەتە شـەڕخواز و ئەمپریالیستەکان بەرەو ئاوسانێکی حەشـیمەتی ڕاسـتەقینە دەکشـێن. بـە بەخشـینی ئیمتیازی ماڵی یان بەکارهێنانی هەموو جۆرە سزایەک منداڵان و کوڕانێک بە کۆمەڵـگا زیاد دەکەن کە بەهۆی ترس یان بە بۆنەی وەرگرتنی یارمـەتی داهاتـەوە دێنـە دونیـا. وەکی‌تر، لەم نموونانەدا ڕووبەڕووی سووڕانێکی نـەزۆکی خەفـەتهێنـەر دەبینـەوە کـە خەڵکانی خۆش‌نییەت و خێرخوازیش ناتوانن چارەسـەری بکـەن. تـرس لـە جـەنگ و کەڵکەڵەی بەرگری بەرامبەر هێرش، دنەی لە دایـک بـوونی ئـەو منداڵانـە ئـەدات کـە دەبنە سەربازانی داهاتوو. بەڵام هەر ئـەم زۆربـوونی حەشـیمەتە دراوسـێکان نیگـەران دەکات و مەیلی شەڕخوازانە لە نێوخۆی وڵاتدا دەورووژێنی.

نموونەیـەک بێنینـەوە: فەڕەنسـای سـەردەمی شـۆڕش ڕووبـەڕووی کەڵـەکەی حەشـیمەت ببـۆوە، ئەوکاتـە حەشـیمەتی وڵات بـە نیسـبەت تـەکنیکی کشـتوکاڵ و



www.pertwk.com

پیشەسازیی ئەو سەردەمە و هەروەها بە ڕێژەی حەشیمەتی وڵاتانی دیکەی ئەورووپا زۆر بوو. منداڵانی ئەم خولە، واتە پڕزاوزێترین خولی مێژووی فەڕەنسا، پێدەگەیشتن. ئەم کەڵەکەی حەشیمەتە بە بڕوایەکی پتەووەوە سەرەتا لە شۆڕشی ئامانجخوازانەی یەکەم، دواتر شەڕی ناوخۆ، ترۆر[1]، ڕاپەڕینی کۆماریخوازانی سەردەمی دایرەکتوار[2] و لە دواییشدا شەڕی سەڵتەنەتی لە چەشنی سەدەکانی ناوەڕاست لەگەڵ هەندێ تیوول[3]دار، نەجیبزادە، خاوەنپلە و ئیمپراتۆری پیرۆز[4]دا، بەشداریی کرد. پاشان ئاسایش دامەزرا، بەڵام بەهای ئەو ئاسایشە کوژرانی یەک ملیۆن و حەوسەد هەزار گەنج واتە لە سەدا شازدەی پیاوانی وڵات بوو. خولی درێژماوەی جەنگی وێرانکار بە زۆری پاش خولی گەشە و پێگەیشتنی حەشیمەت دەردەکەوێت. شەڕە سەد ساڵەکان[5] پاش گەشەی حەشیمەت لە سەدەی چواردەهەمدا، ڕوویدا. شەڕە سی ساڵەکان[6] و شەڕی ئایینیش لە کاتێدا ڕوویان دا کە ئاستی گەشەی حەشیمەت گەیشتبووە دواپلەی خۆی لە سەدەی شانزەهەمدا. کۆتایی سەدەی هەژدەهەمیش کاتێ بە هۆی کوتان (واکسیناسیۆن)ەوە حەشیمەت زۆری کرد، شەڕی شۆڕش و ئیمپراتۆری ڕوویان دا. بەم چەشنە ئەزموونی مێژوویی نیشان دەدات هیچ شەڕێکی گەورە بە بێ بوونی ئەو کەشەی کەڵەکەبوونی حەشیمەت بەرهەمی دێنێ، وێنا ناکرێت. شەڕێکی گەورە ناتوانێت بە بێ بوونی ژێرخانێکی حەشیمەتی لەبار ڕوو بدات. بەم چەشنە جەنگ لە

---

1ـ Terreur، خولێکی تایبەتی شۆڕشی فەڕەنسی (لە 5 سێپتەمبەری 1793 وە بۆ 27ی ژوئیەی 1794)، تەنیا مانگی ژووەن و ژووییەی ساڵی 1704 نزیکی 140 حوکمی مەرگیان درا.

2ـ Directoire، ئەو حکوومەتەی لە چوارەمی برۆمێری ساڵی چوارەمەوە (26 ئۆکتۆبری ساڵی 1795) بۆ هەژدەهەمی برۆمێری ساڵی هەشتەم (9ی نۆڤەمبەری ساڵی 1799) ڕێبەرایەتی فەڕەنسا لە ئەستۆ بوو.

3ـ تیوول بریتییە لەو کێڵگەی لە لایەن پاشا یان حاکمەوە بە کەسێک دەدرا بۆ ئەوەی بە دهاتەکەی بژی.

4ـ Saint Empire، دامەزراندنی ڕەسمی ئیمپراتۆریا لەسەر دەستی ئۆتۆنی یەکەم یان مەزن لە ساڵی 962 زاییندا بە هۆی وازلێهێنانی ئەو ئیمپراتۆریە بۆ پادشای ئاڵمانیا لە لایەن فڕانسوای دووهەمەوە، ساڵی 1806 ڕووخا.

5ـ ئەو جەنگانەی نێوان فەڕەنسا و ئاڵمانیا کە ماوەی 100 ساڵ درێژەی هەبوو.

6ـ جەنگی ئایینی ـ سیاسی (1618 ـ 1935) نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانەکان.

ڕواڵەتدا نەک ڕووداوێکی سەرەکی بەڵکوو بە شێوەی یەکەم دیاردەیەکی تەبەعییە[1] و لە پێگەی دیارکەوتنی زاڵی ناهاوکێشی کۆمەڵایەتیدا کە لە بنەڕەتدا ناهاوکێشی حەشیمەتییە، دەردەکەوێت. هەر ئەم حاڵەتەیە کە دژکردەوەیەکی تایبەتی دەروونناسانەی کۆمەڵایەتی ـ کە ئێمە وەک مەیلی شەڕخوازی کۆیی ناومان هێناوە ـ بەدیدێنێت.

ئەم نەوەستانانە ئەوە ڕوون دەکەنەوە چۆن هەستی دوژمنکارانەی کۆنی نێوان نەتەوەی هاوسنوور یان هەندێ ململانێ دەتوانن بە بێ هەڵگیرساندنی جەنگ، ماوەیەکی زۆر درێژەیان بێت و دواتریش لە هەندێ چرکەی مێژوودا هەڵبچن و بەریان پێنەگیرێت.

لە ڕوانگەی پۆلێمۆلۆژییەوە هەموو جەنگێک لایەنێکی هێرشکاری هەیە، ئەم هێرشکارە کەسێکە مەیلی شەڕخوازی تێیدا گرژترە، یان زیاتر حەزی لە جەنگە یان خود تەنانەت ناوشیارانە بەوپەڕی حەزەوە زەمینەی ڕوودانی جەنگ خۆش دەکات.

بە تواناترین مەیلی کۆیی بە زۆری ئەو مەیلانەن کە زیاد لە هەموو مەیلێک ڕواڵەتێکی فریودەرانەیان هەیە، چونکوو دەتوانن بە توندترین شێوە ئاوەزمان چەواشە و ڕۆحی ڕەخنەییمان سەرکوت بکەن. بەلام ڕەنگدانەوەی دەروونی گۆڕانکارییەکانی بونیادی حەشیمەتی، وەک هەموو دیاردەیەکی کۆمەلایەتی، زۆر نەرم و بگۆڕن. نەک کاتی دژکردەوە دەرگۆڕدرێت، بەڵکوو دژکردەوەکەش خۆی دەتوانێ بەرەو هەندێ مەبەست و ویستی دیکە لابدرێت.

هیوای دەرمان و چاکبوونەوەی چارەنووسی مرۆڤایەتی لێرەدا هەیە. چونکوو ئەگەر ناتوانین کارکردێکی حەیاتی بسڕینەوە، لانیکەم دەتوانین ڕەوتەکەی بگۆڕین و هەندێ جار جێگرێکی بۆ بدۆزینەوە.

بە کورتی دەبێ بڵێین ئەو گلەییانەی دەبنە هۆی دەرکەوتنی دوژمنایەتی، لە هەموو سەردەمێکدا هەن. پرسەکە ئەمەیە چۆنە دوژمنایەتی لە فلانە چرکەی تایبەتدا

7ـ Epiphenomene، ئەو دیاردەی بچێتەپاڵ یان بنووسێت بە دیاردەیەکی دیکەوە.



www.pertwk.com

دەردەکەوێت. بەڕای ئێمە، ئەمە بە تایبەت بونیادی حەشیمەتیە کە چرکەی پێکـدادان دیاری دەکات. ئەو نەتەوەی تازە جەنگی تێپەڕاندووە، بە خراپترین هاندانیش نابزوێت. هەر بەم بۆنەوە، جەنگی پێشگیرانە کە هەندێ مێژوونووس بـۆ دەوڵـەتوانان پەسـندیان کردووە، روونادات؛ چونکوو ئەم جەنگە لـە کاتێـکدا روودەدات کـە لەگـەڵ بونیـادێکی حەشیمەتی لەباردا هاوئاهەنگ بێت. بەڵـگەی ئـەم حوکمـەش نەتـەوەکانی رۆژئـاوای ئەورووپان لە سەردەمی دامەزراندنەوەی دووبارەی رێکخراوە و بونیـادی سـەربازیدا لـە رێنانی یان مۆنیخ.

### 3ـ کارکردی بنەڕەتیی جەنگەکان

لەم بارەوە هەر لە کۆنەوە تا ئێستە گەلێ گریمانە هێنراوەتـە ئـارا. پـاش پـرۆدۆن، «کۆنتۆن» لای وایە جەنگ لە رێگەی «مردنی کەسـانەوە [یارمـەتی] مانـەوەی جـۆری مرۆڤ» دەدات و باشترین و بەهێزترین کەسان هەڵدەبژێرێ. بەڵام ئاشتیخوازان وەڵام دەدەنەوە کە ئەم هەڵبژاردنە، «هەڵـبژارنێکی روولـە وێـرانی»یـە، چونکـوو جـەنگ بـە پێچەوانەوە بە گشتی بەهێز و گەنجترین مرۆڤەکان تێدا دەبات. وەکی‌تـر لـە جیهـانی حەیوانەکاندا، لە زۆر خاڵدا، ئەمە جۆرە جیاوازەکانی حەیوانـە یـەکتر تێـدا دەبـەن، لـە کاتێکدا جەنگ بە تەنیا لەنێو مرۆڤدا روودەدات و بەم پێیـەش هـیچ پێوەندییـەکی بـە مانەوەی چەشنەوە نییە.

ئەگەر بمانەوێ کارکردێکی بیۆلۆژیک بۆ جەنگ قایل بین، دەبـێ لـە جێگەیـەکی جگە لە هەڵبژاردندا بۆی بگەڕێین. کارکردی جەنگ چ نییە لە رووخاندن. ئەم کارکردە رووخێنەرانە لە پانتایی حەشیمەتدا نەگۆڕ و پردەوامترە تا لە بـواری ئابووریـدا، چونکـوو خەرجەکانی جەنگ دەکرێ لە رێگەی تاڵانکارییەوە بە خێرایی جوبران بکرێتەوە. بەڵام کوژراوان، هەموویان بە کوژراوی دەمێننەوە و لانیکەم یەک بەرە کـات پێویسـتە تـاکوو جێگەکـەی پـڕ بکرێتـەوە. ئەمـە کـۆنترین کاتێکـە تێیـدا سسـتیی حەشـیمەتی سەرهەڵدەدات.

ئەم کارکردە بیۆلۆژیکە، کە تایبەتی هەموو جەنگەکانە، وەک کارکردێکی بنـەڕەتی دێتە بەرچاو. کارکردەکانی دیکەی جەنگ، بەرەو نەمان دەبنەوە، کارکردی حەشیمەتی

تاقە کردکردی ڕەهامێنێ جەنگە و هاوڕێژەییەکی لەسەداسەدی لۆژیکیی لەگەڵ جەنگ هەیە. چونکوو هیچ ڕوبەڕوبونەوەیەکی چەکدارانـە نییـە بەشـێک لـە مرۆڤـایەتی تێـدا نەبات. بەم چەشنە کاریگەری خێرای هەموو جەنگێک، کاریگەریی ئەوە لەسەر بونیادی حەشیمەتی. جەنگ هەندێ لە پیاوانی گروپ (خێڵ، شار، نەتەوە، ئیمپراتـۆری و هتـد) لە ڕێگەی تێدابردن یان دوورخستنەوە قڕ دەکات. جەنگ کۆچێکی چەکدارانەیە.

گونجانی حەشیمەت لەگەڵ خۆی و لەگەڵ ژینگەی جوگرافی، ئابووری و سیاسـیی خۆیدا، بەپێی ڕەوتێکی بەردەوام نییە. ئەم گونجانە وەک هەموو دیاردەیەکی بیۆلۆژیک یەکێکە لە دژکردەوە نائیرادییەکان و لە ڕێگەی هەندی خشتەی دووپاتەکییـەوە، واتـە ئەو خشتەی لە لایەن بیۆلۆژیی بیرکارییەوە، لێکدراوەتەوە، نیشان دەدرێت. (بڕوانن بـۆ بەرهەمـەکانی لووتکـا[1]، ڤۆلـتێرا[2]، کۆسـتیزین[3] و کەسـانی دی). شـەڕ یەکێکـە لـە توندوتیژترین دیاردە گونجێنەرەکان. بەڵام دیاردەیەکی دەگمـەن نییـە. بـە وتەیـەکی ڕاستر، ئەم دیاردە یەکێکە لەو دامەزراوانەی چۆنێتییەکی وێرانکەریان هەیە و وەستان یان سستبوونیان سیستەمێکی حەشیمەتیی هاوشێوەی بەدوادا دێت.

**4ـ دامە زراوەی رووخێنە ر**

لە هەموو کۆمەڵگایەکدا، لەپاڵ مردنی سرووشتیدا، پێویسـتە مـردنی دامـەزراوەیی یان بە وتەیەکی دیکە مردنی ئەنقەستیش شـوێنێکی بـۆ تـەرخان بکرێـت. تێـدابردنی توندوتیژی مرۆڤ یان سەپاندنی دۆخی دژوار بەسەر هەندێ تویژدا، لە دواییشدا کـورت کردنەوەی تەمەنی ئەوان، نموونەیەکی مەرگی ئەنقەستن. ئەم باسە ڕوون دەکەینەوە:

1ـ **ڕۆڵـەکوژیی ڕاسـتەوخۆ**. قوڕئـان ئەڵـێ «ڕۆڵـەکانی خۆتـان بـەهۆی گوشـاری هەژاریی مەکوژن، مە بژیـوی وان دابـین دەکـەین.» لـە عەرەبسـتاندا، پـێش ئیسـلام محەممەد، بۆ نەهێشتنی کوشتنی کچان گەلێ هەوڵی دا. لە کۆمەڵـە سـەرەتاییەکانی

---

1- Lotka.

2- Volterra.

3- Kostizin.



www.pertwk.com

دیکە، منداڵانی کوڕ بەو پەڕی مەیلەوە قوربانی دەکران. لە ژیارە کەوناراکانی ئەورووپادا، رۆڵەکوژی نەریتێکی نەگۆڕ بوو. یاسا ئەو کارەی بە مافی شەرعیی باوکی بنەماڵە دەزانی. تەنیا پاش دەرکەوتنی مەسیحیەتە کە فڕێدانی منداڵ وەک کارێکی ناشەرعی دەناسرێت و ئیدی جێگەی چاو لێپۆشین نیە. ئەو هەموو شتەی سەبارەت بە کۆرپەی سەر رێگا لە داستان و حەکایەتاندا هاتووە، ئەم خاڵە دەسەلمێنێ. مووسا، رۆمۆلووس[1]، کوورش، ئۆدیپ[2] و هتد هەموویان لەسەر رێگا دۆزراونەوە.

2ـ **رۆڵەکوژی ناڕاستەوخۆ**. بایەخ نەدان بە منداڵانی کچ، بە داخەوە دەبێتەهۆی مردنی زۆر لە هەندێ کۆمەڵەی کەونارایی وەک چین یان کۆمەڵە رۆژهەڵاتییەکاندا. توندوتیژی، رفتاری خراپ و ناپارێزگاری، شێوە ناڕاستەوخۆکانی رۆڵەکوژین کە زۆربەی کات هەژاری و حەشیمەتی لەرادەبەدەر بەزۆر زیاتری دەکەن. نەبوونی یاسای تایبەتی پاراستنی منداڵان لە خولی دەرکەوتنی پیشەسازییە گەورەکاندا، ئەو خولەی کە هەندێ منداڵی حەوت ساڵان لە کانەکاندا کاریان دەکرد، لەم بابەتەن. وەکی تر دەتوانین ئاماژە بۆ مافی موڵکایەتی باوک بەسەر هەموو منداڵاندا کە مافناسی رۆمی و رەسمی ناسیویەتی و پاشماوەکەشی لە بەشێکی گەورەی کۆمەڵە مرۆییەکاندا تا ئەورۆکەش ماوەتەوە، بکەین. دان و ستاندنی رەش پێستان تا رادەیەکی زۆر لە لایەن ئەو دایک و باوکانەوە بوو کە منداڵانی خۆیان دەفرۆشت.

**شێوەیەکی دیکەی رۆڵەکوژی ناڕاستەوخۆ:** تاقیکردنەوەی تایبەتی **پێکردنەوە** کە بە زۆری لە ژیاری سەرەتاییدا، لە کاتی تێپەڕین لە قۆناغی منداڵییەوە بۆ قۆناغی بلووغ بەڕێوەدەبرێ شتێکی باوە (رۆژوو، دارکاری، قەمچی لێدان، خاڵکوتان و هتد). پاشماوەی ئەم تاقیکردنەوە تایبەتانە لە «بریماد[3]» و بە گشتی لە هەموو ئەو دامەزراوانەدا کە ئاموون[4]ی کۆمەڵناس بە دامەزراوەی هەڵبژێرکار ناویان دەبات،

---

1ـ Romulus، بناغەدانەری شاری رۆم و یەکەم شای رۆم.

2ـ Odipe، ئوستوورەیەکی یوونانی، کوڕی لایووس و شای تێب.

3ـ Brimade، ئەو تاقیکردنەوە بێ‌کەڵک و زڕانەی قوتابیانی کۆن بەسەر قوتابیانی نوێدا دەیانسەپاند.

4- Ammon

دەبینین. هەندێ دامەزراوەی وەک تاقیکردنەوە، کۆنکوور و سەربازی کـە ناڕاسـتەوخۆ دەبێتەهۆی شەکەتی، سوان، هیوابڕاویی و هەنـدێ جـار تێـداچوون بـەهۆی دابـەزینی توانای جەستەیی بەشێکی زۆری گـەنجان، بـە تایبـەت گـەنجانی کـوڕ. لـە دواییشـدا کاتێک قەیران، برسێتی، پەتا و هتد دەردەکەون، بە زۆری گەنجان قوربانی دەبن.

3ـ **خەساندنی ئەندامی جنسی**: ئەم کارە لە مێژوودا دەورێکـی گـەلێ گرنگـی لـە دابەزاندنی ژمارەی حەشیمەتدا گێڕاوە. سەدەی هەژدەیەم بە وتەی تاڤێرنیە[1]، تەنیا لـە ماوەی یەک ساڵدا، بیست و دوو هەزار کەس لە هەرێمی «گلۆنـدە[2]» خەسـێنراون. لـە کاتێکدا ئەم ناوچە، تەنیا ئەیالەتێکی ئیمپراتۆریای مەزنی مەغوولەکان بوو. خەساندن بە زۆری هاوکـات بـوو لەگـەڵ کۆیلـەداری و رفانـدنی منداڵانـدا و هـەندێ نەتـەوە تایبەتمەندییەکی هێماییشیان بۆ وێنا دەکرد: هەندێ وێنەکێشی میسـری وێنـەی ئـەو کاتیبانە نیشان دەدات کە خەریکی سەرژمێری ئەو خواجانەن کە لە لایەن سـەربازانەوە داگیر و بە دیاری هێنراون.

لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە ئەو هۆکارانەی بۆ پاساوی ئەم نەریتە هێنـراونەتەوە، شیبکەینەوە. جگە لەمەش رەنگە پاساوێکی گشتگر و بڕواپێکراو لە ئارادا نەبێت. بـەڵام لەوانەیە کردەی خەسـاندن لـە خـولی جۆراوجـۆر و کۆمەڵـگای جۆراوجـۆردا، ئاکـامی لۆژیکی هەندێ بڕوا و دامەزراوەی دیارکراو بووبێت. بەڵام لە روانگەی حەشـیمەتییەوە، ئەم روونکردنەوانە تەنیا دەتوانن وەک دیاردەگەلێکی تـەبعی چـاو لێبکـرێن. پاڵـنەری خەساندن هەرچی بێت، ئاکامەکە ناگۆڕێت: هەنـدێ گـەنج نـاتوانن بەشـداری کـردەی زاوزێ بکەن. ئەگەر ژمارەی ئەم گەنجانە سەرنجراکێش بێت، بـە ناچـاری کاریگـەریی جۆراوجۆری لەسەر ژمارەی زاوزێ دەبێت.

4ـــ **روهبانییـــەت**، بـە بـێ ئـەوەی ئەنـدامێک بخەسـێنێت، هـەمان کاریگـەری کەمکردنەوە لەسەر حەشیمەت دادەنێت. روهبانییەت بە پێـی شـوێن و کـات، دەوری

1ـ Jean Baptiste Tavernier.

2ـ Golconde، شارێکی هێندوستان لە نزیکی حەیدەرئاباد کە ئەوڕەنگ زیب ساڵی 1678 رووخاندی.



www.pertwk.com

جۆراوجۆر دەگێڕێت. هەندێ جار بۆ نموونە لەهەندێ خولی سەدەکانی نێوەڕاست یان لە سپانیای سەدەی شازدەیەمدا، بە رادەیەکی سەرنجڕاکێش پەرە دەگرێ. ژمارەی راهیبەکانی فەرەنسا لە نزیکەی شۆڕشدا، دەگەیشتە نزیکەی دوو سەد هەزار کەس. بەلام سەردەمی گەورەی روهبانی دەمێ سالە تێپەڕیوە.

بۆ نموونە لە سپانیا روهبانیەت هاوکاتی خولی کۆچی بەربلاو، دەگاتە لووتکەی خۆی. واتە هاوکاتی ئەو وەختەی کە دانیشتووانی نیمچەدوورگەی ئیبری بەرەو ئەمریکا رۆیشتن. راهیبی و پارێزگاریی بە شێوەی ریزپەڕیش لە هەندێ ناوچەی وەک تەبەتدا گەشەی کردووە و وەک دیارە ئەم گەشە زادەی هەندێ دژکردەوەی ناوشیارانەیە کە لە ژێر گوشاری هاوکێشەی حەشیمەتی ـ ئابووریدا بەدیهاتوون.

5ـ **کۆیلەداری**: کۆیلەداری لە روانگەی حەشیمەتەوە بریتییە لە زاوزێی زۆر کەم و مردنی زۆر. ئامارە دەگمەنەکانی ئەم دواییە سەبارەت بە مردنی کۆیلەکان لە دوورگەکانی ئانتیل لە سەدەی هەژدەیەمدا، ئەوە نیشان دەدەن کە رادەی مردن تێیاندا پێنج قاتی مردنی کۆیلە ئازاد کراوە رەشپێستەکانە. جگە لەوەی ئەم ئامارە هی خولێکە کە بەهۆی کەمبوونی دان و ستاندنەوە، بەهای کۆیلەکان تا رادەیەکی بەرچاو زۆر ببوو و لە ئەنجامیشدا هەڵس و کەوت لەگەڵ کۆیلەکاندا چاکتر ببوو. کاری زۆرەملیش لە ئێستەدا ئەم دەورە رووخێنەرە دەگێڕێ، بەم جیاوازییەوە کە کرێکاری زۆرەملی لەبەر ئەوەی بایەخێکی نییە، هومێدی هیچ نەرمییەکیش بەرامبەری ناکرێت.

دەکرێ هەندێ کاری وەک کۆڵکێشی (حەمباڵی) لەگەڵ کۆیلەداریدا بەراورد بکرێت. تەنانەت ئەوڕۆکەش لە چین، کۆڵکێشان ئەرکی گواستنەوەی گەنداوەکانیان لەئەستۆیە و زۆر بە دەگمەن دەبینرێت تەمەنی عەرەبانەچییەک (هەروەک هەزاران کەس لە خەڵکی چین ئەم کارە دەکەن) لە بیست و پێنج ساڵ تێپەڕێت.

جێگەی بیرهێنانەوەیە کە ئێمپراتۆریای چین، وەک رۆم، ئەو کاتەی گەیشتە لووتکەی پەرەگرتنی خۆی و چەندین سەدە ئاسایشێکی جێگیری هەبوو، دەستی دایە رەشەکوژی بەربلاوی کۆیلەکان. کوشتنی کۆیلەکان وەک دیارە جێگەی زیانی سەربازی خولی جەنگ و قەیرانی گرتۆتەوە.

6ـ **مافی سزادان،** گوشارێکە زیاتر لەسەر گەنجانە. ئەم راستییە کە شڵەژان و تامەزرۆیی لە گەنجاندا شێوەیەکی توندوتیژتر لەخۆدەگرێ، ئەوان بەرەو خراپکاری، بەرِەڵایی و هتد پاڵدەنێت و لە ئەنجامیشدا سزا دەدرێن.

سیستەمە کۆنە ئەوروپیەکان و سەرجەم سیستەمی وڵاتانی کەنارای وەک چین، لە ئاستێکی بەربڵاودا سزای لە سێدارەدانیان پێرِەو دەکرد. دزی، تەنانەت دزی ناتوندوتیژانە ـ سزای سێدارە یان ئەشکەنجەی دیکەی لێ دەکەوتەوە. زیندانەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە هەموو جێگەیەک شوێنی راستەقینەی ئەشکەنجە بوون. لەم زیندانانەدا زیندانییەکان بەهۆی برسێتی و پەتاوە دەمردن.

بەڵام بێ گومان جەنگ توندوتیژانەترین دامەزراوەی رووخێنەرە. چونکوو گەلێ لە دامەزراوە رووخێنەرەکانی دیکە، بکوژترە.

بەم چەشنە، «قووچەکی (هێرەم) تەمەنی» بڕواپێکراوترین پێوەری هەڵسەنگاندنی رادەی شەڕخوازیی دەوڵەتێک، یان رادەی پێداویستیی ئەو دەوڵەتەیە بۆ بەکارهێنانی دامەزراوە رووخێنەرەکانی دیکە.[1]

لە دواییشدا، کۆچ، ئەگەرچی بەراستی دامەزراوەیەکی روخێنەر نییە، بەڵام هەمان دەور دەگێرێت. وای بۆ دەچن کە نزیکی چل ملیۆن ئەورووپی سالانی 1800 بۆ 1914 ئەورووپایان جێهێشتووە. ئەو کۆچە کۆییەی گەنجان وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە دەپرسێ بۆ سەدەی نۆزدەهەم لەچاو سەدەکانی دیکە، هێمنترین سەدە بووە. لە لایەکی دیکەوە دوورخستنەوەش شێوەیەکی کۆچی زۆرەملییە و هەندێ جار دەورێکی گرنگ لە مێژووی حەشیمەتیدا دەگێرِێ. دۆخی سیبریا و ئۆستراڵیا نموونەی ئەم شتەن. سەبارەت بە زیانەکانی جەنگیش دەبێ بڵێین لەگەڵ ژمارەی کۆچی کەسان بۆ جێهانی مردووان، یەکسانە.

---

1ـ هەڵبەت نابێ ئەوەش لەبیربکرێ کە پێشکەوتنی سەرسامکەری تەکنۆلۆژیای جەنگ لە ئێستەدا، تواناکانی ئەم پێوەرەی سرِیوەتەوە، واتە ئێستە زۆربوونی وزەی مرۆیی فاکتەری دیاریکەری ئەنجامی جەنگەکان نییە و تا رادەیەک لانیکەم وڵاتانی پێشکەوتوو و پرچەک بە تەکنولۆژیا، جەنگ زیاتر جەنگی رۆبات (زاڵ)ە لەگەڵ مرۆڤ. ـو.ک.



www.pertwk.com

**رۆڵەکوژی دواخەرانە**. هەموو ڕووداوەکان بە چەشنێکن چما لـە نێـوان کۆمەڵـەی دامەزراوە ڕووخێنەرەکان لە لایەک و، دەوری حەشیمەتیی جەنگدا، لە لایەکی دیکەوە، پێوەندییەکی هاوکێشکەر و جوبرانی هەیە: کەی مەرگی منداڵان، برسـێتی، هـەژاری و هتد، قوربانییەکی کەمتر بستێنن، قوربانیانی جـەنـگ زیـاتر دەبـن. مێـژووی ئـەم دوو سەدەی دوایی نموونەی ئەم پێوەندییە پێچەوانەن.

حەشیمەتی ئـەورووپا لەگـەڵ کوتـان (واکسیناسـیۆن) و یەکـەم پێشـکەوتنەکانی پزشکیدا زۆر بە خێرایی زیادی کرد: پاش ساڵی 1800ی زایینی، ژمارەی سپیپێستان چوار قات زیادی کردووە، لە کاتێکدا ئەم ژمارە لای ڕەگەزەکانی دیکە لـە چـوارەوە بـۆ دوو، دادەبەزێت.

ڕێک هەر ئەم کاتەشە کە بە هۆی تەقاڕونێکی سەرسووڕهێنەرەوە، گەلێ کوشتاری گەورە لە نێوخۆی سپیپێستاندا ڕوویدا: جەنگی شۆڕش، جەنگی ئیمپراتـۆری، جـەنگی سەربەخۆیی، جەنگی ناوخۆی ڕووسیا و سـپانیا، ئەمانـە جگـە لـە دوو شـەڕی جیهـانی یەکەم و دووهەم.

ئەوڕۆکـە وەک دیـارە گەشـەی حەشـیمەتی ئاسـیا زۆر خێراتربۆتـەوە. دوور نییـە خەڵک و دەوڵەتانی ئەم وشکانییە ، وەک شەڕخوازترین نەتـەوە و دوڵـەتان دەرکـەون؛ مەگەر ئەوەی خۆیان، پاش ڕزگاریی لـە بەنـدی دەسـەڵاتی ئەورووپییـەکان نەیانـەوێ بگەڕێنەوە بۆ لای دامەزراوە سونەتییە ڕووخێنەرەکانی خۆیان. ئەمـە بابەتێکـە داهـاتوو نیشانی دەدات.

مەرج نییە کەڵەکەبوونی حەشیمەت یـان ناهاوکێشـی حەشـیمەتی ـ ئـابووری بـە حەتمی ببێتەهۆی هەڵگیرسانی جەنگ. کەڵەکەکەوتنی حەشـیمەت یـان ناهاوکێشـی حەشیمەتی ـ ئابووری بە تەنیا هەندێ دامەزراوەی ڕووخێنەر ـ کە جەنگ یەکێکە لـەم دامەزراوانە ـ [نەک هەموویان] وەخەبەر دێنێ. لە مێژوودا، دوو هۆگریی گەورە، بە پێی ژیار، دەوڵەت و سەردەمان هەندێ جـار بەسـەر یـەکتردا زاڵ بـوون: هـۆگریی یەکـەم بریتییە لە زۆرکردنی ئەنقەستی مردنی منداڵان لە ڕێگەی ڕۆڵەکوژی یـان (مسـامحە).

دووهەم هۆگریی بریتییە لە پارێزگاری و پشگیری‌کردنی منداڵان، بۆ ئەوەی دواتر بەرەو جەنگ بەڕێ بکرێن؛ ئەمە بەڕاستی ڕۆڵەکوژییەکی دواخەرانەیە.



www.pertwk.com

# بەشی پێنجەم

## تایبەتمەندی گەلناسییانەی جەنگ

### 1ـ جەنگ و جێژن

جێژن، دەورێکی بنەڕەتی لە ژیانی هەموو گروپێکدا دەگێڕێ. دۆرکیم نیشانیداوە کە لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە، مەبەستی جێژن پتەوکردنەوەی یەکیەتی گرووپ، نوێکردنەوەی سووڕی پێوەندییەکان و، گرێدان و یەکیەتی ئەندامانی گروپە.

جێژن لە ژیارە جۆراوجۆرەکاندا هەندێ تایبەتمەندی نەگۆڕی هەیە:

1ـ جێژن هەمیشە پێویستی بە کۆبوونەوەی فیزیکیی ئەندامانی گروپە؛ لە «کۆرۆبۆری[1]»یەکی ئۆستڕالیدا بێت یان لە جێژنێکی پێکردنەوەی سوورپێستانی می‌سی‌سی‌پی، تام ـ تام ـ ی ئەفریقی، یاریی ئۆلەمپیک، رێ و رەسمی تایبەتی «ئیلۆسیس[2]» جێژنی فلاماند[3]، یان کارنەڤاڵەکاندا، خەڵک لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوە.

2ـ جێژن رێ و رەسمێکە خەرج یان هەڵەخەرجی لەگەڵە. گروپ، سامانی پێشترکۆکراوەی خۆی لە کاتی هەژان و هەڵچووندا (زێدەڕۆیی لە شەرابخواردنەوە،

---

1ـ Corobori، جێژنێکی دانیشتووانی کۆنی ئۆسترالیا کە سەما و پانتۆمیمی لەگەڵە و بە رای ئەوان ورەی جەنگی بەهێز دەکات.

2ـ Eleusis، شوێنێک لە باکووری رۆژاوای ئاتێن کە دوانزە هەزار و حەوسەد کەس دانیشتووی هەبوو. لەم شوێنە بۆنەی تایبەتی ئاینی بەڕێوە دەچوو.

3ـ Flamandes، ناوی جێژنی ئاینی و جێژنی گشتی ساڵانەی ئەو وڵاتانەی بە زمانی فلاماندی دەئاخڤن.

رابواردن، میوانی) خەرج دەکات و تەنانەت هەندێ جار بە هۆی شادی یان رقـەوە ئـەو سامانە تێدا دەبات. وەکی تر، جێژن هەلێکە بۆ نیشاندانی دلاوایی و بەخشـندەیی: دان و ستاندن و دیاریدان لە جێژنەکاندا زیاد دەبێت.

جێژنەکان هەمیشە بازارێکی ئاشبەتالانەیان لەگەڵە: هەلێک بۆ نوێکردنەوەی جل و بەرگ و خشڵ، گۆڕینەوەی دیاری، بانگێشتنی یەکتر بۆ رابواردن و گەمە.

لە کاتی رێ و رەسمی جێژندا هەمیشە ئاگامان لە رووخاندنی تێکەڵ بەخۆ نوێنییە کە لە هەندێ لایەنەوە پێوەندی بە جەنگەوە هەیە. خەڵک شانازی بەو زیانانەوە دەکەن بەریان کەوتووە.

رێ و رەسمی سەرکەوتن لای گەلانی جۆراوجۆر بەردەوام چەشـنێک رووخانـدنی هێمایینی لەگەڵە. سـووتاندنی پێرسـپۆلیس لـە راسـتیدا کردەیـەکی خـوازەیی و ئـەو قوربانییە بە نرخە بوو ئەسکەندەر پێشکەشی خوداوەندی سـەرکەوتنی کـرد. هـەورەها رۆمییەکان تەنیا پاش بەڕێوەبردنی جێژنی سەرکەوتن سەرۆکە دیلەکانی دوژمنیـان لـە زیندانی «مامێرتێن[1]» دەخنکاند.

3ـ لە هەموو جێژنێکدا رێسای ئەخلاقی دەبەزێندرێن و هەندێ بڤە لە بـیر و رەوا دەکرێن و تەنانەت دەسەپێندرێن. زۆربەی جێژنی گەورەی خێڵە سـەرەتاییەکان رێ و رەسمێکی خواردنەوەی لەگەڵـە کـە تێیـدا بڤـە جنسـییەکان نـامێنن. لـە رۆم کـاتی [بەڕێوەچوونی] «لۆپێرکال[2]» کۆیلە لە ئـەمری خـاوەن لایـدەدا و کـاتی سـەرکـەوتن، سەربازان بە ئاشکرا گاڵتەیان بە ئیمپراتۆر دەکرد.

4ـ جێژن ئەو بۆنەیە هەژانی کـۆیی لەگەڵـە: سـەما، خواردنـەوە، گـۆرانی چـرینی شێتانە، شادی لەرادە بەدەر، کردەی ناپەسند، شڵەژان و توندوتیژی بەدیدێنێ.

5ـ جێژن چەشنێک لەهۆشخۆچوون و سستیی جەستەیی دروست دەکا: کەسـان لە کاتی جێژندا لە هۆش خۆ دەچن و هەندێ کاری نائاسایی دەکەن کە هەندێ جار تـا

1ـ Mamertine، ئەو زیندانانەی تایبەتی بەکرێگیراوان بوو و لە مێسین کرابۆوە.

2ـ Lupercale، جێژنێکی ساڵانەی رۆمی کۆن کە پانزەی ژانڤیە بەڕێوە دەچوو. ئەم جێژنە بۆ خوای پان دەکرا کە ئەو گورگەی کوشت کە شیری بە رۆموس و رۆمۆلووس دابوو.

ئاستی کوشت و بڕ، یـان نوقسـانی ئەنـدامێک دەچێـت. لـە ئێسـتەی هێندووسـتاندا دەبینین کاتی رێ و رەسمی تەواف و زیارەتی «سیوا»، هەندێ ئیمانـدار خۆیـان لـەژێر «کالیسکەی خودا»دا دەشکێنن.

6ـ بۆنەی قوربانی بەشێکە لە جێژنی خێڵە سەرەتایی و ژیارە کەوناراکان: قوربـانی کردنی حەیوان و لە هەندێ ژیاریشدا قوربانیکردنی مرۆڤ، یان قوربانیکردنی ناتەواو و هێماییین وەک شانۆی ئایینی کە تێیدا هەندێ لـە دەورگێـڕان بەڕاسـتی دەمـرن یـان کۆیلە و مەحکوومکراوان لەباتی ئەوان دەکوژرێن.

کۆی ئەم تایبەتمەندییانـە لـە جەنگـدا هەیـە. دەکـرێ بڵـێین جـەنگ جێژنێکـی تەواوەتی و بە واتای کۆمەڵناسانەی وشەکە «ئۆرگیا[1]» یـەکی پـیرۆز و مەزنـە. جـەنگ رووخاندنە، رووخاندنێک بێ سێبوری و چاوپۆشی؛ شێوەکانی دیکە جێژن چ نـین جگـە لاساییکردنەوەیەکی ساکاری جەنگ.

ئێستەش ئەو لایەنە گرنگانەی جەنگ بە جێژنەوە دەبەستن، لێکدەدەینەوە:

**تایبەتمەندی جوانیناسانەی جەنگ**. ئەم تایبەتمەندییـە پـێش هـەموو شـتێک لـە ریزبەستنی جەنگاوەراندا بەرجەستە دەبێت. بێجگە لەم پەنجا ساڵـەی دوایـی، هـەموو کاتێک جوانترین خشڵ و کەرەسەی رازاندنەوەی مرۆڤ لە ژیـارە جۆراوجـۆرەکانـدا بـۆ رازاندنـەوەی جـەنگاوەران بـەکارهێنراوە. کـانزای گـران، خشـڵ، پـەل، کڵاوخـوودەی بریسکەدار و بەزریوە، پارچەی رەنگامە و گەش، چێونەخشێنی و کانزا نەخشێنی و هتد، بەشی هەمیشەیی جەنگاوەران بووە. سەردانێکی مۆزەخانەی چەک و بەرگی سـەربازی یان سەیرکردنی ئاڵبۆمە سەربازییەکان، ئەم بابەتە دەسەلمێنێ.

شەڕخوازترین خەڵکانی خێڵی سـەرەتایی و ژیـارە کـەوناراکان، جـەنگیان لەگـەڵ سەمایەکی کۆییدا ئاوێتە دەکرد. رەشپێستەکان پێش رۆشتن بۆ راسپاردەی جـەنگی، سـەمایان دەکـرد. ئـەم باسـە سوورپێسـتەکـان (سوورپێسـتانی ئـەمریکای بـاکوور،

1ـ Orgie، جێژنێکی یۆنانی کەونارا، کە ئاژاوە و خوارنەوەی لە رادە بەدەری تێدا دەکرا.



www.pertwk.com

هێندییەکان و پۆلۆنزییەکان)یش دەگرێتەوە. لە یۆنانی کەوناراشدا سەمای جەنگی، بە تایبەت سەمای «پوورهۆسیَ[1]» ـ کە هەندێ جاریش بە چەکەوە دەکرا ـ هەبووە.

هەندێ کاری وەک نواندنی سەربازی، سان، ڕێژە، شانۆی کۆمیک، ڕێژە بە چراوگ و هتد بەم هونەرنوێنیانە زیاد دەکرێن. ململانێکانیش هەندێ لایەنی جوانیناسانەیان هەیە کە لە شانۆ نزیکیان دەکاتەوە. شەڕ [سەمای] باڵەی پڕمەترسییە، بۆ سەلماندنی ئەم خاڵەش هێندە بەسە سەرنجێکی پەیکەرە یان ئەو شێوەکارییانە بدەین کە جەنگەکانیان تێدا وێنە کێشراوە یان چاوێک لە لەوحی هەڵکەندراوی ئاشووری، بەردەنووسی پەرستگەی یۆنانی، تابلۆکانی «وارێند مۆلێن[2]» یان تابلۆکانی «بارۆن گرۆ[3]» بکەین.

**تایبەتمەندی سەرقاڵکەرانەی جەنگ**. جەنگ مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەی خۆی دادەبڕێ. جەنگ مرۆڤ دەباتە کەشێکی ماددی و دەروونی نەناسراو. جەنگ پێش هەموو شتێک سەرچاوەیەکی هەژان و هەڵچوونی بێنموونەیە.

تەنانەت لە جیهانی نوێشدا جەنگ ـ لانیکەم لە دەسپێکدا ـ بێگومان تایبەتمەندییەکی سەرقاڵکەرانەی هەیە. تاکی ئامادەی جەنگ سەرەتا وا هەست دەکات بۆ پشوودان دەچێت. ئەو [لەم کاتەدا] لە بەندی ژیانی سووکی ڕۆژانە، لە بەندی ژیانی نێو بنەماڵە و کار ڕزگار دەبێ. ئەو ئیدی بیر لە خەرج و کرێی خانوو ناکاتەوە. لە ڕێکخراوی ئەوڕۆکەییدا کاتێک کرێکار یان کارمەندێکی دەوڵەتی یان نادەوڵەتی دەچێتە جەنگ، بە هۆی ئەو سیستەمەوە لە بواری یارمەتیدانی مووچە و زیادەمووچەدا هەیە، زیانێکی ماددی زۆری لێ ناکەوێت.

---

1ـ Pyrrhique، ئوستوورەیەکی یۆنانی سەبارەت بە کچی پێپی مێتە و پاندۆر و، جۆرە سەمایەکی بە چەک.

2ـ Adam Fransvander Meulen، (1632 ـ 1690) وێنەکێشکی فلامان، تابلۆکانی ئەو مێژووی سەربازیی لوویی چواردەهەمی لەخۆگرتووە.

3ـ Antoine Baron Gros، (1771 ـ1835)، وێنەکێشی فەڕەنسی.

جەنگ یەک ریتمیی کۆمەڵگای ماشێنی دەسڕێتەوە. هەندێ کەسی وەک «ئا. هاکسلی[1]» و بە تایبەت «لوویس مامفۆرد[2]» لایان وایە بەم بۆنە دەروونناسییە، چەندە کۆمەڵگا ماشێنی ببێتەوە و تەکنیک بەسەریدا زاڵ بێت، رۆحی شەڕخوازی تێیدا گەشە دەکات. دۆرکیم لە کتێبی «خۆکوژی»دا و پاش ئەو «هالبوواکس[3]»، بەم خاڵەیان زانیوە کە رادەی خۆکوشتنی ئەوکەسانەی کاتی شەڕ بەشدارییەکی راستەوخۆیان لە جەنگدا نییە، دوو لە سێی سەردەمی ئاشتییە.

بە سەرنجدانی ئەو رووداو و جەنگانەی لە ئەڵمانیا روویداوە، دەتوانین بڵێین پاڵنەری جەنگ لەو وڵاتانە زۆر بەهێزە کە لە ژێر دەسەڵاتی سیستەمی سەرکوتکارانەی تونددان. ئەم سیستەمانە یەکگرتوویی بەسەر کەساندا دەسەپێنن، خەباتی سیاسی ودیالۆگی ئایینی و فەلسەفی و ئەدەبی دەخنکێنن، هاوڵاتیان بۆ کاری زۆرەملی و گوێڕایەڵیی دەستووری پۆلیس و کوێر و توندوتیژ ناچار دەکەن، بەر بە هەموو داهێنانێک دەگرن. هاوڵاتیان ئاگا یان بێ ئاگا بۆ دابینکردنی سەرقاڵیی راستەقینە و لە لایەنی رۆحیشەوە بۆ دابڕان لە ژینگەی یەک ریتمیی خۆیان و فرەڕەنگ کردنی ژیان، دڵیان تەنیا بە جەنگ خۆش دەبێ.

لای خێڵە سەرەتاییەکان، هێرشکاریی و لەشکرکێشی هەم سەیرانێکی پرمەترسی و هەم کێبڕکێیەکە لە راو زۆر خۆشترە ـ تەنانەت لە راوی پرمەترسیترین حەیوانیش تەکاندەرتر.

**جەنگ و بابەتی پیرۆز.** گۆڕینی شێوەی بیرکردنەوە یەکەمین و سەرنجڕاکێشترین گۆڕانێکە لە جەنگ بکەوێتەوە. بەندی کۆمەڵایەتی پیرۆز و ناپیرۆز و سنوورەکانیان بە خێرایی تووشی وەرچەرخان دەبن. ئەم وەرچەرخانە پێش هەر شتێک مانای خەڵک کوشتن دەگۆڕێت و ئەو کردەی پێشتر مەنع دەکرا، لەپڕ بەرامبەر دوژمن بە رەوا

1ـ Aldous Huxley، (1894 ـ 1936) نووسەری ئینگلیزی.
2ـ M. Lewis Mamford (1895 ـ ؟) نووسەری ئەمریکی.
3ـ Maurice Halbwachs، (1877 ـ 1945) کۆمەڵناسی فەرەنسی.


www.pertwk.com

دادەنرێت و رادەسپێردرێت. هەندێ بڤەی دیکەش لە بواری خاوەنداریێتی و پەلامارنەدانی گیانی کەسانی دیکەدا کاڵ دەبێتەوە: رفاندن و داگیرکردنی سامانی دوژمن بە شێوەی جۆراوجۆر، رەوا دەکرێت. رفاندنی مرۆڤ و تەنانەت دەستدرێژیش، بە زۆری بە ئاشکرا یان پاڵەکی، رەوا دەکرێ.

شێوەگۆڕکێی بەهاکان، کە نیچە زۆری حەز لێدەکرد، بە شێوەیەکی رێک و لەپڕ بەهۆی جەنگەوە روودەدات. جەنگ هەر لە کاتی راگەیاندنیەوە، جیهانێکی ئەخلاقی نوێمان بەروودا دەکاتەوە. ئەمە سیمایەکی دیکەی وەهماندنێکی کۆییە کە خەسڵەتی ژیانی کۆمەڵایەتییە لە لووتکەی خۆیدا.

**دولانەیی دەرووناسانە**[1]. ئەگەرچی مانای دۆست و دوژمن لەکاتی ئاشتیدا جیاوازە، [بەڵام] زاراوەی دوژمن لە کاتی جەنگدا هەمان ناوەڕۆکی سەرەتایی خۆی بە بەردا دەکرێتەوە:

دۆستی یان دوژمنی، کە لە ژیاندا گەلێ لێکدژ و بگۆڕ دەردەکەون، کاتی جەنگ دەگەنە گرژترین شێوەی خۆیان؛ ئەو شێوەیەی لەپڕ بەرەو چارەسەرێکی زۆر توندڕەوانە مل دەنێ. پاش ئەم گرژبوونەوە، دوژمن ئیدی دەبێ بکوژرێت، دەبێ خۆ بە قوربانی هاوڕێیان و دۆستان بکرێت. ئاستێکی ناوین لە ئارادا نییە.

گابریەل تارد، ئەم دۆخەی لە تیۆرییەکەی خۆی واتە «دۆئێلی لۆژیکی»دا شیکردۆتەوە. تارد ئەم خاڵە بیر دەخاتەوە کە کاتێک لە جێگەیەکدا چەندین تیۆر یان لایەنگریی جۆراوجۆر ئامادەن، ئەم فرەرەنگییە تا ئەو کاتەی پێوەندی نەرمڕۆیانە هەبێت دەمێنێتەوە، بەڵام کاتێک دوژمنایەتی هەڵگیرسا، زۆر زوو تەنیا دووبەرە دەمێنێتەوە. بەم چەشنە ململانێ، جیاوازییەکان لە لایەنی لۆژیکییەوە ساکار دەکاتەوە. جەنگ جیاوازییەکان دەکاتە دووڕییان.

بۆ نموونە کاتێک گروپ و دەستەیەک لەبەر حەیسییەتی خۆی شەڕ دەکات، شەڕەکە بە هەمان بابەتی سەرەکی شەڕەکەوە ناوەستێ. شەڕەکە هەموو پانتاکان

---

1ـ Manicheisme، ئایینی مانی کە لەسەر دوولانەییە و توخمەکانی بەسەر چاک و خراپدا بەشدەکرد.

دەگرێتەوە و بە خێرایی دەگۆڕێت بۆ جەنگێکی ئابووری، سیاسی، تەکنیکی، فیکری و هتد. بەم جورە، چالاکی و بڕواکان تەڤلی دوو تەوەری چاک و خراپ دەبن. جەنگ شێوە بیرکردنەوەیەکی دولانەییخواز بەدیدێنێت.

**2ـ بۆنەی جەنگ و نەریتی قوربانی.** مرۆڤی سەرەتایی، وێڕای جیاوازیی بیروڕا، هەموو بە بنەمای کوشتنی زیندەوەران بۆ ڕێزگرتنی خواکان پێمل بوون: ئەم کردە ناوی قوربانییە. بەڵام ئەو بەندانەی **جەنگ و بۆنەی قوربانی پێکەوە گرێدەدات، کامانەن؟**

بۆ نموونە، هەندێ جار مەبەستی ئازتێکەکان یان گەلانی دانیشتووی ئۆستراڵیا ئەوە بوو قوربانی بۆ خواکان ئامادە بکەن. لە هەندێ نموونەی دیکەدا، بۆ وێنە لای ئاشوورییەکان و لە زۆربەی جەنگە ئایینی و ئایدۆلۆژیکەکاندا جەنگ پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ قوربانیکردندا هەیە: لەم نموونانەدا وا گومان دەکرێت جەنگ جۆرێک قوربانیکردنی بەرفرەیە و بۆیە خودایان پێی خەنی دەبن. گێڕانەوەکانی کتێبی پیرۆز و کەتیبەکانی ئاشوور ئەم شتەیان بە باشی دەربڕیوە.

سەیر ئەوەیە پەرستنی مردووان، کە لە ئایینە نوێکاندا بەرەو نەمان بۆوە، لە نموونەی جەنگدا سەرلەنوێ بە ئاشکرا سەریهەڵداوەتەوە. پەرستنی مردووان بەدواهاتێکی دەروونیی جەنگە.

ئەورۆکە زۆربەی نەتەوەکان بەهۆی کاریگەری نەتەوەخوازییەوە حەز لە وەرگرتنی جۆرێک ئایینی نەتەوەیی دەکەن. ئەو ئایینەی بنەڕەتی پەرستنی ئەو جەنگاوەرانەیە کە لە جەنگی ناوخۆ یان دەرەوەییدا کوژراون. بەم چەشنە وەک نیچە ئاماژەی پێداوە، پەرەستنی ئەو قارەمانانەی بە چەکەوە لە خاکدا گەوزاون، بەرەبەرە جێگەی پەرەستنی کەسانی پیرۆز و قیددیسان دەگرێتەوە.

ئێستە پێویستە لە بواری کۆمەڵناسانەوە لەم بابەتە بکۆڵدرێتەوە کە ئاخۆ گرنگایەتی هۆکارێکی وەک بۆنەی مەرگ و بە تایبەت هاندان بۆ کوشتن یان مردنی تونددوتیژ، پێوەندییەکی لۆژیکیی لەگەڵ هۆکارەکانی دیکە هەیە یان نا. بە تایبەت ئەوەی کە


www.pertwk.com

شێوەی هەڵس و کەوت لەگەڵ دۆڕاودا ڕەنگە پێوەندی بە کۆمەڵێک هەلومەرجی حەشیمەتی ـ ئابوورییەوە هەیە. بۆ نموونە زۆر بینراوە گەلانی ڕاوچی دیلەکانی خۆیان دەکوژن، چونکوو پێویستییان بە زەویی چۆڵ هەیە تاکوو نێچیرەکەیان بتوانێ تێیدا زاووزێ بکا.

بە پێچەوانەوە، لە کۆمەڵگای کشتوکاڵی و پیشەییدا کە دابەشکردنی کار هەیە و هێزی کار پێویستە، کۆیلەداری و بە کۆیلەکردن جێگەی ڕەشەکوژیی بندەستان دەگرێتەوە. کارامەیی سیستەمی ماشێنیی هەنووکەیی، بەربلاویی بێ‌نموونەی کوشتاری گەورەی ئێمە پاساو دەدات. لە ئێستەدا هیچ هۆکارێکی ئابووری بۆ پاشەکەوتخستنی سەرمایەی مرۆیی، کە هەمیشە ڕادەکەیان لە ڕادەی پێویست زیاترە، نییە.

لە دواییشدا هەرچۆن باشترین شێوەی ئۆتۆریتە، دەستەبەرکردنی مافی کوشتنی کەسانی دیکەیە، بەهای هەموو ئامانجێکیش بە زۆری بەپێی ژمارەی مردووەکانی هەڵدەسەنگێندرێت، هەر بڕوایەک کە شەهادەت و خۆبەختکاری ورووژاندبێت، بەهایەکی جەوهەری وەردەگرێت. ئەم خاڵەش کە (ئەگەر بمانەوێ واقیع بین بین و ڕاستگۆ بین دەبێ بڵێین) هەموو ئارمانجەکان ـ باشترین یان خراپترینیان ، بەمانا یان بێ‌ماناترینیان ـ نیشانیان داوە کە دەتوانن سەرچاوەیەکی مەزنی خۆبەختکاری گەورە بن، زۆر گرینگ نییە. «ترۆتسکی[1]» لە وەڵامی «کائۆتسکی[2]»دا کەداوای ئازادی دەکرد، لە لێدوانێکیدا وتی: «ئەو بیرانەی بە ناوی ئەوانەوە زەوی بە خوێنمان دەڕەنگێنین، حەقیقەتی ڕەهان و ناکرێ لە هەمانکاتدا وەک حەقیقەتی ڕێژەیی سەیر بکرێن و بە سانایی لەپاڵ حەقیقەتە ڕێژەییەکانی دیکەدا، دابنرێن.» ئەمە نموونەیەکی تەواوی بەڵگاندنی مردووپەرستانەیە: ژمارەی مردووان، بە چاکترین بەڵگەی حەقبوونی بڕوایەک دادەنرێ.

---

1ـ Ttrotski، (1879 ـ 1940) شۆڕشگێڕی 1917ی ڕووسیا و دژی بۆلشەویسم.
2ـ Kautsky (1854 ـ 1938)، سوسیالیستی ئەڵمانی.

# بەشی شەشەم

## تایبەتمەندی دەروونی جەنگ

### 1. پاڵنەری شەڕخوازی و شەڕاشۆیی

بە زۆری گروپی مرۆیی بە هۆی پاڵنەری شەڕخوازییەوە دەهەژێن. بەلام ئەم پاڵنەرانە وەک بینیمان، حاڵەتی رۆحێکی کۆیی هەیە کە زۆربەی ئەندامانی گروپ بۆ جەنگ یان لانیکەم بیری جەنگ رادەکێشێت.

چاوەڕێ‌کردنی هەمیشەیی جەنگ تایبەتمەندییەکی مرۆییە. بەلام ئەمە مانای شەڕخوازیی هەمیشەیی نییە. جەنگاوەرێکی دوێنی، دەشێ ئەورۆ ئاشتیخواز بێت و دووریش نییە ماوەیەکی‌تر دیسان شەڕاشۆییە کوژاوەکەی، هەڵگیرسێتەوە.

ویژدانی کۆیی بە پێی کام سەرنج و بەڵگاندن لەسەر ئەوە ساغ دەبێتەوە کە شەڕ لە چرکەیەکی دیاریکراودا پێویستە؟ چۆن و لە چ هەلومەرجێکدا خەڵک و رێبەران مل بە جەنگ دەدەن و دەبنە جەنگخواز؟

ئەو زنجیرە توێژینەوەی لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کران، دەتوانێ خاڵی دەسپێکی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە بێت. ئەم توێژینەوانە نیشانیان داوە پێوەندییەکی نزیک لە نێوان شەڕاشۆیی و بێزاریدا* هەیە. بێزاری ئەو کاتە دروست دەبێت کە بەرگرێک ـ هەرجۆرە بەرگرێک ـ ئێمە لە بەدیهاتنی ویستێک یان گەیشتن بە

---

*. پێویستە بیرمان بێت کە لێرەدا مەبەست ئەو بێزاریە دەروونناسانەیە کە بە هۆی شکانی ئایدیایەک یان بەدینەهاتنی ئایدیالێکەوە تاک یان گرووپێک تووشی دێت. ـ و.ک.

مەبەستێک بگێڕێتەوە. رق و تووڕەیی زادەی سەرکوت، کە لە شێوەی شەڕاشۆییدا دەردەکەوێت، زۆرجاران رووبەڕووی هۆکاری سەرەکی سەرکوتەکە ناکرێتەوە. بۆ نموونە ئەو فەرمانبەرەی سەرۆکەکەی ئازاری داوە، بە لێدانی ژن و منداڵانی خۆی داخی دڵی دەڕژێنێ.

بەم چەشنە لێوین[1] و شاگردەکانی، نیسبەتێکی ئاماریی راستەقینەیان لە نێوان سەروخوارکردنی نرخی قوماشی کەتان و ژمارەی «لینچکردنەکان[2]»دا دۆزیوەتەوە. بە وتەیەکی دیکە، بێبەشیی ئابووری شەڕاشۆیی گرژ دەکاتەوە، کە شەڕاشۆییەکەش رووبەڕووی بێهێزترین توخم دەبێتەوە. لە ژیانی سیاسیدا، شەڕاشۆیی زەمینە بۆ نارەزایی لە دەست چینی رێبەرایەتی، ئیدارەی دەوڵەتی یان پارتی سیاسی دەسەڵاتدار خۆش دەکات. هەل و مەرجی خراپی ئابووری، دابەزینی ئاستی ژیان، بێکاری و هتد، لە وڵاتانی دێمۆکراتیکدا دەبێتە هۆی سەرکەوتنی باڵی بەرامبەر. لە میدلوێست ـ ی ئەمریکادا، سەرژمێری نیشانیداوە پارتی دەسەڵاتدار لە کاتی وشکە ساڵیدا بە زۆری دۆڕاندوویەتی.

لەگەڵ ئەمەشدا، شیاوی سەرنجە کە دژکردەوە بەرامبەر سەرکوت هەندێ جار شێوەیەک لە خۆ دەگرن کە دەکرێ ناوی بنرێت : مردەڵۆخی. ئەم کاتەیە کە تەسلیم و رەزامەندی جێگەی شەڕاشۆیی دەگرێتەوە و دەبینین تاکەکان لە لایەنی ئاوەزییەوە دوا دەکەون و لە بواری چالاکیی زەینیەوە دەگەڕێنەوە بۆ حالەتێکی سەرتاییانە و خوارتر.

ئەگەر تاک سەربەخۆ لەبەرچاو بگرین، بێگومان شەڕاشۆیی پێوەندی بەهێزی جەستەییەوە دەبێت : پیاوی گەنجی بە هێزی مرۆڤی شەڕانی. لە نێو هەموو حەیوانەکاندا ـ تەنانەت مرۆڤیش ـ پیاوانی گەنجی بە هێز بە تایبەت ئاژاوەخواز و شەڕانین. لەگەڵ ئەمەشدا کاتێک دژکردوەگەلی شەڕاشۆیانەی کۆیی لێکدەدەینەوە، پرسەکان لایەنێکی دیکە وەردەگرن. مرۆڤ هەر کە لە گرووپێکدا ئامادە بوو، دژکردەوەی شەڕاشۆیانەی دەستوورمەندتر دەبێ و بە رواڵەت رەوتێکی خۆ بە خۆ و ناوشیار

1ـ M .K. Levin، دەروونناسی کۆمەڵایەتی ئەمریکی.
2ـ Lynch، سزادانی بێ دادوەری و لووت و گوێ کردن و برینی ئەندامی لەش.

وەردەگرێ. ئەنجامی لۆژێکی ئەم بابەتەش ئەوەیە کە چەندە گروپ گەورەتر بێت، ئەم خۆبەخۆییەش خێراتر دەبێت. وەکی‌تر ئێمە رووبەڕووی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەبینەوە کە زۆر سەرنجی پێشەنگەکانی کۆمەڵناسیی راکێشاوە: شەڕاشۆیی جەماوەر (تالان، لینچ، راپەڕینی جۆراوجۆر کە تێیاندا جەماوەری خەڵک لە ژێر کاریگەری تووڕەیی لەپڕدا، دەستدەدەنە ئەنجن ئەنجن کردن، تێکدان، رەشەکوژیی و هتد). لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنەوەی ورد نیشاندەدات جەماوەر بە پێی سرووشت زیاتر حەزیان لە ناچالاکی، گوێڕایەڵی و هاو دەنگییە و توندوتیژی نواندنیان بە زۆری بەری بانگەشەی بیروڕای پێشوو و، رەفتارێکی بڕیارییە. بۆنەی خەلسە و رابواردنیش وەک جەژنی کۆرۆبۆری ئوستورالیایی یان تام ـ تامی خێڵە سەرتاییەکان هەر لەم بابەتەن ـ بەشداران پێشتر دەزانن لە هۆش خۆیان دەچن.

پاڵنەری شەڕخوازیی، بە پێچەوانەی شەڕاشۆیی تاک یان گروپێکی بچووکە، قووڵ و بەردەوامە و کردەیەکی توندوتیژانەی لە پڕ نییە؛ بە چەشنێک کە دەتوانین ناوی حالەتێکی رۆحی لێ بنێین. پاڵنەری شەڕخوازیی کۆیی، ئەو هەستی پێویستیەیە کە لە خولێکی خەبات و شەڕخوازیدا درووست دەبێت. بروایەک کە رەنگە تەنیا جۆرێک تەسلیم بێت بەڵایەکی گشتی بێدەرمان‌گر. کاتێک باس لە پاڵنەرەکانی شەڕخوازی دەکرێ، شەڕخوازی بە پێی بڕواکانی گروپ، چاوەڕێنەکراوترین شێوەکان لە خۆ دەگرێ. هەموو نەتەوەیەک دەتوانێ خۆی وە ک سەرکوتکراو وێنا بکات، لەبەر ئەوەی بۆ نموونە «سەن گرال[1]» ی بەدەستەوە نییە یان دەیەوێ شوێنە پیرۆزەکان داگیر بکات. وەکی تر، هەموو نەتەوەیەک دەتوانێ خۆی بەوە پێمل بکات کە ناتوانێ بەرگەی دووری لە فلان زەریا یان خاوەندارێتی فلانە بیری نەوت بگرێت. لەوانەشە نەتەوەیەک نەتوانێ بەرامبەر دامەزراوەکان یان بڕوای جیاوازی دراوسێکانی خۆی، نەرم و لێبوردە بێت. فرەرەنگیی ئەو پاڵنەرانەی زەمینە بۆ شەڕاشۆیی کۆیی خوش دەکەن، ئەم بیرەمان لا دەڕسکێنێ کە ئەم پاڵنەرانە بە تەنیا بیانوو یان بە وتەیەکی تەواوتر هۆی رێکەوتیی

1ـ Saint-Graal، ئەو قاپەی لە دوایین شێوی مەسیح واتە شێوی نهێنیدا بەکارهێنرا.



www.pertwk.com

شەڕاشۆیی کۆیین. لەبەر ئەمەشە بە زۆری پاڵنەرەکانی شەڕخوازی فریودەرانـە دیـارن. ئەم پاڵنەرە جۆرێک خۆخـەڵـەتاندنـە. بـەم پێیـە دەبـێ لـەوە بکۆڵـدرێتەوە کـە ئـاخۆ شەڕاشۆیی ناوبراو بنەڕەتێکی پتەو و جێگیرتری هەیە یان نا.

دەروونشکاریی پاڵنەرەکانی شەڕخوازیی. هەندێ کەس هـەوڵـیان داوە ـ هـەنـدێ جاریش لەم هـەوڵانـەدا سـەر کـەوتـوون ـ شـەڕخـوازی بـەو گرییانـەی کـە میتـۆدی دەروونشیکاریش کاریان پێدەکات، ببەستنەوە، ئاماژەشیان بـە هـەنـدێک گرێـی وەک گرێی تێکشکان، گوناهکاری و هەست بە سووکایەتی، لە دەرکەوتـە جۆراوجـۆرەکانیـدا، کردەوە. هەستی تێکشکان بە زۆری پێـوەنـدی بـە گرێـی گوناهکـاریی سروشـتی یـان میتافیزیکیەوە هەیە. ئە م هەستە لاوازیی، سەرنەکەوتـن، ناکـامی و چـارەڕەشـیەکـانی خۆی بۆ کەس یان کەسانێکی وەهمی دەرهاوێژی (projection) دەکات.

لەم حاڵەتەدا ئێمە هەوڵ دەدەین بەرپرسیایەتی رووداوێـک کـە زەبـری لێـداوین و ئێمە خۆ لە هۆ راستەقینەکەی نەبان دەکەین، بخەینە ئـەسـتۆی کـەسـێکی دی. لـە لایەکی دیکەوە هەستی گوناهکاری، لە بەرامبەردا بیری سزای خوداوەنـدی لای مـرۆڤ دەرسکێنێ و ئەگەر مرۆڤ نەکاتە داواکاری چارەڕەشی، لانیکەم لەنەستدا بۆ چارەڕەشی ئامادەی دەکات. لە نموونەکانی دیکەدا گرێی گوناهکاری لە شێوەی مەیل بۆ بالا بـوون (transcendence) دا دەردەکـەوێ. گرێـی گوناهکـاری هـەنـدێ جـار لـە شـێوەی ئازایەتیدا خۆ دەنوێنێ و تاک خۆی بۆ کەسانی دەور و پشت، بۆ کاریگەرییەک، بۆ وڵات و هتد بەخت دەکات. بەڵام تەنانەت ئەم خۆبەختکاریـەش بـە زۆری هـەنـدێ تـوخمی تێکدەری تێکەڵە کە زادەی سـەرچـاوەی خـۆ بـەختکاریـەکـەن. قـارەمـان بـە ئـاواتی خۆبەختکارییە، کەچی لەوانەیە دەست بداتە تاوانی تـازە بـۆ ئـەوەی خـۆی بـە شـیاوی سزای زیاتر بزانرێت[1]: «بۆ وێنە قارەمانی جەنگ دەکرێ هە ستی دوولایەنەی قوربانی و پیاوکوژی هەبێت. ئە و لە یەککاتدا لە نەستی خۆیدا بـە خـۆ بـەختکـاری و تاوانکـاری پێمل دەبێت: لە راستیدا تاوان پاڵنەری خۆ بەختکاری بەهێز دەکات.»

---

1ـ خۆسزایی واتە ئەو کردەی کە تێیدا تاک لە رێگەی سزادانی خۆیەوە هەوڵ بۆ کەمکردنەوەی هەست بە تاوانباری یان بەرگرتن بە سەرهەڵدانی ئەو هەستە دەدات. ـ و.ک.

سەبارەت بە هەست بە سووکایەتیش دەبێ بڵێین ئەم هەستە فرەڕەگە. ئەم ڕەگانە بە شێوەیەکی تۆکمە لە لایەن «ئادلێر[1]» و «ئۆلیڤیا براتڤێلد[2]»ەوە شیکراونەتەوە. ئەنجامی سەرەکی هەستی سووکایەتی ئەمەیە زۆربەی کات دنەی مەیل بۆ جوبران دەدات: مرۆڤ بە هۆی لەخۆبایی بوونەوە هەوڵ دەدات زیاد لە توانای خۆی کار بکات و ئازارەکانی خۆی کە بەری بێبەشین، دەرمان بکات. بۆ نموونە ئەو نەتەوەی خۆی بە دواکەوتوو و هەژارتر لە دراوسێکانی دەزانێ بە زیادکردنی رقی خۆی دژکردەوە دەنوێنێت. هەندێ جار پاڵنەری شەڕخوازی ناهێمنیی زاڵی جیهانە. ئەم هەستی ناهێمنایەتیە دەتوانێ وابکات کەسەکان لە نێوان کارەساتی راستەقینە و نیگەرانی هەمیشەییدا کارەسات هەڵبژێرن. لەم حاڵەتەدا گرێیەک هەیە کە دەکرێ بە گرێی «داموکێلس[3]» ناوزەدی بکەین.

ئێمە لە جێگەیەکی دیکە هەوڵمان دا نیشان بدەین ڕەگی ڕەفتاری دەروونی هەر بەرەیەک لەو گرێیانەدایە کە بە هۆی ڕووداوە کۆمەڵایەتی و مێژوویەکان، لە سەردەمی منداڵییدا کاریگەرییەکی قووڵیان لەسەر ئەو بەرە داناوە. لەبەر ئەمەشە بەرەی نوێ بەردەوام لە ژێر کاریگەریی ئەو ڕووداوانەدایە کە پەیوەندییان بە تەمەنی پێگەیشتوویی بەرەی پێش خۆیانەوە هەیە. هەر لەبەر ئەمەشە دژ کردەوەی ناچالاکانە بەدیدێت. سەر چاوەی ئەم دژکردەوانە ئەو گرێیانەن کە زەبرە ڕۆحیەکانی ڕووداوەکانی سەردەمی منداڵی گرژیان کردوونەتەوە. بە کورتی جە نگ زیاد لە هەمووو ئاژاوەیەکی کۆمەڵایەتی زە بری ڕۆحی دەوەشێنێ، بەڵام لە هەمانکاتدا ڕێگەچارەیەکی کارەساتاوی و دڵخوازە، کە گرژترین گرێ کۆییەکانی ئێمە بەرەو ئەو ڕادەکێشرێن.

---

1ـ Alfred Adler، (1870 ـ 1937) دەروونناس و پزیشکی ئۆتریشی و شارەزای دەروونشیکاریی کەسایەتی.

2- Oliver Brachfeld

3ـ کاربەدەستێکی دەرباری دیۆنۆسیۆس لە سەدەی چوارەمی پێش زایین. دیۆنۆسیۆس بۆ ئەوەی لە داموکێلس بگەیەنێت بەختەوەری ستەمکاران چەند کورتە شیرێکی بە تاڵێک مووی ئەسپێکەوە، بەژوور سەری داموکێلسەوە هەڵواسیبوو.



www.pertwk.com

### 2ـ هەڵسوکەوتی جەنگاوەران

تایبەتمەندییەکی جەنگ ئەوەیە خێرا بەرەو جیهانێکی دەروونی دیکەمان دەبات. لە دونیای نوێدا بەهاکان بەرەو گۆڕان و بیرکردنەوەکان بەرەو وەرچەرخان دەبنەوە. ئەوانی دژی سزای سێدارەن و بە سزادانی شەڕانیترین تاوانباریش رادەچڵەکێن، ناردنی ملێونان گەنجی پاک بەرەو قوربانگا بە بابەتێکی سروشتی وەردەگرن. ئەو ئابووریزانانەی کەمترین هەڵەخەرجی بە ناپەسند دەزانن، لە جەنگدا رووخانی تەواوەتی شارەکان و بە فیڕۆدانی بێهوودەی بە میلیارد سەرمایە بە سرووشتی دەزانن. ئەو زەینانەی بە رەخنە و ئازادی راهاتوون لە پڕ مل بە گوێڕایەڵی ناچالاکانە، قەدەرگەرایی، پێمل بوون بە دژوارترین شتەکان و هتد، دەدەن ـ جیهانی پێوەندی کۆمەڵایەتی سیما دەگۆڕێ و لە سەردەمی ئاشتی جیاواز دەبێتەوە.

هەر چۆن دەروونناسی سەرکەوتووان لە دەروونناسی بندەستان جوێ دەکەینەوە، پێویستە لە بنەڕەتدا دەروونناسی هێرشکاریش لە دەروون ناسی هێرشبۆکراو جوێ بکەینەوە. ئەمەشمان بیر بێت جیاکاری ئەم دوو بابەتە بە زۆری کارێکی ئەستەمە، چونکو دەوڵەتوانان یان مێژوونوسان چەندە بتوانن هەوڵ دەدەن جەنگی هێرشکارانە وەک جەنگی بەرگریکارانە شەرعی بکەن. بەڵام وەک دیارە مەبەست و ویستی شەڕ یان هێرشکردن هەمیشە لای یەکێک لە لایەنەکانی جەنگ بەهێزترە. جەنگاوەر دەتوانێ سەرباز، بەکرێگیراو، خۆویست یان لە دواییدا کەسێکی دەمارگرژ بێت. کەسی سەرباز رۆحی تەسلیمی تێدایە. ئەم تەسلیمە دەتوانێ بنەبڕێتی، ئازایی، رق و هتدی لەگەڵ بێت یان نەبێت. تاکی بەکرێگیراو جەنگ وەک پیشەیەک چاو لێدەکات، حەز دەکات بە زیاترین سوود و کەمترین مەترسیەوە بجەنگێت. ئەو جەنگانەی تێیاندا ئەرتەشی پسپۆر رووبەڕووی یەک دەبنەوە، قوربانیەکانیان لانیکەم لە ئاستی سەربازاندا، لە جەنگەکانی دیکە کەمترە. نموونەیەک ئەم بابەتە باشتر روون دەکاتەوە. ئەو نموونەش بەکرێگیراوان و سەربازانی سەردەمی رۆنێسانسی ئیتالیا، یان هەندێ ئەرتەشی نوێ وەک «سەردارانی چینی» یەکە جەنگەکەیان تەنیا زەبری لە خەڵکی ئاسایی دەدا و رووبەڕووی تالان، داگیرکردنی سامان، دیلیەتی و هتد بوونەوە. دۆخی کەسی خۆویست ئالۆزترە. بێگومان

جەنگ چێژێكی تایبەتی بۆ كەسی خۆویست هەیە. ئەو بە رووی گەشەوە مل بە جەنگ دەدات و بەشداری تێدا دەكات. بەڵام جەنگ لە خۆیدا مەبەست نییە. كەسی خۆویست بۆ پاراستنی ئامانجێك ئامادە دەبێت. خۆویستی راستەقینە ئەو كەسەیە بەشداری شەڕێكی دیاریكراو دەكات و پاش كۆتایی جەنگ، چونكو هەست دەكا بە ئەركی خۆی هەستاوە، دەگەڕێتەوە نێو بنەماڵەكەی خۆی.

سەرباز لە لایەنی فیكریەوە لەبەندی گومان و ڕاڕایی رزگار بوە. ئەركەكەی ئاشكرایە. وەک «ئاڵفرێد دۆڤینی[1]» دەڵێ: «ئێسكادرانی من لە كوێ بێ، ئەركی منیش هەر لەوێیە». جگە لەمە سەرباز لە پیشەی باڵای خۆی ئاگادارە. سەرباز لە لایەن هاوشاریەكانی خۆیەوە ڕێزدەگیرێت و ئەو كاتەی وەک سەركەوتویەک لە وڵاتی دوژمندایە لە لایەن خەڵكی ئەو وڵاتەوە ڕێزێكی تێكەڵ بە ترسی لێ دەگیرێت. لە دواییشدا سەربازی گەنج زیاتر لە هەموو كەسێک، ویستی عەشقیی ژنان دەهەژێنێ.

### 3ـ جەنگاوەران و زنجیرەپلەی كۆمەلایەتی

هەڵگرتنی چەک، ئیمتیازی تایبەتی چینی ڕێبەرایەتیە و سەربازانیش بە هەڵگرتنی چەک كەم تا زۆر خۆیان بە ڕێبەران دەچوێنن، چونكو سەربازان دەركەوتەی چینە زاڵەكانن. بەڕای «سیمۆن دۆبوار[2]» و «ئۆلیڤیا براسفێلد» هۆیەكی گرینگی بوونی گرێی سووكایەتی لای ژنان ئەوەیە ژنان بە پێی سوننەت بەشداری جەنگ ناكەن:«لە جیهانی مرۆوییدا نەک جنسی گیان سپێر بەڵكو جنسی گیانستێن بە سەرتر دەزانرێت.» هەڵسووكەوتی ئازایانەی بێ تەمایەری كە پاش شاسوارانی گەڕۆک[3] بە دەگمەن دەبینرێت هاوكاتی «ڕۆمانتیزمی[4]» سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم ژیاوە. ئەم

---

1ـ Alhred de Vigny ـ نووسەرێكی فەڕەنسی.

2ـ Simon de Beauvoir (1908 ـ 1986) نووسەری فەڕەنسی و هاوڕێی ژان پۆل سارتر.

3ـ Chevaliers Errants، شوالیەی گەڕۆک كە وڵاتان بۆ شەڕی ڕاستیخوازانە دەگەڕان.

4ـ Romantisme، كۆمەڵە بزووتنەوەكی هونەری و فیكری كە لە سەدەی هەژدەهەم بە دوا لە ئەورووپا سەریانهەڵدا و هەوڵی گەڕانەوە بۆ لای سروشتیان دەدا و لایەنە فەلسەفیەكەی زیاتر لە ئاڵمانیادا



www.pertwk.com

هەڵسوکەوتە لە بوێری و وازهێنان لە ژیانی ئاقڵانەی ڕێکوپێکەوە هەڵدەستێ. بۆ ئەو پیاوە گەنجەی کەڵکەڵەی میتافیزیکی ڕۆحیان شڵەژاندووە و ئازاری ئەدەن، ملدان بە مەترسی جەنگ دەربازێکە لە پرسیارە شڵەژێنەرەکان. ئەوەی ئەم ڕێگە هەڵدەبژێرێت خۆی دەکاتە گەمەی دەستی چارەنووس. جۆرە سەرخۆشیەکی مێژووییش هەیە کە بێ گومان هەر کەس بە پێی ویست و بەرژەوندی خۆی لێکیدەداتەوە. هۆگریی ڕۆمانتیک لەو چەشنەی لای هەندێ سەوداسەری قارەمانێتی وەک «شاتۆبریان[1]»، «بایرۆن[2]» ، «ئانۆن تێسو[3]» و «بارس[4]» هەیە، ڕێگە بە لایەنگرانیان دەدات تاکوو تامەزرۆیی دەروونی خۆیان پەروەردە بکەن، واتە مەیلی خۆیان بە ویستی خواوە ببەستنەوە و بە دەقاودەقی ویستی خوای بزانن. بە کورتی مەیلی شەڕخوازی یەکێکە لە بەهێزترین مەیلەکانی ئێمە، چونکوو مەیلێکی کۆییە. بەم پێیەش ئەم چەشنە بیرکردنەوە، بۆ پەرەسەندنی جە نگەکان گەلێ بەکەڵکە.

جەنگ لایەنێکی ئەخلاقیی حاشاهەڵنەگری هەیە. تەنانەت چەقترین ئاشتیخوازانیش ناتوانن نکوولی لەوە بکەن کە شەڕ هەندێ فەزیلەتی هەژێنەر و بەرز دەبزوێنێ. ئازایەتی، خۆ بەختکاری، وەفاداری، هەڤاڵێتی نێوان جەنگاوەران، ڕاستی و بێگەردی. مرۆڤ لە سەرجەم ژیارەکاندا بەردەوام ئاگای لە فەزیلەتە ئەخلاقیەکانی جەنگ بووە و بایەخێکی زۆری بۆ پێداون.

لەو کۆمەڵگایەنەی کە لە سەر سیستەمی کاست بەندن یان لەو کۆمەڵگایانەی زنجیرە پلەی کۆمەڵایەتی بەرەو سیستەمی کاست دەکشێ، فەزیلەتەکانی جەنگ تایبەتی ئەو گرووپانەیە پشتاوپشت سەربازن. ئەم گرووپانە بە وردبینیەکی تێکەڵ بە وەسواس هەستی شەرەف و خۆشناوی، جوامێری، ئازایی و بوێری پەروەردە دەکەن و

---

بەرجەستە بووە و تێکەڵە بە فەلسەفەی ئایدیالیستی و یەکێک لە سیما ناسراوەکانی ئەم قوتابخانە لە بواری فیکریدا ژان ژاک ڕۆسۆیە و لە بواری فەلسەفییەوە لووکاچ بە تەواوکەری ئەم قوتابخانەیە دەزانن. ـ و. ک.

1ـ Chateaubriand، ( 1768 ـ 1848) نووسەری فەڕەنسی.

2ـ Byron (1788 ـ 1824) شاعیری ئینگلیزی.

3ـ d'Annunzio (1836 ـ 1938) نووسەری ئیتالی.

4ـ Barrés، (1862 ـ 1923) نووسەری فەڕەنسی.

خۆیان بە ئەمانەتداری ئەم فەزیلەتانە دەزانن. لە ئوستوورەکانی هێنددا، پاش چینی برەهمەن، چینی جەنگاوەران ئامادە دەبن و شا و شازادەکان بە زۆری لەم چینەوە هەڵدەستن. خاوەندارێتی سەربازی بە هۆی بونیادی فیۆداڵییە: زەوی بە سەر بنەماڵەی جەنگاوەراندا بەش دەکرا تاکوو ئەوان خزمەتی شا و پارێزگای لە وەرزێرانی شوێنەکە بکەن. تەنانەت ئەو نەتەوانەی بە چالاکیی بازرگانی ناسراون، رێزی ئازایەتی سەربازی دەگرن و بەزۆری بە تەواوکەری سەرکەوتنی بازرگانیی دەزانن: کوڕانی چینی ئەشرافی بازرگانی ڤێنیز بەزۆری لە پلەی ئەفسەریدا لە سوپا یان کەشتیە جەنگیەکانی کۆماری ڤێنیزدا ئامادە دەبوون. لە کۆمار و حکوومەتی پاشایەتی دیمۆکراتیکی وەک حکومەتی «لوویی فیلیپ[1]» ، «ویکتۆر ئیمانۆیل[2]» یان «کۆماری سێهەم[3]» و ئاڵمانی سەردەمی «ویلهێلم[4]»دا چینی بورژوا زۆر حەزی دەکرد منداڵانی بە پلەی بەرزی سەربازی بگات. ئاخۆ ویستنی فەزیلەتی جەنگی کە تایبەتمەندی هەموو کۆمەڵێکی ئەشرافی و ئایدیای گەنجانی هەموو چینەکانە، چەندە دەتوانێ هۆیەکی روودانی جەنگ بێت؟ لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانین بە باشی لەوە بگەین کە رەنگە چینی ئەشرافی بەجەرگ، شەڕخواز نەبن. ئەم ئەشرافانە لەوانەیە زۆر لەخۆبایی بن و لایان وابێت لە تاقیکردنەوەی تایبەت بە خۆیاندا سەرکەوتون و بە قەدە پێویست لە رابردوودا شانازییان دەستەبەر کردوە و پێویستیان بە شانازی نوێ نییە. بەم چەشنەیە کە ئیسپارتیەکان لە دواییدا دەبنە نەتەوەیەکی ئاشتیخواز.

ئەو چینە جەنگاوەرە سەرکەوتووەی لە بەری سەرکەوتن و و شوێنگەی خۆی وەک بەشداری پلە یەک ـ ئەو شۆێنگەیەی زادەی جەنگە ـ دەخوات، بۆی هەیە پڕ بێت لە ئاشتی و خۆشەویستی. بەڵام ژیانی سەربازیی، بە تایبەت بۆ کەسانی پلە خوار زیاتر

---

1ـ Louis – Philippe، پادشای فەڕەنسا لە 1830 بۆ 1848.

2ـ Victor Emmanuel (1759 ـ 1824)، پادشای ساردینی لە 1802 بۆ 1821.

3ـ III Republique، رژێمی سیاسی فەڕەنسا لە چواری سێپتەمبەری 1870وە بۆ دەی ژوییەی 1940.

4ـ Wilhelm، (1797 ـ 1888) ئیمپراتۆری ئالمانیا و پرۆس.



www.pertwk.com

هاوکاتە لەگەڵ گوشار و توندوتیژیدا. ژیانی دژواری سەربازخانە، کاری زۆرەملی، راهێنانی تایبەتی خۆڕاگری بەرامبەر ناخۆشیەکان و بەهەند نەگرتنی رەنج و ئازاری کەسانی تر، بنەڕەتی پەروەردەی ئەو گەنجانەیە خەریکی تێپەڕاندنی ئەرکی سەربازین. هەندێ وتوویانە کەوتنی هەڵسوکەوتی چاکی سەدەی حەفدەهەم و هەژدەهەم بە بانگهێشتنی سەربازان و پەرەگرتنی خزمەتی سەربازییەوە دەستی پێکراوە. «رێنان[1]» دەیگووت: «کێ رێگەی بکەوێتە سەربازخانە، ناسکیی هەستی خۆی دەدۆڕێنێ». ژیانی سەربازی پێش هەموو شتێک رۆحی توندوتیژی بە هێز دەکات. ژیانی سەربازی هاوکاتی هەستی مەترسی مەیل بۆ کەڵک وەرگرتنی خێرا لەو ئیمتیازانەی هەیە، دەبزوێنێ و وا لە مرۆڤ دەکا لەم رێگەدا لە هیچ کەس و هیچ شتێک سڵ نەکاتەوە: «کات لای ئەو کەسەی یەک چرکە دەژی، هیچ واتایەکی نییە. دەسکەوتەکانی داهاتو وەهمین و دەبێ ئێستا بە دەسکەوت بزانرێ و ئەگەر بمانەوێ تەعبیرێک کە دوو ئەوەندە بەجێیە بەکار بێنین، دەبێ بڵێین هەموو لەزەتێک لە راستیدا جۆرێک زاڵ بوونە بە سەر دوژمندا. هەموو کەسێک دەتوانێ بە سانایی لەمە بگات کە پشک خستن بۆ چێژ یان مەرگ بە حەتمی دەبێتە هۆی گەندەڵی[2]».

**4ـ هەڵسوکەوتی رێبەران**

دەوری رێبەران لە جەنگدا زیاد لە دەوری شەڕوانان باسی لێ کراوە و دەکرێ. ئەم دەورە پرسێکی باسورووژێنی بەردەم کۆمەڵناسیش بووە. کۆمەڵناسی ویستویەتی بزانێ ئاخۆ رێبەران تەنیا پەیڕەوکەری ویست و خواستە لێڵەکانی جەماوەرن، یان بە پێچەوانەوە هەندێ روانگەی تایبەت بەسەر جەماوەردا زاڵ دەکەن.

1ـ Ernest Renan (1823 ـ 1892) نووسەری فەرەنسی.

2ـئامادەیی بەردەوام و هەست پێکردنی چرکە بە چرکەی مەرگ، وەک لە گوتاری ئێگزیستانسیالیزمدا هەیە و، بە واقیعی وەرنەگرتنی مەرگ و وەک پەردە چاولێکردنی، دوو رواڵەتی ناوەرۆکێکن: ناوەرۆکێک کە لە ناچالاکی و ملدان و توندوتیژی پێکهاتووە. لێرەوەیە ئامادەیی گوتاری ئێگزیستی کە مەرگ گەورەترین بابەتیەتی و بە هەندوەرنەگرتنی لای گوتاری عیرفانی دەتوانێ کۆمەڵگایەک بەرەو ناچالاکی و دوایین رادەی ئامادەیی بۆ ئاژاوە و رووخاندن ببەن. ـ و. ک.

یەکەمین جیاوازییەک دەبێ لەبەر چاوی بگرین جیاوزای نێوان چینی ڕێبەرایەتی و چینی نوخبەکانە. چینی ڕێبەر ئۆتۆریتە و دەسەلاتی بەدەستە، بەلام مانای ئەوە نییە بەحەتمی لە لایەنی بیری و تەکنیکیەوە لە جەماوەر لە پێشە. بەم بۆنەوەش بە زۆری جەماور خۆیان لە ڕێبەرانی خۆ نزیکتر دەبینن تا کوو نوخبەکانی کۆمەڵگا. بە پێچەوانەوە، نوخبە لە جەماوەر دوور دەکەوێتەوە. لە ڕاستیدا نوخبە ئەو کەسانەن ئاگاییەکی بەر بلاوتریان هەیە و خاوەن ڕۆحێکی داهێنەر و چالاکیەکی زیاد لە ئاستی ناوینن. بەلام لە زۆربەی کاتەکاندا هیچ هێزێک بەکارناهێنن. ئەم جیاوازیە کە بەشێوەیەکی زۆر ڕوون لەلایەن سەن سیمۆنەوە باس کراوە ئەم وێنە درووست دەکات کە ڕێبەران زیاتر پەیڕەوکەری شێوە بیرکردنەوەی ژینگەن نەک بەدیهێنەر یان وەرچەرخێنەری ژینگە. تۆلستۆی ئەڵێ ناتوانین بڕوا بەوە بکەین خواستی ڕووتی ڕێبەر یان گروپێکی بچووک دەتوانێ گەلێکی سەرپاکی ئاشتیخواز بەراستی بەرەو جەنگ ببات. ئەم حاڵەتە، کاتی خۆی، لە سەردەمی جەنگی نێوان بنەماڵە پاشایەتیەکان، واتە ئەو کاتەی شازادەکان بە ئەرتەشی بچووکی بە کرێگیراوی خۆیانەوە پێکەوە دەجەنگان، هەست پێ دەکرا، بەلام شێوەی بەربلاوی ململانێی جیهانی هاوچەرخ، پێویستی بە بەشداری هاودلانەی ـ ئەگەر نەڵێین تامەزرۆیانە ـ هەموو نەتەوەیە. وەکی‌تر، دەکرێ بڵێین ڕێبەران پاڵنەری بنەڕی جەنگ نین، بەڵکوو ئەوان تەنیا ئاواتە شاراوە و نوستووەکانی خەڵکی خۆیان بەدی دێنن. بێ گومان کەی دۆخەکە تێکبچێت، ڕێبەران دەبنە گوناهپەسێری کۆیی. لە ئێستاشدا ڕەتکردنەوەی درەنگی هیتلێر و مۆسۆلینی لەم بابەتەن. بەلام مێژوو نموونەی لایە کە ئەو ڕێبەرانەی خۆیان ئاشتیخواز بوون و دژی ویستی شەڕخوازانەی دەور و پشت وەستاون، بە زۆری سزادراون : دردۆنگیەکانی لویی شازدەهەم لە کاتی شەڕی سەربەخۆیی، دەسپێکی کەوتنی خۆشەویستیی ئەو بوو؛ ئاشتیخوازیی لویی فیلیپ لە کاتی کێشە لەگەڵ پرۆستدا هەر ئەم ئەنجامەی لێکەوتەوە.



www.pertwk.com

بۆ دەوڵەتوانان، جەنگ پێش هەر شتێک چارەسەرێکی سانای گرفتەکانە. کەی دۆخی ناوخۆ تووشی ئاژاوە و ئاڵۆزی ببێت، چی شت هێندەی راگەیاندنی جەنگ ئاژاوەکە هێورناکاتەوە. جەنگ وادەکات دەوڵەتوان پێویستی بە هەڵکردنی گران و دژوار و درووستکردنی هاوکێشیی لە نێوان بەرژەوەندی ناتەبادا نەبێت. بە پێچەوانەی وێنای باو، دەکرێ بوترێت جەنگ کۆتایی ئەم چەشنە گرفتانەیە. بە زۆری خەڵک بۆ خۆدزینەوە لە مشت و مڕ، دەجەنگن.

جەنگ ئەگەری دڵنیایی دەوڵەتان دابین دەکات. جەنگ تەنانەت رێگا بە دەوڵەتانی دیمۆکراتیکیش دەدات تاکوو بێدەنگی، گوێڕایەڵی، فەرمانبەری ناچالاکانە و هەموو جۆرە بەشێک بە سەر هاولاتانیدا، کە ئێستا رەعیەتێکی رووتن، بسەپێنێ.

هەڵبژاردن رادەگیرێ و رێبەران دەگۆڕێن بۆ دەوڵەتوانی نەگۆڕ و هەمیشەیی. دەوڵەتوانان جەنگ وەک دڵخوازترین رێگە بەکاردێنن. هەر هاوکاتی راگەیاندنی جەنگ، نەناسراوترین سیاسەتوانێک کە بە دەسەلات دەگات، دەبێتە بۆ پێشەوایەکی رێزدار و جێ شانازی کە جەنگاوەران لەمە بە دوا لە سەر ناوی ئەوان دەکوژرێن. لە راستیدا لای جەنگاوەران جۆرێک دیاردەی کریستاڵیبوونەوە (Ceristalization) روودەدات. رێبەر دەبێتە خاڵی پشتبەستن، پشتگیری و گرێدراوێتی. تەنانەت رێبەرێکی تاوانکار و بوودەڵەی وەک «جۆلیۆس سێزار[1]» یان رێبەرێکی فێڵەباز و دڵرەقی وەک «هانیباڵ[2]» بە بەرەکەتی سەرکەوتن توانییان خۆشەویستی بەگوڕی سەربازانی خۆیان راکێشن. بێ گومان لێرەدا رووبەڕووی دیاردەیەکی ئایینی دەبینەوە: جەنگ رێبەران پاک و بێگەرد و پیرۆز ئەنوێنێ. لە رووم رێبەری سەربازی لە لایەن پێشەوای ئایینی، تاڵەگر و فاڵچیەوە دەورە دەدرا و هەندێ جار رێبەر خۆی دەچوە کەنێسە و بۆنەی ئایینی بە جێ دێنا و قوربانی دەکرد. سەدەکانی ناوەڕاست، شوالیەی داهاتوو، شەوانی پێش چەکداربوون بۆنەی ئایینی بەجێدەهێنا. لە ئێستەشدا پلە

---

1ـ Juels Gesar (101 ـ 44 پ. ز) سێزار یان ئیمپراتۆری رۆم.

2ـ Hannibal (247 ـ 183 پ. ز) فەرماندەیەکی کارتاژەکان.

وەرگرتنی ئەفسەرانی گەنج، تەنانەت لە نێو ئەو نەتەوانەشدا کە بە رەسمی نائایینی بوونی خۆیان راگەیاندووە، گەلێ رێ و رەسمی لەگەڵە.

لە دواییشدا لای سەرۆکەکانی جەنگ و هەموو فەرماندەیەکی جیددی، دیاردەیەک هەیە کە دەتوانین ناوی بنێین گرێی ئیبراهیم[1]. هەموو فەرماندەیەکی خۆپەرەست بندەستانی خۆی بۆ ژیانێکی مینۆکیی عیرفانی بانگهێشت دەکا. وەها فەرماندەیەک، ئەو چرکانەی دژواریی بەرپرسایەتییەکان تەنگی پێ هەڵدەچنن، بە حەتمی بەرەو ئیلهام ـ بە مانای عیرفانیی وشەکە ـ دەکشێ. لە لایەکی دیکەوە، سەرۆکایەتی دەسەڵاتدارانە پێویستی بە هەڵسوکەوتی دەروونی باوک سالارانەیە، چونکو باوک رێبەری رەها و پێشەوای مرۆڤە. بە کورتی تەشقی هێزی باوک یان رێبەر ئەو کاتەیە فەرمانی قوربانیکردنی کوڕ دەردەکات. لێرەدا رووبەڕووی دولانەییەکی سۆزمەندانە دەبینەوە کە لە لایەنی دەروونشیکاریەوە دەشێ لێکبدرێتەوە، چونکوو باوک باشترین یان خراپترین کوڕی خۆی قوربانی دەکات، قوربانیەکی هەڵکەوتوو و بێ وێنە کە پێشکەشی خواکان دەکرێت. قوربانی کردن لای ئیبراهیم مانای جەختکردنەوە و سەلماندنی بەرزەجێی سیاسەتێکە. «ئیوانی ترسناک[2]» و «پێتری مەزن[3]»یش پاش «ژێفتە[4]» و «ئاگا مێمنۆن[5]» بەم جۆرەن.

جەنگ ئەم ئەرکە بە شێوەی ناراستەوخۆ جێبەجێ دەکات: رێبەر باشترین کوڕەکانی دەنێرێتە جەنگ و قوربانییان دەکات. لە لایەکی دیکەوە شەڕوانان، چەندە رێبەری خۆیان خۆش بوێت و بە سەریدا هەڵبدەن، ئەوندەش حەز دەکەن داوای خۆبەختکاری بێ نموونەیان لێ بکات. ئەم بابەتە وەک دیارە مانایەکی دیکەشی هەیە:

---

1ـ Complex d' Abraham، ئاماژەیە بۆ قوربانیکردنی ئیسماعیل لە لایەن ئیبراهیم، لێرەدا مەبەست حەزە بۆ قوربانیکردنی کەسانی دی.

2ـ Ivan le Terrible، تیزاری رووسیا (1530 ـ 1854).

3ـ Pierre Le Grand (1672 ـ 1725)، تیزاری رووسیا.

4ـ Jephte (سەدەی حەوتەمی پێش زایین) دادوەرێکی بەنی ئیسرائیل کە کچی خۆی قوربانی کرد.

5ـ Agamemnon، کوڕی ئاترە و برای مێنلاس پادشای ئەفسانەیی میسێن.



www.pertwk.com

دیارکەوتنی ململانێی نێوان بەرەکان[1]. بەرەی باوکان واتە مرۆڤی دووربین و هێور کاتێک رووبەرووی جۆش و کوڵ و دەسەلاتخوازیی گەنجان دەبێتەوە و توانای تێرکردن و کەڵکاندنی ئەو ویستانەی نییە، وشیار یان ناوشیارانە بیر لە جەنگ وەک چارەسەری ئەم دۆخە پڕ مەترسیە دەکاتەوە.

**5ـ ئەنجامی دەروونیی جەنگ**

شیکردنەوەی ئەو رەفتارە دەروونییە تاکی و کۆییەی پاش دامەزراندنی ئاشتی دەردەکەوێت لای پۆلیمۆلۆژی زۆر گرینگە. کاتێک باسی ئاکامی جەنگێک دەکەین دەبێ بیرمان بێت بە زۆری لایەنێکی سەرکەوتوو و دۆڕاوێک هەیە. بەلام دۆڕانیش وەک سەرکەوتن چەندین پلەی هەیە. بەرزترین پلەی دۆڕان تەسلیمی بێمەرج و دەستەوەستانیی تەواوە ـ وەک لە جیهانی کەونارادا باو بووە و دوڕاوان «خۆیان بە رەحم و بەزەیی خەڵکی رۆم» دەسپارد. خوارترین پلەی دۆڕانیش ملدانە بە بڕیارنامەیەکی ناعادلانە. ئەم حاڵەتە جۆراوجۆرانە لای خێڵە سەرەتاییەکانیش هەیە.

کارکردی راستەقینەی جەنگەکان، لەو جەنگانەدا باشتر دەردەکەوێت کە دەبنە هۆی گەڕانەوەی ئەو دۆخەی هەیە و هیچ ئەنجامێکیان لێ ناکەوێتەوە، تاکوو ئەو جەنگانەی دۆخەکە لە بنەڕەتەوە دەگۆڕن. کە وابێ پشکنین کارێکی بێهوودە دەبێت. مرۆڤ بە ناچاری دەبینێت جەنگەکان جگە هەباکردنی هێزی زیادی، سامانی زیادی و مرۆڤی زیادی دەورێکی دیکەیان نەگێڕاوە.

لە لایەنی دەروونشیکارانەوە تاقە دیاردەیەکی نوێ کە جەنگ بەرهەمی بهێنێت تەواو بوونی شەڕاشۆیی کەسان یان بە وتەیەکی دیکە شەڕاشۆیی رێبەران و توند وتیژترین جەنگاوەرانە. لە جەنگە نوێکاندا هەندێ جار دەکرێ ئەو چرکەی شەڕخوازی و ئاشتینەخوازی شەڕوانان بێ هێز دەبێت، بناسرێتەوە. لەو چرکە بە دوا ئەو چارەسەرە لێبوردانەی سەرەتا بە ئەتک و نەنگ دادەنران، بە بێ سڵکردنەوە لەبەرچاو دەگیرێن.

6ـ کێشەی نێوان گەنجان و پیران لای حەیوانیش دەبینرێت.

بە زۆری کۆتایی جەنگ شادیەکی زۆر و لەپڕ دروست دەکات. پێش هەمـوو کـەس شەڕوانان بەم شتە خەنی دەبن. ئەوان لە پڕ دەبینن ئەو مەترسیەی لە سـەریـان بـووە، نەماوە. هەمووان نوقمی شادی رووداوێکی سەیر دەبن کە بە شێوەیەکـی خـراپ تـەواو نەبووە. هەر لەو کاتەدا توندو تیژترین سەربازەکانیش نەرم دەبن : هەندێ ئـازاد دەبـن، هەندێکی دیکەش کەم تا زۆر دەکەونە پشوو.

شادی و دڵخۆشیی ولاتی سەرکەوتوو شتێکی ئاساییە : ولاتی زاڵ مەبـەسـتەکـانی پێکاوە. سەرکەوتن بۆ لایەنی سەرکەوتوو زیاد بوونی خاک، باجی جـەنگـی و هـەنـدێ ئیمتیازی هەیە کە کەم تا زۆر بەشێکی بەربلاوی هاولاتیان تێیدا بەشدار دەبـن. بـەلام تەنانەت دۆڕاوانیش حەز بە ئاشتی دەکەن. ئەگـەر ئێسـتا ولاتـەکـەیـان داگـیر کـراوە، لەبەرامبەردا بە هیوای ئەوەن رۆژێک هێزەکانی دوژمن ولاتیان چۆڵ بکـات و چـاوەڕێی کۆتایی داگیرکاری جەنگی، گەڕانەوەی زیندانیەکان و نەمانی بێبـەشـی و گوشـارەکـان دەکەن.

بەلام ئاشکرایە ئەم خەنی بوونە درێـژەی نابێـت، بـەتایبـەت ئـەو کاتـەی جـەنـگ وێرانییەکی ماددی زۆر گرینگی بەدیهێنابێت و ئەگەری گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاساییی تێدا بردبێت. لەبەر ئەمەشە خەڵکی ساڵی 1945 بە رێژەی 1918 کەمتر بە کۆتایی جەنگ خەنی بوون: ئەوروپا یەکەم جار بوو شەڕێکی تەواو بە خۆیەوە بێنێ و هەموو کـەسـێـک بە پێی ئەزموون دەیزانی کۆتایی جەنگ بە حەتمی بە مانای دەرکەوتـنی بـەختـەوەری نییە.

مرۆڤ بە سروشت حەز دەکات هەموو جـەنگێکـی گرینـگ بـە کۆتـایی خولێـک و دەسپێکی خولێکی دیکە دابنێت. ئەو مێژوو نووسانەی بەم چەشـنە کـار دەکـەن، لـەم حالەتەدا پەیرەوی مەیلی خۆیان نەکـردووە، ئـەوان خۆیـان لـەگـەڵ رۆحـی گشـتی و سوننەتێکی هەزار ساڵەدا رێک دەخەن. پاش سـەقـامگیریی ئاشـتی، مـرۆڤ هـەسـت دەکەن ئەرکێکی زۆر گرینگیان راپەڕاندووە و رووبەڕووی گەلێ گرفتی گرژ بوونەتـەوە و لە ئەنجامیشدا چارەسەریـان کـردووە. ئـەوان خانەبـەندییـەکـی دووبـارەیـان کـردووە،

خولێکیان کۆتایی هێناوە و سەردەمێکی نوێیان دەستپێکردووە. «فۆن بێرنهاردی[1]» دەڵێ: «جەنگ بۆتەی تاقیکردنەوەی نەتەوەکانە». دڵنیایی پاش جەنگ وەک دڵنیایی ناسروای ئەو خوێندکارانەیە کە ڕۆژانی دژواری خوێندنی نێو ساڵیان کۆتایی هاتووە . تاقی کردنەوە ـ چاک یان خراپ ـ کۆتایی هاتووە.

هەر ئەم تێگەشتنە، واتە «جەنگ بۆتەی تاقیکردنەوەی نەتەوەکانە» وای کردووە جەنگ لای شەڕوانان و لای بینەرانی بێ لایەنیش وەک سەرچاویەکی فێرکردن دەرکەوێت. خەڵک بە زۆری دەیانەوێ لە قوتابخانەی سەر کەوتوو [ی شەڕ] وانە فێر بن. بە پێچەوانەشەوە، سووکایەتی بە دامەزراوە و چۆنێتی دۆڕاوان دەکەن و بەرپرسایەتی تێکشکان دەخەنە ئەستۆیان.

لە لایەنی دەروونشیکارانەوە، سەردەمی پاش جە نگ سەرچاوەی گرێیە. پڕمەترسیترینی ئەم گرێیانە، گرێی سووکایەتی خەڵکی دۆڕاوە. ئەم گرێیانە بەزۆری بە شێوەی ڕەفتاری لێبوردەخوازانە دەردەکەوێت. نەتەوەی دۆڕاو بریار دەدات کەفارەیەکی گەورە بدات، نموونەی ئەم شتە فەڕەنسای پاش ساڵی 1940ە. پڕۆسەیەک هەمووکات و لە هەموو وڵاتدا دەبینرێت: خەڵکی سەردەمانی کەونارا، پاش تێکشکان وەک تۆڵەی گوناهانی خۆ قوربانیان بە خواکان دەبەخشی و بێبەشی و دوورەپەرێزیان بەسەر خۆدا دەسەپاند. لە ژیاری دواتردا، نەریتی قوربانی هێشتا ماوە، بەڵام شێوەکەی گۆڕاوە و شێوەی سزای لە خۆی گرتووە ، بە زۆری پاش هەر دۆڕانێک هەندێ ڕێبەر و هەندێ جاریش بەشێکی زۆری خەڵک بە نالێهاتوویی یان خەیانەت تاوانبار و لە سێدارە دەدرێن. ئەمان ئەو قووچی قوربانەن کە بەجێماوان پاگژ دەکەنەوە. ئەنجامێکی دیکەی جەنگ ـ بە تایبەت ئەو کاتەی جەنگ جۆرە ئیمتیازێکی تارادیەک بەردەوام بەدی بێنێت ـ مەجبوورکردنی خەڵکە بۆ لاساییکردنەوە و پەیڕەوکردنی سەرکەوتووان.

ڕەنگە جەنگ کاریگەرترین شێوەی پەیوەندی گرتنی نێونەتەوەیی بێت. لە کاتیئاشتیدا وڵاتێک دەتوانێ سنوورەکانی دابخات و بە تامەزرۆیەکی تێکەڵ بە هەژان،

1ـ Von Bernhardi (1849 ـ 1547)، ژەنەڕاڵی ئەڵمانی و تیۆریسیەنێکی پانژێرمەنیزم.

بێزاری خۆی بە رامبەر بێگانان بنوێنێ ـ وەک چینیەکانی سەدەی هەژدەهەم ـ بەڵام ئەم کەرەسە هەرکات هێرشێک رووبدات ناکارامە دەبێت. شەڕ دوورەپەرێزیی کولتووری و ئابووری دەسڕێتەوە. لەبەر ئەمەش وا باشترە جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان ئەو جەنگانەدا کە رووداوێکی لاوەکی بوون و سنورەکانیان چاک کردوە، لەگەڵ ئەو جەنگانەدا کە دامەزراوە و بیرکردنەوەیان گۆڕیوە، دابنرێت. جەنگی کۆلۆنیالی وێڕای بەرتەسکیی لایەنی سەربازییان، گرنگن، چونکوو بازدانی کۆمەلایەتی راستەقینەیان لێ کەوتۆتەوە! لەشکرکێشییە زۆر بچووکەکانی «کۆرتێز[1]» و «پیزار[2]» گەلێ لە جەنگەکانی «شارلی پێنجەم[3]»، بۆ سپانیا گرینگترن.

پاڵنەری شەڕخوازی بە زۆری تا کاتی بنیاتنانەوەی زیانەکانی شەڕی پێشوو بێ هێز دەمێننەوە. ئەم خولی سارێژییە پێشتر درێژ ماوە بوو چونکوو رادەی زیادکردنی حەشیمەت خێرا نەبوو.

بەڵام لە سەردەمی ئێمەدا، کەمبوونەوەی حەشیمەت لە چەندساڵدا پڕ دەبێتەوە. دوای ئەم خولەش ویست و داواکاریی نوێ سەرهەڵدەدات. نەتەوەی دۆڕاو بیر لە تۆڵە دەکەنەوە. سەرکەوتووان دێنە سەر ئەو بڕوای کە خۆ بەختکارییان شیاوی باج یان داگیرکردنی خاکێکی زیاتر بووە و دوژمن دەبوا گەلێ سووکتر بکرایەت. سوورێک پێکدێت : مەیلی شەڕخوازنە سەرلەنوێ دەگەنە ئاستی دەرکەوتن.

**6ـ شێوەکانی ئاشتیخوازی**

لێرەدا بێ جێ نابێت ئاشتیخوازی وەک بەشێک لە رەفتاری دەروونیی پێوەندیدار بە کۆمەڵی دیاردەی جەنگیەوە لێک بدەینەوە. مەیل بۆ ئاشتیخوازی دژی پاڵنەری شەڕخوازییە.

---

1ـ Fernand – Gortez ( 1849 ـ 1930)، زەریاوان و داگیرکاری ئیسپانی.
2ـ François Pizzarre (1475 ـ 1541) زەریاوان و داگیکاری ئیسپانی.
3ـ Charles Quint (1500 ـ 1558) ناسراو بە شارلی پێنجەم، پادشای سپانیا.



www.pertwk.com

لەبەر ئەمەشە ئاشتیخوازی بە زۆری پاش جەنگ گەشە دەکات. ئاشتیخوازی نیشانەی نەمان یان دابەزینی وزەی شەڕکردنە. ئاشتیخوازی دژکردەوەیەکی دەروونی ڕاستەوخۆیە: ئەم دژکردەوە بێ ئەوەی وەک داوەری فەلسەفی یان ئایینزایی پشتی بە بەڵگاندنی ئاڵۆز بەستبێ، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤ دەبێت. ئاشتیخوازی وەک گەلاڵەی ئاشتی نییە کە بەپێی تیۆری هۆداریی پێشتر داڕێژراو دێنەئارا. ئاشتیخوازی دەرکەوتنی ڕەفتار و مەیلێکە. ئاشتیخوازی ڕەفتارێکی لە پڕ و حاڵەتێکی دەروونیە کە پشتی بە بەڵگاندن نەبەستووە.

بەڵام چونکوو مرۆڤ لە بنەڕەتدا بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە، دژ کردەوە خۆبەخۆکانی بەردەوام لەژێر کاریگەری ژینگەی کولتوری تایبەتی مرۆڤدا، شێوەی دەستوورمەند و جیاواز لە خۆ دەگرن. کاتێکیش باس لە ئاشتیخوازی دەکرێ، دەتوانین وا بیر بکەینەوە کە شێوەی دەربڕینی ئاشتیخوازیی مرۆڤ، پێوەندیەکی چڕ وپڕی لەگەڵ وێنای مرۆڤ بۆ جەنگ هەیە. هەر بۆیەش وا دیارە هەڵسوکەوت و تیۆری ئاشتیخوازانە دەکرێ بەسەر دوو گروپی گەورەدا دابەش بکرێت، بە پێی ئەوەی گروپی داهێنەری ئاشتیخوازی، لە پاڵ لەعنەت و نەفریندا جەنگ بە ڕووداوێکی پیرۆز و پاک دابنێت؛ یان بە تەواوی واز لە پیاهەڵدان و پیرۆزاندنی جەنگ بهێنێ و بە ڕووداوێکی چەپەڵ و کارەساتاوی لە قەڵەمی بدات.

**ئاشتیخوازی ئایینی. ئاشتیخوازیە بە پێی تەورات و ئینجیل.** وەک بینیمان، جەنگ وەک سزادانی تاوانبار و گوناهکاران لە لای خواوەندەوە سەیر کراوە. هەر بۆیەش ئاشتیخوازی پێغەمبەران بریتی دەبێت لە بانگهێشتن بۆ دووری لە بێ دینی و دووری لە سووکایەتی بە پیرۆزیەکان، کە سزای خواوەندی تووشی کۆمەڵگا دەکەن.

**ئاشتیخوازی رۆمی**: ئەم جۆرە ئاشتیخوازیە تایبەتی سەرکەوتووانی داگیرکەرە ئەو کاتەی لە سزادان و زاڵ بوون ماندوو دەبن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، هەموو ئۆباڵەکان دەخەنە ئەستۆی دۆڕاوان. دەوری ڕۆم حکومەت کردن، بەرێوە بردن و دەربڕینی مافی نەتەوەکانە. پێڕەوی نەکردن لە خەڵکی ڕۆم، نیاز خراپی و کوفر و ئەتککردنی ئیمپڕاتۆرە.

**ئاشتیخوازی قەدەری**. ئەم جۆرە ئاشتیخوازیە بۆ بەرنگاری نەکردن کورت دەبێتەوە. مرۆڤ چەندەش ماندوو ببن، هێشتا ئاشتی، جەنگ، سەرکەوتن یان شکەست بە دەستی ئەوان نییە. جەنگ دەستی قەدەر و چارەنووسە و، سەرکەوتوو هەڵبژاردەی خواکانە. [کەوابوو] جگە تەسلیم چ چارەیەکی دیکە نییە.

**ئەو ئاشتیخوازیەی لایەنی پیرۆزی جەنگ رەتدەکاتەوە؛ ئاشتیخوازی ئینجیلی**. گەرچی سەیرە، بەلام بە نموونە هێنانەوە لە گەلێ بەشی ئینجیل تێدەگەین بەڵێنی نوێ، جەنگ بە دیاردەیەکی پیرۆز نازانێ. لە راستیدا چونکو خوا هیچ کات بەرپرسی سەرهەڵدانی جەنگ نییە، جەنگ رووداوێکی بە تەواوی مرۆییە و بە گوناه دادەنرێت. «ئەوەی بە شیر بکوژێت بە شیر دەکوژرێت.»

تەنانەت دواتر، بە تایبەت لە سەردەمی شەڕە خاچ پەرستیەکاندا ئەو کاتەی کەنیسە ناچار دەبێت لەگەڵ هێزی دنیاییدا بسازێت، گەلێ نیشانەی ئەم هەڵسوکەوتە پێشوەی خۆی دەپارێزێت: جەنگ بەتەواوی بۆ هەموو قەشەیەک مەمنوعە. ئاشتیخوازیی ئینجیلی دەکرێ لەگەڵ بیر و رای لایەنگرانی ناتوندوتیژیدا (بودا، تۆلستۆی، گاندی) بەراوەرد بکرێت.

**ئاشتیخوازی گرینۆکانە**. لای لایەنگرانی ئەم را، بۆ گێرانەوەی خەڵک لە جەنگ ئەوەندە بەسە کە رادەی تاوان، وێرانی، کوشتو بڕ، رەشەکوژی و بەلا جوراوجۆرەکانی جەنگ بیری خەڵک بهێنرێتەوە. (بەلام ئەم چاو بە فرمێسکانە تاکو ئێستا هیچ دەردەدارێکیان دەرمان نەکردوە). بە بۆ چوونی ئەوان جەنگ بەرهەمی جۆرە هەڵەیەکی ژمێریاریانەی رێبەران و ـ خەڵک ـ و کردەوەیەکە لە تووڕەیی و بیرنەکردنەوەوە هەڵدەستێ.

**ئاشتیخوازی «نەرمرۆ»**: ئەم چەشنە ئاشتیخوازیە هەوڵ دەدات لەباتی مەحکوم یان سەرکۆنەکردنی ئاشکرای جەنگ، جەنگ ئەخلاقی بکاتەوە. ئەم ئاشتیخوازیە لای هەموو بناغەدانەرانی مافی نێونەتەوەیی کە لە تێورەکانیاندا تەنیا بە رەتکردنەوەی توندوتیژی و دەسدرێژی رازی دەبن، دەبینرێت.


www.pertwk.com

**ئاشتیخوازی شەڕخوازانە**: ئەم جۆرە ئاشتیخوازیە خەڵک هان دەدات بجەنگن بۆ ئەوەی جەنگ نەمێنێت. لەم جۆرە ئاشتیخوازیەدا بوو کە دژکاران سالانی 1914 بۆ 1918 بە ناوی «جەنگ دژی جەنگ» و «کۆتایی کۆتاییەکان[1]» جەنگاوەرانیان لە خشتە برد. زۆربەی سەرکەوتووە گەورەکان ئەم شێوە ئاشتیخوازیەیان وەک بەڵگەی پاساودەری هەڵسوکەوتی خۆیان بەکارهێناوە. ناپلیۆنیش لە بیرەوریەکانی[2] خۆیدا دەڵێ ویستویەتی ئاشتییەکی هەمیشەیی لە ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکەوە دەستەبەر بکات.

**ئاشتیخوازیی گاڵتەجاڕی**: ئەم جۆرە ئاشتیخوازیە نەک هەر هەوڵ بۆ سڕینەوەی تایبەتمەندی پیرۆزی جەنگ دەدات، بەڵکوو هەوڵ دەدات ئەو ئێعتبارە زۆرەی کە پەروەردە و ئەدەبی حەماسی ـ لە شێوە جۆراوجۆرەکانیدا ــ بە جەنگی بەخشیوە، نەهێڵێت. ئەم ئاشتیخوازیە لە ڕێگەی گاڵتەکردن بە ڕێ و ڕەسمی سەربازی ، نەتەوەپەرستی شەڕخوازانە و هێرش بۆ ڕێبەر و ئەفسانەکانیان، دژایەتی خۆی لەگەڵ جەنگ دەردەبڕێت. «کاندید[3]» و «قامووسی فەلسەفی[4]»، ڤولتێر[5] «دوورگەی پەنگوەنەکان»ی بەرهەمی «ئاناتۆل فرانس[6]» سەرنجڕاکێشترین نموونەی ئەم جۆرە ئاشتیخوازیەن. ئەم جۆرە ئاشتیخوازیە پاش شەڕی 1918 زۆر پەرەی سەند. لە فەرەنسا «ژاک پریڤێر[7]»ی شاعیر، گەورەترین نوێنەری ئەم جۆرە ئاشتیخوازیەیە لە

---

1ــ derders der، شێوەی ناتەواو و گاڵتەجاڕیانەی derniere des dernieres کە بە «کۆتایی کۆتاییەکان» وەریدەگێڕن.

2ـ Memerial، کتێبی بیرەوەری ناپلیۆنی یەکەم کە وتەکانی ئەوی بۆ سکرتێرەکەی لەخۆگرتووە.

1ـ Candide، کتێبێکی فەلسەفی ڤۆلتێرە کە ساڵی 1759 نووسراوە.

2ـ Dictionnaire Philosophique، قامووسی فەلسەفی ڤۆلتێر.

3ـ Voltaire، (1694 ـ 1775) نووسەر و فەیلەسووفی فەڕەنسی.

4ـ Anatol France (1844 ـ 1775) نووسەری فەڕەنسی.

5ـ Jacqes Prevert (1900 ـ ؟)، شاعیری فەڕەنسی.

ئەدەبدا. گرووپی نووسەرانی «کانارئەنشنە[1]» و «کراپۆیۆ[2]»ش لـە بـواری ڕۆژنامەنووسـیدا لەم بابەتەن.

6ـ Ganarenchane، ڕۆژنامەیەکی تەوس و رەخنەگرانەی فەڕەنسی.
7ـ Grapouillot، ناوی ڕۆژنامەیەکی رەخنەگرانەی فەڕەنسی.



www.pertwk.com

# بەشی حەوتەم

## پلانی ئاشتی و ئەو هۆکارانەی بۆ جەنگ دەستنیشان کراون

نۆڤیکۆ[1] دەڵێ: «وەک دیارە، دووپاتبوونەوەی جەنگەکان ئەمە دەسەلمێنێ کە جەنگ چ گرفتێک چارەسەر ناکات.» ئەم وتەیەی نۆڤیکۆ دەتوانێ دەربارەی ئاشتیش راست بێت. نە ئاشتی و نە بڕیارنامەکانی، چ گرفتێک چارەسەر ناکەن. تا ئێستا هەشت هەزار بڕیارنامەی ناسراوی ئاشتی، پاش هەشت هەزار جەنگ گرێدراون، بەڵام بەردەوام گرێدانی بڕیارنامەی نوێ پێویست بووە.

لەگەڵ ئەمەشدا، هەر لە کۆنەوە هەوڵدراوە ئاشتی لەسەر بنەڕەتی پتەوتر لە بنەمای نێو بڕیارنامە تایبەتەکان دابمەزرێت.لە لایەنی مافناسانەوە بینراوە بڕیارنامەکانی ئاشتی، وێڕای ئەم راستیەی کە کۆتایی بە دوژمنکارییەکان دەهێنێ، هەموویان توندوتیژییان تێکەڵە. دۆڕاوان لە یەکەم هەلدا بڕیارنامەکانی ئاشتی دەبەزێنن. کە وابوو دەبێ هەوڵ بۆ دەربازێک لەو بازنەی توندوتیژی بەرهەم دێنێتەوە، بدرێت. دەبێ هەوڵ بدرێت روانگەی گشتی جێگەی روانگەی تایبەت بگرنەوە و، بڕیارنامەکان جێگە بۆ دەستوور یان یاسایەکی نێونەتەوەیی چۆڵ بکەن کە دووری لە بەکارهێنانی زەبر سانا بکاتەوە.

بەڵام پێش هەموو شتێک دەبێ ئەو شتانە بناسرێنەوە کە بنەڕەتەکانی ئاشتی لەق دەکەن، چونکوو بە ناسینی ئەم شتانە، هەل بۆ دارشتن ودانانی یاسای‌کی تایبەت کە

---

1ـ J. Novicow (1842 ـ 1904) کۆمەڵناسی رووسی.

توانای نەهێشتنی ئەم هۆکارە تێکدەرانەی هەبێت، دەرەخسێت. لەبەر ئەمەشە سەرجەم ئەوپلانانەی ئاشتی کە بە درێژایی سەدەکان پێشنیار کراون بە ئاشکرا، یان بە شێوەی پاڵەکی، بە پێی تیۆری هۆداریی جەنگ ڕۆنراون.

پلانی ئاشتی بە زۆری پاش زنجیرەیەک جەنگ دێتە ئارا. ئەم پلانانە شەکەتی، رق و حەز بۆ کۆتایی هاتنی جەنگ کە تایبەتی ڕۆژانی پاش جەنگە، دەنوێننەوە. بەڵام هەر خولێک خاوەن پاڵنەری خۆیەتی، ئەو پاڵنەرانەی کاریگەری لە سەر خەڵکی ئەو سەردەمە داناوە و دژکردەوەیان تێدا هەڵدەخرێنێ. بەپێی شێوەی «گشتاندن» کە بنەڕەتی هەموو تیۆرێکی کۆمەڵناسییە، ئەم پاڵنەرە بۆ هەموو جەنگەکانی رابردوو، ئێستەو داهاتوو دەگشتێندرێ. گەڵاڵەڕێژانی پلانەکانی ئاشتی بە کورتی دەڵێن:ئێمە بینیومانە فلانە جەنگ کە سەردەمی ئێمەی خەفەتبار کردووە، فلانە هۆی تایبەتی هەبووە و ئەم هۆیەش بەدیهێنەری هەموو جەنگێکی چەکدارییە، ئێمە فلانە چارەسەر پێشنیار دەکەین، بۆ ئەوەی هۆکە نەهێڵێت یان پووچەڵی بکاتەوە و لە ئەنجامیشدا گەرەنتی ئاشتییەکی جێگیر بکات.

**1ـ پلانە ئابوورییەکانی ئاشتی**

بە گشتی دەکرێ بڵێین ئەورووپا، پاش «ئێمپراتوریەتی رۆم[1]» بەردەوام لەژێر دەسەڵاتی سیستەمی جۆراوجۆری ئابووریی ئاراستەکراودا بووە. جگە لەوەش، بۆلیۆنیزم[2]و دواتر مێرکانتیلیزم، وەک کەرەسەیەکی پێویستی پتەوکردنی سەربازیی دەوڵەتەکان و بۆ دروستکردنی خەرێنەی جەنگی سەریان هەڵداوە. کاتێک جەنگ تێدا نەچوو، ئاساییە ئەم بیرە رسکا کە «ئابووریی ئاراستەکراو»، «پشتگیریی گومرکی لە پشەسازی نێوخۆیی»، «کۆلبێرتیزم[3]» و «مێرکانتیلیزم[1]» هۆی جەنگ بوون. لە بەر

---

1ـ نووسەر وشەی Bas – Empire Romainی بەکارهێناوە. ئەم ناوە بۆ ئیمپراتۆری رۆم لە سالانی 235 بۆ 476ی زایینیی بەکار دەهێنرا.

2- Bullionisme

3ـ Colbertisme، ناوی ئەم رێبازە لە ناوی کولبێر گیراوە. کولبێر دەوڵەتوانێکی سیاسەتزانی سەردەمی لوویی چواردەهەم بوو. چارەسەرە ئابوورییەکانی ئەو بەم جۆرە بوون: پشتگیری پیشەسازی و بازرگانی لە

ئـەمـەشـە کـە «فیزیۆکراتـەکان[2]» دژی کـۆلبێرتیزم و، لیبراڵـەکـان دژی  پشـتگیریی پیشەسازی نێوخۆیی راپەڕین.  بەڕای لیبراڵەکان، دانوستاندنی ئـازاد، زۆر زوو کۆتـایی بە دووژمنکاریی هەموو نەتەوەکان دێنێ.

تیۆری «جێرمی بێنتام[3]»یش بەم تیۆرانەی پێشوو زیاد کـرا. ئـەو پێشـنیاری کـرد هەموو کۆلۆنیاکان رزگار ببن. بنەمای تیۆرەکەی بێنتام ئەوە بوو کە وڵاتـانی ئـەوکـاتی ئەورووپا، کۆلۆنیەکانیان وەک بازاڕی بەرخۆریی   پیشەسازیی و بازرگـانیی خۆیـان چـاو لێدەکرد. پاش رۆنسانس، ئەنگەلتەرا وازی لە داگیرکردنی زەوی لە نێو ئەورووپادا  هێنـا وکـەی بـەشـداری  جـەنگێکـی دەکـرد، لـەبـەرامبـەردا ئیمتیـازی کۆلۆنیالیسـتیانەی وەردەگرت. بێنتام بە شێوەیەکی ئاسایی گەیشتە ئەم ئەنجامەی کە گەڕان بۆ کۆلـۆنیی نوێ هۆی دەستدرێژیی ئینگلیزیەکانە.

یـەکێـک لـەو پلانانـەی ئاشـتی کـە دژی ئـابووریی ئاراسـتەکـراو دەوەسـتێ، تاقیکرایەوە:لایەنگرانی ئازادی بازرگانی و ئابووری لە سەدەی نۆزدەهەمدا سەرکـەوتـن، ئەم سەرکەوتنە بووە هۆی بازدانێکی خێـرا و گـەورەی بـەرهـەمهێنـان و پـەرەگـرتنی ئابووریی ئەورووپا.  بەڵام وەک دیارە ئەم گۆڕانکارییە کارێکی زۆری لەشەراشۆیی گرووپ و نەتەوەکان نەکردووە. زۆرترین شتێک بکرێ بوترێت ئەوەیە ریتمی جەنگەکان گۆڕاوە. بەڵام راستیەکەی ئەمەیە، کەی گۆڕان لە بونیادی دەوڵەت، خەڵک، یان ئابووریـەکانـدا رووبدات، ریتمی جەنگەکانیش دەگۆڕێت. ئابووری ئازادیش دواتر وەک هـۆی بنـەڕەتی جەنگەکان تاوانبار کرا.

شەڕی 1914 بۆ 1918 بەسەرکەوتنی بیروڕای سوسیالیستی کۆتـایی هـات. ئـەو بڕوایانە ـ لانیکەم ئەو سەردەمە ـ ئاشتیخواز، ئەنتەرناسیۆنالیسـت و دژە سـەربازیگـەری

---

لایەن دەوڵەت، دامەزراندنی پیشەوەر و هونەرمەندانی بێکار، دامەزراندنی کارگـە، دارشـتنەوەی کاروبـاری ماڵی و ... .

1- Mercantilisme

2ـ Physiocrate، قوتابخانەیەکی ئابووری کە لای وایە کشتوکاڵ تاقە سەرچاوەی سامانە.

3ـ Jermie Bentham (1747 ـ 1832) فەیلەسووف و ئابووریزانی ئینگلیزی.



www.pertwk.com

بوون. زیاد لەوەش، چونکوو پارتە سوسیالیستەکان ئەو کاتە دەسەڵاتی هیچ وڵاتێکیان بەدەستەوە نەبوو، بەرپرسایەتی چالاکیی جەنگیان لە ئەستۆ نەبوو. وەکی تر، چونکوو سەرمایەداری سیستەمی زاڵی ئابووریی ئەو کات بوو، بەئاسانی دەکرا تاوانەکان رووبەرووی ئەو سیستەمە بکرێتەوە و وەک تاقە هۆی جەنگ بناسێندرێت.ئاخۆ بە پشت بەستن بە ئەزموونی مێژوویی دەتوانین بڵێین سیستەمی سەرمایەداری بە رێژەی سیستەمەکانی دیکە، کەم تا زۆر بە شێوەی بنەبڕ و بەردەوام جەنگخوازە؟ ئاخۆ نەمانی سەرمایەداریی وەک دەوترێت، گەرەنتی ئاشتیی جیهانی دەکات؟

پێش هەموو شتێک با لە پێشەنگانی سەرمایەداریی نوێ بکۆڵینەوە. سیاسەتی یەکەم دەوڵەتە بازرگانەکانی وەک کارتاژ، ڤێنیز و پیبا ، بە پێی بەرژەوەندیی و بارودۆخی مێژوویی،هەندێ جار بەرەو جەنگخوازی و هەندێ جاریش بەرەو ئاشتیخۆازی دەکشا. بە کورتی، ئەم دەوڵەتانە نەیاندەتوانی خۆیان لەگەڵ دۆخی جەنگی هەمیشەییدا، وەک دۆخیسەدەکانی نێوەراست و دۆخی هەندێ خێڵی مەغوول بگونجێنن.چونکوو بازرگانی و کارو باری ئابووری پێویستی بە سەقامگیریی ئاشتییەکی درێژماوە هەیە. جگە لەوە، هەر ئەم حاڵەتە وای لە هێربێرت سپێنسێر کرد بڵێ گەشەی پیشەسازیی، ئاشتی بە دوادا دێت.

لە لایەکی دیکەوە، لەبواری دەروونیەوە، شانازی سەربازی لە لەندەن، بێرلین، رۆم یان نیۆیۆرک، بە یەکسان رێز دەگیرێن. بۆ شانازیی سەربازی لە ڤێنیز، فلۆرانس و، ئامستێردام جێژن دەگیرا. ئەزموون نیشانیداوە وڵاتانی سوسیالیستی ئێستەش هەر بەم رادە بە شانازیی سەربازی دەبزوێن. وەک دیارە مەیل بۆ بە دەستهێنانی هێز و پاڵنەری شەڕخوازیی، بەتەواوی لە سیستەمە ئابووریەکان سەربەخۆیە. ئەم دۆخە سەبارەت بە زنجیرە پلەی سیاسی یان کۆمەڵایەتی رێکخستنی کار یان رێکخستنی خاوەنداریتی کەرەسەی بەرهەم هێنان و بەکارهێنانیش، راستە. جەنگ و ئەرتەش بنەرەتێکی هەموو بونیادێکە: هەر لە حکوومەتی ئەشرافیە وە هەتا حکوومەتی ئاغا و رەعیەتی،

«پلۆتۆکراسی»[1] سەرمایەداری، ئابووریی کۆمەڵایەتی یان سوسیالیستی ـ کۆن یان نوێ ـ کۆیلەداری کاری ئازاد یان زۆرەملیی «سێرواژ»[2] یان وردەمالیکی.

لە لایەنی تیۆریکەوە هەموو ئارەزوویەک بۆی هەیە بۆ ململانێیەک لە پێناو تێرکردنی ئەو ئارەزووەدا ـ تەنانەت گەر بە زیانی کەسانی دیکەش بێت ــ بکشێت. هەموو دژایەتییەکی ئابووری دەتوانێ ببێتە زەمینەی بزواندن و دەرکەوتنی ململانێیەک. بەڵام ئاخۆ هەموو دژایەتیەکان بەم چەشنە نین؟ بەپێچەوانەوە وادیارە ململانێی ئابووری لە بارترین زەمینەی سەودا و پێکەوە گونجان بن.

جگە لەوە، دۆخێکی ئابووری، وەک ئامارەکان بە چەند شێوەی جۆراوجۆر لێکدەدرێتەوە. بەم بۆنەوە دەکرێ بڵێین لە نێو هۆکارە ئابووریەکانی ململانێکاندا، ئەو تیۆرە ئابوورییانەی خەڵک بڕوایان پێیانە لە هۆکانی دیکە گرینگترن. ئەم تیۆرانە، بێ گومان لە واقیعی ئابووری ـ بە مانای تایبەتی وشەکە ـ گرینگترن، چونکوو مرۆڤ بەپێی بڕوا و بیر و بە کورتی بە پێی شێوەی بیرکردنەوەی خۆی دۆخی ئامادە لێکدەداتەوە و شیکاریی دەکات. ئەگەریش لە روانینی تیۆریە ئابوورییەکانی هەنووکەوە، گرفتی دۆخی هەنووکەیی تەنیا لەرێگەی جەنگەوە چارەسەر بکرێت، دەوڵەتوانان و بیروڕای گشتی بە شێوەی جەبری دەچنە ژێرکاریگەری ئەو تیۆرەوە. «ئێلیفۆر[3]» دەڵێ: «وەهمی گەورە ئەوەیە لامان وابێت مرۆڤ لە بەر بەسوودبوونی جەنگ، جەنگ دەنێتەوە نەک لە بەر ئەوەی جەنگ بەسوودە» .

بە کورتی هیچ ئابووریزان، مێژوونووس یان سیاسەتوانێک نەیتوانیوە ئەوە پێناسە یان دیاری بکات کە چ رادەیەک لە لێکدژیی ئابووری بەناچار جەنگ دەخاتەوە. جگە لەوەش، ئەزموون ئاشکرای کردووە کە زیان و زەبرەکانی هەموو جەنگێک بە زۆری لە نرخی سەرمایەرێژییە ئابوورییە خێراکانی جەنگ زیاترە. هۆی گۆڕانی کێشەی ئابووری

---

1ـ Plutocratie، لەم سیستەمەدا دەوڵەت و هێزی زاڵ بە دەستی چینی دەوڵەمەندەوەیە.
2ـ Servage، چەشنێکی کۆیلەداری ئەورووپی کە تێیدا کۆیلەکان لە هەموو مافێک بێبەشبوون.
3ـ Elie Faure (1873 ـ 1937) مێژوونووسێکی فەرەنسی.



www.pertwk.com

بۆ پێکدادانی خوێناوی ئەوەیە کە هۆکاری هەژێنەری پێ زیاد دەبێت و ئەم هۆکارە وادەکات رکەبەران بۆ ماوەیەک دەنگی ئاشتی و لێکبوردن نەبیستن. بە کورتی وادیارە هۆکاری ئابووری لە زۆربەی کاتەکاندا دەچێتە خزمەت مەیلی شەڕخوازانەوە. ئابووری لە هەموو نموونەیەکدا و بە بێ ریزپەڕ یەکێکە لە کەرەسەکانی جەنگ. بەڵام پێچەوانەی ئەم هاوکێشەیە راست نییە: جەنگ هەمیشە کەرەسەی ئابووری نییە.

**2. پلانی ئاشتی سیاسی**

پێش لێکدانەوەی پلانی جۆراوجۆری ئاشتی سیاسی، بە کورتی ـ وەک بۆ لایەنی حەشیمەتی یان ئابووری جەنگیش کردوومانە ـ ئەنجامی سیاسی دوایینی جەنگ سەیر دەکەین یان بە وتەیەکی دیکە، کارکردی سیاسی جەنگەکان دەخوێنینەوە. بەبێ لابردنی دەستورمەندانەی هەموو لێکدژیەکان، پێوەندیدانی کاریگەری سیاسی جەنگەکان بە جۆری کۆمەڵگا، بیرو بڕوا، یان تەکنیکەوە ئەستەم دیارە، چونکوو بە زۆری لە هەندێ کۆمەڵگای وێکچوو، یان تەنانەت لە کۆمەڵگایەکی یەکەدا، ململانێکان هەندێ جار ئەنجامی بەتەواوەتی لێکدژیان لێ دەکەوێتەوە.

جەنگ بە زۆری بڕوا و سیستەمە سیاسیەکان تێدا دەبات، بەڵام هەندێ جاریش ئەم کارکردە پێچەوانەیە. بۆ نموونە سەرکەوتنەکانی ژاپۆن تا ساڵی 1945، ئەگەرچی وای لەو وڵاتەکرد رێگە بە تەکنۆلۆژیای وڵاتانی ئەورووپایی بدات، بەڵام ئەشقی بە گوڕ بۆ ئێمپراتور و بڕوای ئایینی سوننەتیی بەهێز کرد. تاقەرێسایەک بشێ لە زۆربەی بینینەکان (Observation) هەڵبهێنجرێت ئەمەیە لایەنی زاڵ بەزۆری لە سەر بڕواکانی خۆی سوورتر دەبێت،چونکوو ئەو بڕوایانە بە هۆکاری سەرکەوتنی خۆی دەزانی، بە پێچەوانەش دۆڕاو بەزۆری لە ئایدۆلۆژیا و دامەزراوەکانی خۆی گومان دەکات. شکەست، بە زۆری قەیرانی سیستەمی سیاسی، و قەیرانی ویژدانی لەگەڵە. بەم بۆنەوە شکەست ـ جگە لەو کاتەی دۆڕاو بە تەواوەتی تێدا دەچێت ـ بە زۆری لە سەرکەوتن بزۆک و دینامیکترە. سەرکەوتن دۆخ جێگیر و تێکشکان دۆ خ دەگۆڕێت.

بەڵام مەرج نییە گۆڕانکاری سیاسی زادەی جەنگ، بە حەتمی مانای پێشکەوتن بن. ئەم گۆڕانکاریانە دەتوانن دەوڵەتی سیاسی بۆ قۆناخی سەرەتایی بگێڕنەوە. بۆ نموونە

زاڵبوونی بەربەرەکان بە سەر ئیمپراتۆری رۆمدا، وایکرد ئەورووپا بۆ چەندین سەدە لە ئیمپراتوریەکی رێکخراو و خاوەن دامەزراوەی سیاسی و مافیانەی پێشکەوتووەوە بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی خێڵەکی نیمچەسەرەتایی و پاشان شێوەی فیۆداڵی لە خۆ بگرێت.

کاتێک دوو شێوەی دەوڵەتکە هەریەکەیان تیۆری سیاسی تایبەتی خۆیان هەیە دەکەونە ململانێیەکی درێژماوە، پێشتر دیار نییە کامیان زاڵ دەبن. تەنانەت کاتێک لایەنێک تەواو سەردەکەوێت و جەنگ کۆتایی دێت، بە دەگمەن بونیادی زەینی و ماددیی لایەنی سەرکەوتوو وەک خۆی بەنەگۆڕی دەمێنێتەوە. ئەم حاڵەتە بە تایبەت لە ناسراوترین ململانێی جیهانی کەونارا، واتە لە شەرەکانی «پونیک[1]»دا دەبینرێ. پاش سەرکەوتن، کۆمەڵگا و دەوڵەتی رۆم بەلەز گۆڕا. روبەڕوبونەوەی دوو هێزی نەیار، بە چارەسەرێکی بەدینەکراو دەگات. ململانێی نێوان «حکوومەتی پاپ[2]» و ئیمپراتۆریای پیرۆز کە چەند سەدە درێژەی هەبوو، لەم چەشنەیە. سیستەمی ئاغا و رەعیەتی، بە مەرجی باج بە سەرۆکەکان بەڵێنی ئاسایشی بە خەڵک و کۆمەڵە خێڵەکییەکان دەدا. کەنیسەش ـ بە مەرجی پێڕەوکردنی بنەما جەزمی و دۆگماتیەکانی خۆی ـ بەڵێنی ئاسایشی دەدا. ئەنجام هەر دوو لایەن بێهێز کەوتنەوە و چارەسەرێکی دیکە دەرکەوت کە هیچ کەس چاوەڕێی نەدەکرد: رۆنسانس، ئەو بیرکردنەوەی کە هەم سیاسی و هەم فیکرییە و خۆی لایەنێکی تازەیە.

### 3ـ پلانی دەوڵەتی یەکە

ئەو تیۆرە هۆداریانەی بنەڕەتی سەرجەم ئەم پلانانەیە بە کورتی بەم چەشنەیە: جەنگ ئەنجامی راستەوخۆی دەسەلاتی دەوڵەتانە. تا ئەو کاتەی دەوڵەتی سەربەخۆ و زاڵ ـ بچووک بن یان گەورە ـ هەبن ململانێ و شەڕخوازی یان رکەبەری و لە ئاکامیشدا جەنگ دەمێنێت. بە کورتی، ئەزموون نیشانیداوە هەندێ وڵات کە بە

1ـ Guerres Puniques، ناوی جەنگی درێژماوەی رۆم و کارتاژ کە پاش سێ شەڕی گەورە، تێکشانی کارتاژی لە دوا بوو. ئەم جەنگانە 146 بۆ 264ی پێش زایین بەردەوام بوون.
2ـ Papauté، ئیدارە و دەوڵەتی پاپ.


www.pertwk.com

درێژایـی سـەدەکان دوژمـنی یـەکتر بـوون ئەوکاتـەی ـ زۆرتـریش بـە زەبـر ـ لـە ڕێکخراوەیەکی سیاسی یەکەدا تواونەتەوە، بوونەتە هاوڵاتی، برا و هاوڕێ.

کـەوابوو حـاکمی یەکـە، عەدالـەت و ئاشـتی لـە جیهانـدا، وەک وڵاتۆکـەی ئیمپڕاتۆرییەکی مەزن کـە ڕێبەرایـەتی ئـەو وڵاتۆکانـە دەکـات، دادەمـەزرێنێت. وەک هاوڵاتی ڕۆمی سـەدەی یەکـەم، هـاوڵاتی سـپانیایی سـەدەی حەفدەهـەم و هـاوڵاتی ئینگلیزیی سەدەی نۆزدەهەم کە هەر کامیان، لەنێو کۆگای نەتەوەی بندەستی خۆیاندا، توێژێکی ناوازەیان پێکدەهێنا. ئەم مانا ستەمکارانەی یەکگرتن دەکـرێ نـاوی «گرێـی خەڵکی هەڵبژاردە» ی لێ بنرێت.

لە سەردەمی ئێمەدا جەنابی «ئێمری ریۆ[1]» لایـەنگری ئـەم تیۆرەیـە. بـە رای ئـەو پێشکەوتنی هەنووکەیی تەکنیک، ڕێگـەی بـۆ بـەدیهاتنی ئـەم دەوڵـەتە یەکـە خـۆش کردووە. «ئێستە لە لایەنی جوگرافی، تەکنیکی، سەربازی و هتـدەوە جیهـان ئامـادەی ئەوەیە لە لایەن دەسەڵاتێکی یەکەوە، بۆ یەکەم جار لـە هـەموو مێـژوودا، بگیردرێـت. جیهـانی ئێسـتە لـە لایـەنی تـەکنیکـی و سـەربازییەوە گـەلێ لـە هـەرێمی دەوڵـەتە گرنکەکانی سەدەکانی پێشوو بچووکترە. لە ئێستەدا بردنی سوپا بۆ ڕۆژهەڵاتی دوور، بۆ ئەمریکا، گەلێ لە لەشکرکێشی بۆ ئینگلستان یان میسر، ساناترە.» نووسەر ئاواتی ئـەوە دەخوازێ کە مادام مرۆڤ ناتوانێ لە ڕێگەی نەرم و دیمۆکراتیکەوە لەسەر جیهانگـەریی (universalism) ڕێکەون، لانیکەم ڕەوتی ڕووداوەکان لە ڕێگەی کردەی تونـدوتیژی دەسەڵاتێکەوە، یەکگرتوویی جیهان خێرا دەکات.

لەم تیۆرەدا ڕووبەڕووی دوو بەڵگاندن ـ کە بـەردەوام یارمـەتی دەسـەڵاتدارانی بـۆ پاساوی کردەوەکانیان داوە ـ دەبینەوە: یەکەمین بەڵگاندن دابینکردنی ئاسایشە. بەڵام ئەم بەڵگاندنەش وەک بەڵگاندنەکەی ئێسپێنسێر نەگونجاوە: هەموو سـەرکەوتنێک، بـە بەربڵاوترکردنی سنوورەکان و پەرەدانی هێڵی پێوەندییەکان، ناوچەی بـەرەنگاری دژی کردەی هێرشکارانەی شیمانەیی زۆرتر دەکات. کەوا بوو بۆ داگیرکاریی ئەو کەسەی بـە

---

1- Emery Reves

ئاواتی ئاسایشی رەهاوەیە، سنووریک نییە. جگە لەوەش ریۆ لەم بارەوە دەڵێ:«مەیل بۆ ئاسایش هۆی بنەڕەتی دەرکەوتنی ئیمپێریالیزمە.» بەڵگاندنی دووهەم ئەمەیە کە مەبەستی هەموو ئەو کردارانەی بۆ زاڵبوون بەسەر جیهاندا کراون، دامەزراندنی هەمیشەیی دەستوور و ئاشتی بووە... .

سەیرێکی خێرای مێژوو، مرۆڤ لە فەزیلەتی ئاشتیخوازانەی دەوڵەتی یەکە بە گومان دەکات. هێندە بەسە بزانین تەمەنی ئەو ئاشتییەی پاش دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتی چین و رۆم دەستەبەر بوو بە نیسبەت ئەو هەوڵە مەزنە و ئەو خۆبەختکاریی گەورەیەی خەڵک، چەندە کورت بوون. لە دواییدا شەڕی ناوخۆ بەسەر وڵاتانی ئیمپراتۆریدا دەسەپێ، چونکوو هیچ جەنگێکی دیکە هاوکێشیی هێز دروست ناکات. شەڕی گروپگەلی ئاژاوەچی، ململانێی سەڵتەنەتی و ناوخۆ، ململانێی نێوان هێزی چەکدار و رێبەرانیان، راپەڕینی حاکم یان فەرماندەی وڵاتۆکەکان، جێگەی جەنگی نێونەتەوەیی دەگرنەوە.

**4ـ گرنگایەتی مێژوویی جەنگی ناوخۆ**

زۆربەی مێژوونووسان دەیانەوێ جەنگی ناوخۆ بە جەنگێکی پلە دووهەم لە قەڵەم بدەن. بە پێچەوانەوە وەک دیارە شەڕی ناوخۆ بە گەلێ بەڵگە شیاوی خوێندنەوە و سەرنجی زیاترن. لە راستیدا لە لایەنی چۆنایەتی و هێزی کردە نواندنەوە دەکرێ بڵێین شەڕی ناوخۆ گەلێ توندوتیژترن. لە راستیدا بە زۆری ئەم چەشنە جەنگە لە لایەنی چۆنایەتی و خەرج کردنی هێزەوە زیاترین وێرانی دەخەنەوە. لە مێژووی نوێی ئەورووپادا، جەنگی سی ساڵە و جەنگە ئاینییەکانی فەڕەنسا زیاترین وێرانییان خستەوە. جەنگی سەربەخۆیی ئەمریکا، بە درێژایی شەڕی 1870ی فەڕەنسا و ئاڵمان وێرانییەکی زیاتری بەدیهێنا. شۆڕشی رووسیا پاش جەنگی 1914، بە نسیبەت جەنگە نێونەتەوەییەکانی پێش خۆی، قوربانییەکی زۆرتری ستاند. لە دواییشدا سپانیا کە بەشداری جەنگی 1914 بۆ 1918ی نەکردبوو، بە هۆی شەڕی ناوخۆوە (1936 ـ 1938) زیاتر لە هەر دەوڵەتێکی بەشداری شەڕی جیهانی یەکەم، زەبری لێ کەوت.



www.pertwk.com

دەوڵەتەکان، ناو بە ناو، بە قۆناخی ناوەندمەندێتی و پاشان بە هەڵوەشاندنەوەدا تێدەپەڕن. ئیمپراتۆریای گەورە لە دۆخی لەباردا پێک دێن و دواتر، بە زۆری بە هەڵوەشاندنەوە لە دوورەدەستترین وڵاتەوە، هەڵدەوەشێنەوە. بەڵام هەر دوو پرسەکە، واتە پرۆسەی ناوەندمەندێتی و پرۆسەی رووخان و هەڵوەشانەوە، شەڕی خوێناوی لەگەڵە. تەنانەت دەتوانین بڵێین جەنگ ئامرازی ئەم وەرچەرخانەیە.

ئەزموونی ئەو زلدەوڵەتانەی لە رابردوودا پێکهاتوون، ناتوانێ بە هیچ شێوەیەک مرۆڤ پێمل بکات کە دەکرێ لەم رێگەوە جەنگ نەهێڵرێت. راستیەکەی ئەمەیە کە لەو نموونانەدا بنەمایەکی جوبران هەیە. جەنگی بچووک جەنگی نێوان فیۆداڵ یان دەوڵەتەکان، جێگەی بۆ جەنگی ناوخۆی گەورە و درێژماوەتر چۆڵ کردووە. ئەو جەنگانەی زەبرەکانی یەکێکیان لەگەڵ چەشنەکانی دیکە جەنگ یەکسانە.

### 5ـ پلانی هاوکێشیی نێوان دەوڵەتان

پلانی هاوکێشی، بە پێچەوانەی پلانی مافناسانە کە لەسەر چەمکێکی دەرهەستی وەک ماف و یەکسانی دەسەڵاتەکان وەستاوە، هۆکاری هێز بە گرنگ دەگرن. بنەمای ئەم پلانانە ئەمەیە کە دەکرێ ئاشتی لە رێگەی رووبەڕووکرنەوەی ئەو هێزانەوە کە یەکتر نەرم و ناچالاک دەکەن، بپارێزرێت.

بەم پێیە دەوری تایبەتی پلانی هاوکێشی، دەورێکی بەرپەرچدەرانەیە. گەڵاڵەڕێژانی ئەم چەشنە پلانە بە هیوان ئاشتی، لە رێگەی دابەشکردنی جیهان بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا کە هێزی یەکسانیان هەیە و بەم بۆنەوە رێزی بەرامبەری یەکتر دەگرن، یان لە رێگەی رێکەوتننامە، یەکیەتی و یەکگرتنەوە، سەقامگیر بکەن. بە رای ئەوان، ئەگەر هاوکێشیی هێزە ئامادەکان، سەرکەوتن بکاتە بابەتێکی زۆر گران و بەپێی بەخت؛ وەسوەسەی جەنگیش کەمتر دەبێتەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا، پێویستە لایەنی هێرشکارانەی ئەم بڕواش باس بکرێت. تیۆری هاوکێشی کە هەوڵ دەدات بە هەر جۆرێک بەر بە زۆربوونی هێزی سەربازی بنەماڵەیەکی سەڵتەنەتی یان نەتەوەیەک ـ لە ئاستێکدا کە هەڕەشە لە دراوسێکانی بکات ـ بگرێت، خۆی دەبێتە سەرچاوەیەکی بێ بنی جەنگ. چونکوو ئەم تیۆرە لە

دوایین شیکاریدا نەتەوەکان هان دەدات ـ وەک ماکیاڤیلی جەختی لەسەر کردبوو ـ لە هەموو شتێکدا دەست بدەنە جەنگی بەرپەرچدەرانە. مێژووی ئەوروپا بە تایبەت پڕە لە دەستدرێژی، یەکگرتن، هەڤاڵبەندی، دەستەبەندی و جەنگی هەمە لایەن کە هەمیشە تیۆری هاوکێشی بزوێنەریان بووە. بێگومان ئەوروپا بە بەرەکەتی تیۆری هاوکێشی توانیویەتی پاش سەردەمی ئیمپراتۆریەتی رۆم، بەر بە پێکهاتنی ئیمپراتۆریەتی بەرفرە، لەو جەشنەی لە ژیارەکانی رۆژهەڵاتی نزیک و دووردا پێکهاتوون، بگرێت. بەڵام ئەوەش رابگەیەنین کە بەشی ئاشتی لەم نێوەدا زۆر کەم بووە... .

پلانێکی هاوکێشی کە لەسەر تواندنەوە و دابەشکردنی گشتی وەستا بێ و توانای هەمەگیربوونی هەبێت، وەک پلانی سۆلی[1]، دەگمەنن. مەبەستی گەڵاڵەرێژانی ئەم پلانانە ئەوەیە دابەشکاریی ئەقڵانی خاک و سنوورەکان بکەنە جێگری سنوور و هەرێمە مێژووییەکان کە بە زۆری زادەی جەنگن. سەیر ئەمەیە چەند نموونەیەکی مێژوویی بەرپێوەچوونی ئەم بنەما بۆتە هۆی هەڵوەشاندنەوە و تێداچوونی خۆویست و نەرمڕۆیانەی ئەو دەوڵەتە مەزن و جیهانییانەی سەرۆکەکانیان بەو بڕوا گەشتوون کە ناتوانن بەو شێوە بمێننەوە. ناسراوترین نموونەکانیشی دابەشکردنی ئیمپڕاتۆریای رۆم لە لایەن دیۆکلیتانووس و دابەشکردنی ئیمپراتۆریای «شارلێمانی[2]» یە لە نێوان سێ کوڕەکەی خۆیدا و پاشان دابەشکردنی ئیمپڕاتۆریای شارلی پێنجەمە.

**6- پلانی جەنگ بە پێی سیستەمی سیاسیی بڕوای دەوڵەتان**

بە زۆری، سیستەمی سیاسی دەوڵەتەکان بە هۆکاری جەنگ زانراوە. بەردەوام هەندێ تیۆرمان هەن بڵێن فلانە سیستەمی سیاسی لە بنەڕەتدا جەنگخواز و ئەویدیکەیان ئاشتیخوازە. هەر بەم پێیەش لە سەدەکانی نێوەڕاستدا ئەم بیرە هاتە ئارا کە سیستەمی پاشایەتی کۆتایی بە بەختی فیۆدالی کە بەڵای ئەو کاتی ئەورووپا بوو دەهێنێ و ئاشتی سەقامگیر دەکات.

---

1ـ Sully (1560 ـ 1641) وەزیری هانری چوارەم پادشای فەرەنسا.

2ـ Charleamagne (742 ـ 814)، ئیمپراتۆری فەرانسا.



www.pertwk.com

بە داخەوە سیستەمی پاشایەتی زنجیرەیەک جەنگی بنەماڵەیی بێکۆتایی بەدیهێنا. جەنگی سەد ساڵە، جەنگی ئیتالیا و جەنگەکانی لوویی چواردەهەم لە لایەنی مافناسانەوە بەپێی چەمکی میراتیانەی دەکەوت وەستا بوون. ئەو پادشای دەچووە جەنگ، بەزۆری داوای میراتێکی دەکرد کە ئەو میراتەی بە موڵکی خۆی دەزانی. لە سەدەی نۆزدەهەمدا، ئەگەرچی جەنگەکان هێندەی جەنگەکانی رابردوو بنەماڵەیی نەبوون، بەڵام بە تەواوی لە چوارچێوەی فەرمانی فەرمانڕەواکاندا بوون.

پلەی یەکەمی پاشاکان لە جەنگدا وای کرد ئاشتیخوازان زیاد لە هەموو کەس لەوان بترسن. وێنای گشتی سەبارەت بە پاشاکان ئەمە بوو کە ئەوان بەبۆنەی خۆپەرستی، چاوچنۆکی، تامەزرۆیی بۆ سەرکەوتن، شانازی، چەواشەکردنی بیروڕای گشتی دەربارەی کێشەی ناوخۆیی و گوێڕایەڵکردنی خەڵک خوازیاری جەنگن. هەندێ نووسەر بە لە بیرکردنی هەندێ نموونەی وەک کۆمارەکانی سەردەمی کەونارا یان کۆماری ڤێنیز، هاتنەسەر ئەو رایە کە گۆڕینی حکوومەتی پاشایەتی بۆ کۆمار، ئاشتی جیهانی بە دیاری دێنێ. رۆسۆ بەزۆری پێی لە سەر رۆحی نەرمرۆیانەی کۆمارەکان دادەگرت. ویکتۆر هۆگۆ گەلێ قەسیدەی سەرنجراکێشی دژی پاشا و زنجیرەی پاشایەتی نووسی .

بەڵام دواتر سیستەمە دێمۆکراتیکەکانیش سەلماندیان ئەوانیش بەهرەی شەڕخوازییان هەیە. سیستەمی سەربازیکردن، بەری شۆڕشی فەڕەنسایە. سەربازیکردنی زۆرەملی دوای سەردەمی کەونارا، بەتەنیا لە ئیسارەتە دیمۆکراتیکەکانی سەدەکانی نێوەڕاستدا بەدیهات. بۆ بەڕێوەبردنی شەڕێکی سەروماڵی پێویست بوو سیستەمی دێمۆکراتیک و خەڵکی دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. هیچ پاشایەک هێندەی رێبەرانی هەڵبژاردەی خەڵکی، وەک ناپلیۆن و هیتلێر و..هتد، چاوەڕێکردنی کوشندەی لە پێڕەوکەرانی خۆی نەبووە.

لە راستیدا، بینەرێکی بێ لایەن ناتوانێ بە سەر هیچ سیستمێکی سیاسیدا، بە بۆنەی فەزیلەتی ئاشتیخوازانەی ئەو سیستمەوە، هەڵبلێ. ئەزموون نیشانی داوین گۆڕانی دەوڵەتان و گۆرانی چینی رێبەرایەتی کار لە سەر خوو و خەدەی شەڕخوازانەی

نەتەوەکان ناکات. تەنانەت دەتوانین بڵێین حکوومەتەکان لە هەموو شێوەیەکدا، دیکتاتۆر بن یان ئاشتیخواز، ئەشرافی بن یان خەڵکی، کۆماری بن یان پاشایەتیخواز، هەموو یەک لایەنی هاوبەشیان هەیە: هەموو لە سەر جەنگ هاوڕان و لە لایەنی کوشتو بڕی خەڵکەوە وەک یەکن.

هەمان بینەری بێلایەن، دەبینێ لە وڵاتێکدا سیستمێکی تایبەت هەندێ جار جەنگخواز و هەندێ جار ئاشتیخوازە. هانری چوارەم، لوویی سێزدەهەم، لوویی پانزەهەم، پاشاگەلێکی تا رادەیەک ئاشتیخواز بوون. ئەوانیش وەک لوویی چواردەهەمی جەنگخواز، شا بوون و دیکتاتۆر. ئەم بابەتە کۆمار و کۆماریخوازانیش دەگرێتەوە: بۆ نموونە لەکاتی دەسەڵاتی لوویی فیلیپدا، هەندێ کۆماریخوازی بە رێبەرایەتی پرۆدۆن[1] جەنگخواز و، شا و پاشایەتیخوازان، ئاشتیخواز بوون.

لە لایەکی دیکەوە، وێکچوونی بڕوای ئایینی یان سیستەمی سیاسی بە حەتمی رێگە بۆ برایەتی نەتەوەکان خۆش ناکات. تەنانەت لە سەردەمی ئامادەیی بڕوای قووڵی ئایینیشدا دەبینین شەڕی خوێناوی لە نێوان مەسیحییەکان یان مسوڵمانان خۆیاندا لە شەڕی ئەوان لەگەڵ کافران زیاتر بووە. ئەو نەتەوە گەورانەی بۆ حکوومەتی کۆماری گۆڕان، ساڵی 1940سروشتی ئاشتیخوازانەی ئەم سیستمەیان دەرخست. تەنیا لێڤێلی سیستمەکان گۆڕاوە: جەنگی پاشایەتی گۆڕا بۆ جەنگی نەتەوەیی. ئەستێرە و نیشانی کڵاوی سەربازی، جێگەی تاجەکانیان گرتۆتەوە، جلی هاوشێوەی سەربازی وەک خۆیەتی. کەوابوو بۆ ناسینی هۆکانی جەنگ دەبێ شوێنێکی دیکە بگەڕێین.

**بنەمای نەتەوەکان،** کە سەدەی نۆزدەهەم جێگەی شەرعییەتی میراتیی گرتەوە، سەرەتا وەک هۆکاری ئاشتی دیار کەوت. ناپلیۆنی سێیەم ئەم بڕوای خۆی نەدەشاردەوە: «نەتەوە رەزامەندەکان بەم زووانە یەکگرتوویی ئەورووپایی پتەوتر دەکەن.» پرۆدۆن تاقە کەسێک بوو بڕوای بەم شتە نەدەکرد، چونکوو وەک «داستایۆفسکی» وتوویەتی، نەتەوەکان چ کات رازی نین. ئەو کاتەی هەموو ئەورووپا

---

1ـ Pierre Joseph Proudhon (1809 ـ 1856)، تیۆریسیەنی سوسیالیستی فەرەنسی.



www.pertwk.com

پەسنی دەرکەوتنی نەتەوەکانی دەکرد، پـرۆدۆن هێرشـی کـردە سـەر «ماتسـینی[1]» و رەخنەی «کۆشۆت[2]» و ئەو دێمۆکراتانەی کرد کـە دژی بڕیارنامـەکـانی سالـّی 1815 بوون. ئەو ئەم شتەی بەدیدەکرد کـە «دێمۆکراسـیەکۆلۆنیخـوازەکـان» زیـاتر حـەز لـە دەسەڵاتی خۆیان دەکەن و بۆ دەستەبەرکردنی شانازیی و داگیرکـردنی وڵاتـان زۆر لـە بنەماڵە شەرعییەکۆنەکان بە هەڵپەتر دەبن. پـرۆدۆن دەیـزانی حکوومـەتی پاشـایەتی بەبۆنەی پاشماوەی دەزگای مافناسیی فیۆدالییەوە ملیان بە چـەشـنێک زنجـیرە پلـەی هێز دەدا. لە کاتێکدا بنەمای نەتەوەیی هەر لـە سـەرەتـاوە تونـدوتیژییـەکـی تایبـەتی دەنواندەوە. بنەمای نەتەوایەتی بە سپاردنی جۆرێک دەسەڵاتدارێتی بە نەتـەوە، کـە بـە پێی مافناسییەکـی خـوایی دارێژرابـوو، نـەتـەوەی دژی هـەر چـەشـنە لاوازکردنێکـی دەسەڵاتی خۆی بۆ دامەزراندنی کۆنفدراسیۆن یان زلدەوڵەتێک، هاندەدا.

دەزانین پرۆدۆن داوای پێکهێنانی فێدراسیۆنی بەربلاوی دەکرد و یەکـەکـانی ئـەم فدراسیۆنە نەک وڵاتانی گەورە، بەڵکوو یەکەی ئابووری زۆر بچووکتر لە وڵات بوون. ئەو دژی حکوومەتی ناوەندی بوو، جا ئەو حکوومەتـە پاشـایەتی بێـت یـان دیمۆکراتیـک. بەدیکردنەکانی پرۆدۆن هاتەدی: بنەمای نەتەوایەتی تا ئـەورۆکـە جگـە لـە گشـتاندنی خۆپەرستیی خۆ بەزلزانترین داگیرکەران بۆ ئاستی خەڵک، ئەنجامێکی دیکەی نەبووە. بیری ناپلیۆن لە بواری دامەزراندنی هەرێمـی بـەرەنگاریـدا، لـە هـەمـوو جێگـەیـەکـدا تەشەنەی کردووە. بەم چەشنە، ئێمە تەنیا لە قسەدا ڕێزی دراوسێکان دەگرین، بەڵام لە کردەوەدا بۆ گەرەنتی ئاسایشی خۆمان، لەتێک لە وڵاتەکەیان لێدەکەینەوە. ئەم هەرێمە بەرەنگاریانە هاوکاتی زۆر بوونی بڕشتی چەک و خێرایی کەرەسەی ئاڵوگۆڕ ـ بۆ ئەوەی کاریگەر بن ـ دەبێ زیاد لە پێشوو پەرە بدرێن. ئەم هەرێمی بەرەنگاریانـە بـەرەبـەرە تـا بنی جیهان پەرە دەستێنێ.

بنەمای نەتەوایەتی کە بڕیار بوو مرۆڤایەتی بۆخولێکی زێـڕین ڕێنـوێنی بکـات، لـە کردەوەدا ـ لانیکەم تا ئێستە، بەقەد بنەمای حکوومەتی پاشـایەتی، دژایـەتی خـوێنینی

2ـ Giuseppe Mazzini (1805 ـ 1872)، نیشتمانپەروەری ئیتالی.

3ـ Lajoskossuth (1802 ـ 1894)، نیشتمانپەروەر و سیاسەتوانی مەجاری.

بەدیهێناوە. لە دواییشدا دەبێ بەوە پێمل بین کە هەوڵی ئێمە بۆ بەرگرتن بەروودانی جەنگ، هێندەکەم بووە کە زۆربەی حکوومەتەکان بەزیاترین نیازپاکییەوە هەمیشە بە خاڵێک دەگەن کە بۆ پاراستنی ئاشتی دەست بدەنە جەنگ .

**پلانی ئاشتی مافناسانە.** لە نیوەی سەدەکانی نێوەراست بە دوا، گەلێ مافناس ویستوویانە گەلاڵەی ڕێخراوێکی نێونەتەوەیی برێژن کە وەک «ئامفیکتیۆنی[1]» یەکانی پێشووی یۆنان هەوڵ بۆ ئاشتی نەتەوەکان بدات. گرنگترین مافناسی ئەم بوارە «پییەر دۆبوا[2]»یە کە پێشنیاری دامەزراندنی فێدراسیۆنێک لە دەوڵەتانی مەسیحی و کۆمەڵێک وەک ڕێکخراوەی ناوەندی ئەو فدراسیۆنەی، هێنایە ئارا. «ئیمریک کروچە[3]» ئەم گەلاڵەی بۆ گشت دەوڵەتانی جیهان گشتاند و «سوولی» بیری لە دابەش‌کردنی ئەورووپا بە سەر یازدە دەسەڵاتی خاوەن هێز و سامانی یەکساندا، دەکردەوە. لەگەڵ ئەمەشدا پلانی واقیع بینانە یان گەلاڵەگەلێک کە لانیکەم لە گشتێتی خۆیاندا، دەیانتوانی بە ڕادەی پێویست بکەونە بەر سەرنجی دەوڵەتوانانی سیاسی، تەنیا لەگەڵ دەرکەوتنی بزووتنەوەی مەزنی ئۆمانیستی سەدەی هەژدەهەمدا، سەریان هەڵدا.

**«ئابێ‌دۆسەن پییەر[4]».** ئەو ساڵی 1713 لە کۆنگرەی «ئۆترێخت» دەستی دایە نووسینی گەلاڵەی «دامەزراندنی ئاشتی هەمیشەیی لە ئەورووپا». ئەم گەلاڵە کە ساڵی 1718 تەواو بوو، ئەو بەختەی پێبڕا بکەوێتە بەر سەرنج و باس و خواسی یارانی ئەنسکلۆپیدیا.

یەکەمین مەرجی مسۆگەر بوونی ئاشتی لەو گەلاڵەدا، دامەزراندنی «کۆمەڵگای هە میشەیی[5]»یە. ئەم کۆمەڵگا بیست وچوار وڵاتی بەهێز لە خۆ دەگرێ. ئەو دەوڵەتانە

---

1ـ Amphictionie، ئەنجومەن یان لێژنە نوێنەراتییە دەوڵەتەکانی یۆنانی باستان کە لەسەر بەرژەوەندییە هاوبەشیەکان بڕیاریان دەدا.

2ـ Pierre Dubois (1255 ـ 1421)، پارێزەر لە بارەگای فیلیپی چوارەم.

3ـ Emeric Cruce (1590 ـ 1648)

4ـ L'abbe De Saint Pierre (1658ـ 1734)، نووسەری فەرەنسی و ڕێکخەری پلانێکی ئاشتی هەمیشەیی.

5- Sociéte Permanente



www.pertwk.com

دەبوا پەیماننامەیەک ئیمزا بکەن کە بە پێی ئەو دۆخە بنیات نرابوو، مەبەست لە دۆخەکەش، ئەو دۆخە بوو کە لە ئۆتریخت و «رانشات»دا دیاریکرابوو: «هەمووحکوومەتەکان بە سنووری ئێستەی خۆیانەوە دەمێننەوە، هیچ خاکێک لە هیچ ولاتێک دانابڕدرێت و هیچ ولاتێک بە هۆی میرات، بڕیاری نێوان بنەماڵەی جۆراوجۆر، هەڵبژاردن، بەخشین، سپاردن، فرۆش، داگیرکاری و ویستی هاولاتیان یان شێوەکانی دیکە، بە خاکی حکوومەتێکی دیکە زیاد ناکرێت.»

لە مادەی دووهەمی ئەم گەلاڵەشدا بڕی داهات و خەرجی گشتی هەر ولاتێک دیاریکراوە. گەلاڵەکە بەوردیش باسی ئەم پرۆسە دەکات: پێش‌بینی کردنی وردی باجێکی بیست‌وپێنج ملیۆنی کە بەشێکی گرنگی بۆ کاری خێرخوازانە و هتد تەرخان کرابوو.

لە مادەی سێیەمدا داوا دەکرێت کە «هاوپەیمانانی گەورە بۆ هەمیشە واز لە دژایەتی لە ئێستەو داهاتوودا و لە بەکارهێنانی زەبر بهێنن. دەوڵەتان ڕێکدەکەون کە لەوە بەدوا دژایەتیەکانی خۆیان بە ناوبژیگەریی هاوپەیمانانی دیکەو لە شوێنی کۆمەڵەی گشتیدا، چارەسەر بکەن.»

بەلام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم گەلاڵە، هەندێ سزا و سەرپەرشتیاریی بەدیکردووە: «یەکیەتی مەزن، دژی ئەو لایەنەی بەبێ ماف دەست بداتە جەنگ، دەوەستێ». کەوابوو دەبێ بیر لە پێکهێنانی ئەرتەشێکی نێونەتەوەیی بکرێتەوە. سەن پییەر ئەم ئەرتەشە بە وردی وەسف دەکات، بەلام دابەشکارییەکەی لە بواری ولاتانی بەشداریکەردا، پڕ مەترسی دیارە. لە دواییشدا ئەم گەلاڵە بە وەرگرتنی تورک، روس، تاتار و هتد ـ بە بێ ئەندامبوونیان لە ئەنجوومەنی ناوەندیدا ـ وەک هاوپەیمان، کۆتایی دێت. ئابێ دۆسەن‌پییەر باسی پێکهاتن و کاری ئەم ئەنجومەنەکەشی بە وردی کردووە: بیستو چوار سەناتۆر، بیستو چوار نەتەوە، تەمەن، ماف، خولی نوێنەرایەتی ژمارەی یاریدەدەران وهتد.

**جێرمی بێنتام**. «پلانی ئاشتی هەمیشەیی و یوونیوێرساڵ»، بەرهەمی ساڵی 1789ی بێنتامە کە پاش نیو سەدە ناسرا. لای بێنتام رەگی جەنگەکان ململانێی

بازرگانییە و لە بەر ئەمەش ئەو سیستەمی کۆلۆنیالیزم تاوانبار دەکات. بێنتام پەسنی ئەم وتە بە ناوبانگەی«رۆبسپیر[1]»ی دەکرد: ئەگەر هەموو کۆلۆنییەکان تێدا بچن، لەوە باشترە کە بنەمایەکی بڕوایی تێدا بچێت. هەروەها ئەو یادداشتێکی بۆ «کۆنوانسیۆن[2]»نارد و تێیدا داوای لێکردن واز لە کۆلۆنیاکان بهێنن. (ئەم بۆچوونانە لەوکاتەدا باو بوون، چونکوو کۆنوانسیۆن لە بیست و دووی مانگی مەیی1790دا بڕیاری دا فەڕەنسا ئیدی واز لە جەنگ بۆ داگیرکردنی وڵاتانی دیکە بهێنێت و هیچ کات هێزی خۆی دژی سەربەستیی نەتەوەکانی دیکە وەگەڕ نەخات. درێژەی بەسەرهاتەکە دەزانین).

بێ گومان، گەلاڵەی ئاشتی هەمیشەیی بێنتام داوای سنووردارکردنی تەقەمەنیی دەکرد. ئەو دەیەویست گرفتەکانی هێرش لە فەڕەنسا و ئینگلستان بگەیەنێت: «ئێوە تاوانکارە گەورەکەن، کەچی بە بەهێزترین نەتەوەش دەژمێردرێن، ئێوە باکتان لە عەداڵەت نییە، بەڵام هێزتان هەیە، هۆی سەرەکی بێعەداڵەتیشتان، هێزەکەتانە.»

بێنتام لە لووتکەی کۆمەڵەی نەتەوەکانی خۆیدا، دیوانێکی دادوەری و کۆنگرەیەکی ئاشتی دادەنێ. دادگایەکی سەرپەرشتیاری، بۆ هەوڵدان بۆ نەهێشتنی جەنگ دەتوانێ زۆر لە پاشەکەوتی ئابووریدا، دەور بگێڕێت. بڕوا بۆ یەکتر، جێگەی گومان و ئێرەیی دەگرێتەوە. جگە لەوەش، کۆنگرەی ئاشتی بە کەڵک وەرگرتن لە بلاڤۆک و هەموو میدیایەک خوو و خەدەی خەڵک نەرم دەکاتەوە تا ئەگەرەکانی جەنگ نەمێنێت و بەم چەشنە بە ڕەزامەندییەکی گشتی، واز لە بەکارهێنانی زەبر بهێنرێت. لە دواییشدا بێنتام پێ لە سەر نەمانی چالاکیی شاراوەی سیاسی دادەگرێت. «کاری نهێنی بێسوودە و بەر بە ئازادی و ئاشتی دەگرێ[3]».

---

1ـ Maximilien de Robespierre ‏(1758 ـ 1794) سیاسەتوانی فەڕەنسی و ئەندامی لیژنەی رزگاری نەتەوەیی. بیست و حەوتەمی ژوییەی 1794 لە سێدارە درا.

2ـ Convention، ئەنجومەنی شۆڕشگێڕی کە لە ساڵی 1792، لە بری ئەنجومەنی یاسا دانەران دانرا و تا بیست و شەشەمی ئۆکتوبری 1795 لە فەڕەنسا خەریکی دانانی یاسا بوو.

3ـ ئەوڕۆکە پاش سی ساڵ ئەزموونی دیپلۆماسی گشتی، دیسان ڕێز بۆ دان و ستانی نهێنی دادەنێن، چونکوو ئەو شێوە دان و ستانانە نابێتە هۆی بزواندنی بیروڕای گشتی.



www.pertwk.com

ئەم دوو گەلاڵە، واتە گەلاڵەی سەنپییەر و بە تایبەت گەلاڵەکەی بێنتام سەرنجڕاکێشن، چونکوو هەردوو گەلاڵەکە سەرجەم ئەو دامەزراوانەیان لە خۆ گرتبوو کە دواتر هەوڵ بۆ دامەزرانیان درا. هەندێ گەلاڵەی هاوچەرخی وەک عەداڵەت، ئاسایشی نێونەتەوەیی یان سەرپەرشتیاریش ناڕاشکاوانە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو دوو گەلاڵە.

**دەسکەوتی نوێ**: **دادگەی لاهە و بڕیارنامەی سەرپەرشتیاری**. بۆ یەکەم جار، بیست و شەش دەوڵەت 18ی مانگی مەیی 1898 بە 100 نوێنەرەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی پاراستنی ئاشتی جیهانی، لە لاهە کۆبوونەوە. لەو کۆبوونەوەدا، جگە لە چین، ژاپۆن، ئێران و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، نوێنەری سەرجەم وڵاتانی ئەورووپیش بەشدار بوون. «کۆنت موراڤیۆڤ[1]»ی وەزیری کاروباری دەرەوەی نیکۆلای دووەم، ئیمپراتۆری ڕووسیا، هەنگاوی یەکەم هەڵدەگرێ و لە یادداشتێکدا جەخت دەکاتەوە کە پێشبڕکێ بۆ تەقەمەنی، ئابووری و هێزی وڵاتان بەربا دەکات. پێشنیاری ئەو ئەوە بوو کە سەبارەت بە کەمکردنەوەی تەقەمەنی و هەروەها ناوبژیکاری و سەرپەرشتیکاری، لێکۆڵینەوە بکرێت.

کۆنفرانسی یەکەم سەرنەکەوت، هۆی بەشێکی زۆری ئەم شکستە نارەزایی ئاڵمانیا بوو؛ لە بەرامبەر ئەم یەکەم کۆبوونەوە نێونەتەوەییەدا، جەنگی «بۆئێر»ەکان هەڵگیرسا و دواتریش جەنگی ڕووسیا و ژاپۆن دەستی پێکرد.

دووەمین کۆنفرانسی لاهە لەسەر داوای «تیۆدۆر ڕۆزڤێلت» ساڵی 1907 پێکهات. ئەم کۆنفرانسە دەستووری مافی نێونەتەوەیی کاتی ئاشتی و جەنگ و ماف و ئەرکی دەسەلات و کەسانی بێلایەنی دارشت. بەلام پرسە سەرەکییەکان دژایەتیکردن و ئەڵمانیا، دیسان وەک 1899، ملی بە سنووردارکردنی تەقەمەنی نەدەدا و بە تەواوی بە سەرپەرشتیکاری پێمل نەدەبوو. لەگەڵ ئەمەشدا دیوانێکی دادوەری دامەزرا کە بڕیارەکانی جار ناجارێک ئەو کاتەی باسی پرسی لاوەکی و ڕاگوزارییان لەخۆدەگرت، بەڕێوەدەبران.

---

1ـ Comte Mouraviev (1794 ـ 1866)، سیاسەتوانی ڕووسی.

پاش جەنگی جیهانی یەکەم، هیوای نوێ بۆ دامەزرانی ڕێکخراوەیەکی مافناسانە بۆ ئاشـتی، دەڕسـکێت: بڕیارنامـەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان. ئـەم بڕیارنامـە دوو بنـەمای سەرەکی لەخۆ دەگرت: جیهانگیریـەتی ڕێکخـراوەکـەو نووسـینگەیەکی هەمیشـەیی. ئەندامانی ڕێکخراوەکە دەبوا بە شێوەی خولی لە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەییدا کۆببنـەوە و نووسینگەکەش لە کاتی بەستنی کۆنفرانسەکاندا، کاروباری جێبەجێ دەکرد.

بەڵام هەموو ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە زۆر زوو ڕێگەی ئەوەیان پێ درا بە ڕاگەیاندنی پێش‌وەخت، کۆمەڵەکە بەجێ بهێڵن. بەم چەشنە، زەبر و زەنگێک لە ئارادا نەبوو.

کۆمەڵەی نەتەوەکان گۆڕا بۆ چەشنە ئەنجومەنێکی ئازاد کە ئۆتۆریتەکەی تەنیا لـە ئاستی ئەندامەکانیدا کاریگەر بوو. ئەو ئەندامانەی کە بیانویسـتبایە دەیـانتوانی خـۆ لـە بەندی بڕیارنامەکانی ڕێکخراوەکە ڕزگار بکەن.

پاشان بڕیارنامەی «کلـۆگ» سالـّی 1928 دەرکـرا. وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی هەموو وڵاتان ـ تەنانەت حکومەتی ڕایش ـ ڕۆژی 27 مانگی ئـووتی سالـّی 1928 ئـەم بڕیارنامەیان لە پاریس پەسند کرد. هەموو دەوڵەتان بەڵـێنیان دا واز لـە جـەنگ وەک کەرەسەیەک بۆ سیاسەتی نەتەوەیی بهێنن ـ ئاگامان لێیە دواتر چی ڕوودەدات.

مەنشووری ئاتلانتیک ـ یش گەڵاڵەی ئاشتی بۆ داهاتوو لە چواردەی مانگی ئـووتی 1944دا، دادەڕێژێ. چل و حەوت وڵات بەشـداری کۆنفرانسـی «دامبـارتن ئـۆکس» و کۆبوونەوەی گشتی 1945ی سان‌فرانسیسـکۆیان کـرد. مەبەسـتی ئـەم کۆبوونـەوەش پاراسـتنی ئاشـتی و هێمنایـەتی نێونەتـەوەیی بـوو، لێرەشـدا هـەر وەک کۆمەڵـەی نەتەوەکان و بڕیاری بریان کلۆگ، بەڕەسمـی جـەنگ ڕەتکرایـەوە و یەکسـانی هـەموو نەتـەوەکان ڕاگەیەنـدرا. بـەڵام وادیـارە مێتۆدەکـانی کۆمەڵـەی نەتـەوەکان تێیـدا تـا ڕادەیەک وازیان لێ هێنراوە، چونکوو پێش هەموو شتێک بڕیار دەبێ لە لایەن زۆربـەوە بدرێت (نەک بەپێی ڕێککەوتن).



www.pertwk.com

دووهەم، ئەنجومەنێکی ئاسایش بریتی لە یازدە ئەندام کـە پێنجیـان هەمیشـەیین (ئەمریکا، ئینگلیس، رووسیا، فەڕەنسا و چین) لە راستیدا ئەرکی پارسـتنی ئاشـتیان لـە ئەستویە.

ئەم ئەنجومەنە گەورەترین سەرچاوەی بڕیاردانە. بڕیارەکان بە دەنگی حەوت ئەندام کە دەبێ دەنگی ئەندامانی هەمیشەیی خاوەن مافی ڤیتۆشی (مەبەست پێـنج ئەندامـە زلهێزەکەیە) لەگەڵ بێت، دەردەچێت.

مەنشووری سان فڕانسیسکۆ لە بیرکردنـەوەی ویلسـۆن زیـاتر دوور دەکەوێتـەوە و هەندێ سزای نائەخلاقی رەچاو دەکات: یەکەم، دابڕانی پێوەندی ئـابووری، سیاسـی و کەرەسەی پێوەندی؛ دووهەم ئەگەر پێویست بێ ئەنجومەنەکە دەتوانێ بە ناردنی هێزی ئاسمانی، زەریایی و زەمینی هەوڵ بـۆ پاراسـتنی ئاسایشـی نێونەتـەوەیی بـدات. وەک دیارە بۆ یەکەم جار، مافی حوکمدارێتی دەوڵەتان بەرەو پرسیار دەبێتەوە.

مەنشووری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە هاوکاری نێونەتـەوەیی لـە بـواری ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتـووری، نـۆژداری، پـەروەردەیی، سیسـتمێکی نێونەتـەوەیی سەرپەرشتیاری (تراستی شیپ) بۆ بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتانەی پێشتر لە لایـەن وڵاتـانی دوژمنەوە سەرپەرشتی دەکران، لەبەرچاو دەگرێ.

هەوڵـی نوێنـەری نەتـەوەکان، سـەرەڕای تامـەزرۆیی گشـتی خەڵـک بـێ‌ئـەنجام دەکەوێتەوە؛ چونکوو [نوێنەرانیش] میتۆدی ئەو مافناسانە بەکاردێنن کە جـەنگ تـەنیا وەک ململانێ و شەڕی تاکەکان سەیر دەکەن.

لە کاتێکدا شەڕی تاکی نە دەربڕی پێویستییەکانە و نـە داب و دەسـتووری هەیـە. جەنگ لە خۆیدا، رووداوێکی بە تەواوی گشتییە و لە هەموو ژیارێکی مرۆییـدا، هـەر لـە کەوناراترین ژیارەوە تاکوو نوێترین ژیار، دەبینرێت.

لەگەڵ ئەمەدا خاڵێکی دیکەش هەیە کە پلانی مافناسانە بە هۆی ئـەوەوە پرسـەکە بـە چارەسـەرکراو دەزانـن: پـلانی مافناسـانە لەسـەر ئـەم بنـەما وەسـتاون: جـەنگ کەرەسەیەکە دەوڵەتان بۆ سەپاندنی ویستی خۆ بەکاری دێنن. ئەم کەرەسە لای ئەوان توندوتیژ، نائەخلاقی، دژی یاسایە و ئـەوان حـەز دەکـەن ئـەم کـەرەسـە بـە نایاسـایی

رابگەیەنن یان بە یاسا و ڕێسا بەندی بکەن. بەلام حەقیقەت بە شێوەیەکی دیکە دەردەکەوێت: ئەمە جەنگ نییە کە ئامرازی ئێمەیە، بەڵکوو ئێمە ئامرازی جەنگین. جەنگ وەک بەشێکی چارەهەڵنەگر لە سووڕانی ڕووداوەکان (کە توخمی پێکهێنەر و پێوەندیی ئەو لەگەڵ بونیادە کۆمەڵایەتییەکان و بارودۆخی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتیدا، گەلێ لەوە ئاڵۆزترن بە سانایی بناسرێنەوە) غافڵگیرمان دەکات و لە ئێمە بەدیدێت. جەنگ پەتایەکی دەروونی و وڕینەیەکی کۆییە.

جەنگ کەرەسە نییە، بەڵکوو لە خۆیدا مەبەستە یان بە وتەیەکی دیکە ئەو مەبەستەیە کە خۆی لە شێوەی کەرەسەدا دەنوێنێ. زۆربەی جەنگەکان، ئەگەر بێت و شیبکرێنەوە، بەقەد پەتا یان وڕینەیەک نائەقلانی و نائیرادین. هەوڵ بۆ ڕێسامەندکردن یان مەمنووع کردنی جەنگ لە ڕێگەی مافناسانەوە هێندەی دیاریکردنی سزا بۆ کەسانی تا، تاعوون، یان تیفۆئید گرتوو، بێهوودەیە. بۆ نموونە بڕیارنامەی کلۆگ دەکرێ وەک «بڕیارنامەی دووری لە تیفۆئید» چاو لێبکرێ. ئەرکی کردەوەیی و بنەڕەتیی کۆمەڵناسی دەبێ ئەوە بێت ڕێگەی ئەوە بۆ مرۆڤ بکاتەوە بەسەر مەیلە کۆمەڵایەتییەکاندا زاڵ بێت، وزە کوێرەکانی تەقدیر بگۆڕێ و بەرەو بەستێنێکی دیکە بیانبات. بۆ ڕوونترکردنەوەی بابەتەکە دەبێ لەم پلانانە زیاتر بکۆڵینەوە.

### 7ـ پلانی دەروونی و چێژخوازانە [1]

گەلالەڕێژانی ئەم پلانانە بە شێوەی پاڵەکی لایان وایە جەنگ چەشنە عادەتێکە لە باوکانەوە گوێزاوەتەوە یان وەرچەرخاوی هەندێ مەیلی دەروونی ئێمەیە. کەوابوو دەبێ ئەم عادەتە لە ڕێگەی پەروەردە و ڕاهێنانەوە لە زەینی مرۆڤ بسڕدرێتەوە.

هەموو ئەو ئایینانەی ڕێزی بیری مرۆڤدۆستی دەگرن، ئەم چەشنە پەروەردەیان تێدایە. دۆعای ڕۆژانە، بۆنەی ئایینی و جێژن، هەموویان داوای ئاشتی لە خودا دەکەن: «خوایە، ئاشتیمان پێ ببەخشە» .

1ـ Hedonique پێوەندی بەو بنەما فەلسەفیانەوە هەیە کە چێژخوازی بە مەبەستی ژیان دەزانێ.



www.pertwk.com

گەلێ ڕێکخـراوەی نێونەتـەوەیـیش هەوڵـیانداوە ڕۆحـی شـەڕخوازیی لـە کتـێبی قوتابخانەکان بسڕنەوە. بەڵام بانگەشەی ئاشتیخوازان و هەروەها پلانی ئاشتی بـە تـەنیا توانیویانە ئەو پاڵنەرانەی جەنگ بسڕنەوە کە خۆیان بێ ئیعتبـار کـەوتـوون و بـرەویـان نەماوە.

هەندێکی دیکە لایان وایە ڕۆحـی شەڕاشـۆیی، هاوکـاتی زمـانی جێژنـە تایبـەت و خولییەکان وەک جێژنی کۆنی ئـاینی، سـەمای تونـد و هەژێنـەری ئایینـە کۆنـەکان، کارنەڤاڵ، یاریی ئۆلەمپیک، زیارەتی گەورە و هتد، لـە ژیـاری ئێمـەدا گەشـە دەکـات، ئەوان هەندێ چارەسەری خۆشگوزەرانیانەی جۆراجۆر بۆ پڕکردنەوەی جێگەی ئـەو ڕێ و ڕەسمانە پێشنیار دەکـەن: ڕێکخـراوی سـەفەری و جیهانگـەردی، سـەیران، جێـژن، کۆنگرە، نواندنی کولتووری، وەرزشی و هەورەها ڕەخسـاندنی زەمینـە بـۆ دەرکـەوتنی بۆنەی تایبەتی سەرقاڵ بوون و بە تایبەت «هێورکردنەوەی تووڕەیی» تاکەکان.

ئەم ڕوانگەی دوایی دەکرێ بۆ ئەو هۆگرییە کۆنە بگێڕدرێتـەوە کـە بـریتی بـوو لـە دۆزینــەوەی دەربـازی چێژخوازانـە بـۆ جـەنگ و مـەیلی توندوتیژیخوازانـەی مـرۆڤ. سەرنجڕاکێشترین ڕێکخراوەی لەم چەشـنە، لـە لووتکـەی ژیـاری یۆنانـدا بـوو. دواتـر، سیستەمی «نان و گەمەی سیرک» بۆ خـواردن، سـەرقاڵ کـردن و ڕاکێشـانی سـەرنج، دوورترین دەوڵەت شارەکانیشی گرتەوە.

بەڵام دۆخی ژیارە نوێکان ئاڵـۆزترە، چونکـوو بەشـێکی زۆری خەڵـک لـە ڕێگـەی ئامادەکارییەکانی جەنگەوە دەژین. ماشێنیبوونەوە و ئەقڵانیکردنەوەی بەرهەمهێنان، بە شێوەیەکی تەشەنەکەر ژمارەیەکـی یـەکجار زۆری خەڵـک لـە سـووری بەرهـەمهێنان دەردەهاوێژی و بۆ جەنگ جێیان دێڵێ. دەبـێ ڕێکخسـتنی کـار و تەنانـەت ئـەخلاقی خۆمان ـ وەک فۆریە بۆی چوو بوو، ـ بۆ دامەزراندنی ژیارێک کە لە کـاتی حەسـانەوە و کاری دڵخواز [پێکهاتووە]، بگۆڕین. ئێمە بە هۆی ئەزموونی ڕابوردووی دوورەوە ڕەنگـە حەز بە کار ناکەین. وێنای ئێمە بۆ کارکردن، بە هۆی ئەو بیرەوەرییانەی لـە کویلـەتی، بەندەیی و کاری زۆرەملی لامان دروست بووە، هێشتا گەلێک خراپە.

**پلانی حەشیمەتی**. ئەم پلانانە بریتین لە سنووردارکردنی زاوزێی سروشتی. ئەم پلانانە لە مێژوودا بە شێوەی جۆراوجۆر هەبوون. بەرچاوترین نموونەی ئەم پلانە شێوە بیرکردنەوەی مەسیحیەکانی سەرەتابوو کە ملیان بە سەربازیکردن نەدەدا و لە رووی تەریکیی ئاینییەوە داوایان دەکرد بەشێک لە خەڵک زاوزێ نەکەن. با دێر و پەستگەی گەورە و بەربلاوی نێو ئەورووپا لەبیر نەکەین. ئەم بینایانە لە روانگەی رەفتاری بابەتیانەوە بۆ هاندانی زاوزێنەکردن دروست کراون. ئەم پرسە بە هەر شێوەیەک لێک بدەینەوە، بابەتەکە ناگۆڕێت. مانەوەی بەربلاوی ئەم پەرستگانە دەبێ بیرمان بورووژێنێ.

هەندێ ژیاری دوورگەیی و بە تایبەت پۆلۆنزییەکان وەبیر بێنینەوە کە زاوزێیان سنووردار دەکرد. لە ژاپۆندا چەندین سەدە و بە سیاسەتێکی توندوتیژ بۆ راگرتنی حەشیمەت ـ نزیکی بیست و پێنج ملیۆن کەس لە سەرجەم ئیمپراتۆرییەکەدا ـ هەموو شتێک بەکاردەهێنرا.

تیۆری مالتۆس[1]، تیۆرێکی تایبەتەکە لەسەر کەمبوونی خواردەمەنی دامەزراوە. مالتۆس کۆتایی سەدەی هەژدەیەم رایگەیاند جەنگ وەک برسێتی و پەتا، رێگەیەکی دامەزراندنی هاوکێشیە لە نێوان مرۆڤ و خواردەمەنیدا. پاش کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەکانی ئەمریکا و ئەو سەرچاوانەی تا ئەو کاتە دەژ و لاقەنەکراون، فراوانیی سەرچاوەکان تیۆرەکەی مالتۆسی بەرپەرچدایەوە. بەلام بەرە بەرە لەگەڵ زۆر بوونی رادەی حەشیمەت ترسی ئەوە دروست دەبێت سەر لەنوێ حەشیمەت بڕی بژیو تێپەڕێنێ و تیۆرەکەی مالتۆس دووبارە وەراست بگەڕێ. هەڵچوونی گشتی و هەمیشەیی نرخی بژیو، ئەم خاڵە دەسەلمێنێ.

بەلام تیۆرەکەی مالتۆس تەنیا بەشێک لەم دیاردە روون دەکاتەوە، چونکوو جەنگ لە شێوە ژیارمەندەکەیدا، دیاردەیەکە زیاتر پێوەندیی بە کەڵەکەی بەرهەمهێنانێکەوە هەیە کە بە شێوەی خراپ هەڵس و کەوتی لەگەڵ کراوە. لەگەڵ ئەمەشدا هۆکاری

---

1ـ Thomas Robert Malthus (1766 ـ 1834)، ئابووریزانی ئینگلیزی.



www.pertwk.com

حەشیمەتی دەورێکی گرنگ لەم ناوەدا دەگێڕێ، چونکوو، ئەو کەڵەکەی پـێش ڕوودانی جەنگ دەکەوێت، دەبێ کەڵەکەی بەرهەمهێنان و کەڵەکەی مرۆڤی ئامادە بۆ کار بێت.

بیرمان بێت پلانی حەشیمەتیی جەنگ، تاقە پلانێکن هـیچ کـات لـە چ شـوێنێک، جگە هەندێ ژیاری سەرەتایی و کەونارا ـ کە هەل و مەرجیان لەگەڵ ئێمـە جیـاوازە و ناتوانین هیچیان لێ فێر بین ـ تەنانەت لە کەمترین ئاستیشدا، بەڕێوە نەچووە. سـەیرە لە سەردەمێکدا کە زانستی پزیشکی و نۆژداری پێشکەوتنی گـەورەیان تۆمـار کـردووە، دیسان لە زۆربەی وڵاتاندا شێوەی بیرکردنەوە و یاسای حەشیمەت وەک ئەو ڕۆژگارەیە کە مرۆڤ دەبوا دە منداڵێ هەبوایەت بۆ ئـەوەی منداڵـێکی بـۆ بمێنێتـەوە. سیاسـەتی ڕێنوێنی و دەستوورمەندکردنی بنەماڵە لـە بـواری حەشـیمەتدا، تەنانـەت لـە وڵاتـانی پرحەشیمەت، بۆتە هۆی زۆربوونی لە ڕادەبەدەری حەشیمەت.

ئێستاکە، دوو وڵات لەوانەیە زیاد لە هەموو وڵاتێکی جیهان بەهرەی جەنگیان تێـدا بێت، ئەو وڵاتانەنەی کە زیاترین سەرچاوەی سروشتی و زیـاترین ئامـاری راسـتەقینەی حەشیمەتی زیادەی گەنجیان هەیە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سۆڤیەتی [جاران] بە هۆی پێشکەوتنی گەورەی پیشەسازی و تەکنیکی خۆیان، دەتـوانن بـە بـێ ئـەوەی زەبرێکی زۆریان بەرکەوێت بەشێکی زۆری حەشیمەتی گەنجی خۆیان بخەنە خزمـەتی جەنگ. ئەم دۆخە یەکجار پڕمەترسییە. بابەتی لـە چـەکداماڵـینی حـەشـیمەتی [یـان بێهێزکردنی وڵاتان بە کەمکردنەوەی ئەو حەشـیمەتـەی کـە بتـوانن بچنـە جـەنـگ] درەنگ بێت یان زوو لە ژیـارەکـانی ئێمـەدا، کـە دەسـتەویـەخـەی گـرفتی زۆربـوونی بێدەستووری حەشیمەتن، قورسایی وەردەگرێ. واتە نەک هـەر دەسـتوورێک لـەبـواری چەندێتییەوە دەربارەی ژمارەی حەشیمەت دادەڕێژرێت، بـەڵـکوو لـە ڕێگـەی زانسـتی ژێنێتیک و بایۆلۆژیـاوە ڕادە و بـڕێکی تایبـەت بـۆ گـرووپ، تـەمـەن و جنسـەکـانیش دیاریدەکرێ.

ئەگەر بڕیارنامەی مافی مرۆڤ ئەوەندەی پێویست بێت لە لایەن یوونسـکۆوە باسـی لێکراوە، بەڵام خاڵێکی بنەڕەتیی تێدا لەبیرکراوە: لە ژیارێکدا کە لە ڕوانگـەی خـەڵـکی جیهانەوە داب و دەستوور و ڕێکێتی هەیە ـ ئەو ژیارە سوسیالیستی بێت یان لیبێـراڵ ـ

دەتوانین هەموو مافێک بۆ مرۆڤ قایل بین جگە مافی زاوزێی بێکۆتا و دەستوور، چونکوو ئەم مافە هاوکێشیی ئابووری و ئاسایشی گشتی تووشی مەترسی دەکات.



www.pertwk.com

**8. پلانی چەک داماڵین**

ئەو حوکمانەی بەپێی ئەوان پلانی چەک داماڵین دادەڕێژرێن، زۆر ساکارن: مادام مرۆڤ بە چەک شەڕ بکات، کەوابوو بۆ نەهێشتنی جەنگ، نەهێشتنی تەقەمەنییەکان بەسە.

هەندێ لەم پلانانە داوای نەهێشتنی هەموو چەکەکان دەکەن. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم چەشنە پلانە زۆر کەمن، چونکوو هەموو کەرەسەیەک، لە چەخماخەوە تاکوو بەردی تاشراو یان نەتاشراو، دەتوانێ وەک چەک بە کار بهێنرێت.

بەرنامەی دووهەم بریتییە لە نەهێشتنی چەکی نامرۆیی. لەبەر ئەمەش بوو کە سەدەی هەڤدەیەم پاپێک هەوڵیدا بەر بە تیرۆرکردن بگرێت. دواتر «ئەنجومەنی لاتران» بەکارهێنانی مەنجەنیقی مەنع کرد. بەڵام مرۆڤ زۆر زوو رادێت: دەرکەوتنی هەموو چەکێکی نوێ بە بێ مەیلییەوە وەرگیراوە، بەڵام دواتر، باو بووە.

بۆ بومبارانی ئاسمانی و هێرشی ژێردەریاییەکانیش، هێندێ بەرگری بنەمایی دانراوە، چونکوو ئەم چەشنە هێرشانە بە حەتمی دەبنە هۆی تێداچوونی کەسانی مەدەنی و سامانیان. هەمووان دەزانن ئەنجامی ئەم بەرگرییانە چی بووە.

لە بەرامبەر ئەم تێشکانانەدا، تیۆرڤانان روانگەیەکی بە تەواوی لێکدژیان پەسند کردووە: ئەوان بەو ئاواتەوەن چەکەکان مەرگبارتر بن، چونکوو لایان وایە لەم کاتەدا مرۆڤ ئیدی ناوێرێت جەنگ داگیرسێنێت و جەنگەکان بە بۆنەی ترس لە بەکارهێنانی ئەم چەشنە چەکانەوە، کۆتاییان دێت. ئەزموون، لانیکەم تا هەنووکە بەردەوام ئەم بەدیکردنانەی بەرپەرچداوەتەوە.

بەڕاستی تەقەمەنی چ کاریگەرییەک دادەنێ؟ دەبێ لە نێوان ئاکامی رووخێنەری تەقەمەنی و کاریگەری ئەواندا لە سەر مێژوو، جیاکاری بکرێت. وادیار نییە لە لایەنی رووخاندنەوە لە نێوان گەشەی چەک و زیانی جەنگە یەک لە دوای یەکەکاندا پێوەندییەکی سەلماو و راستەوخۆ هەبێت. هەموو شتێک گرێدراوی چۆنیەتی بەکارهێنانی چەکە. بۆ نموونە گرنگترین رەشەکوژییەکانی مێژوو، واتە کوشت و بڕی شەڕەکانی پوونیک و رەشەکوژیەکانی چەنگیزخان و تەیموور، بە تیر و کەوان، رم و

شیری بچووک و گاڵتەجاڕی کراون. پێشکەوتنی تەقەمەنی، بەپێچەوانەوە، دەتوانن جۆرێک ئیمتیازی سیاسی یان لانیکەم جۆرێک پشتگیریی کاریگەر بۆ خاوەنانی ئەو چەکانە بەدیبێنن. ڕەنگە بیزانس بەهۆی ماددە ئاگرپژێنەکەیەوە توانی هەشت سەدە بەرامبەر ئیمپراتۆریای ڕۆم خۆی ڕابگرێت. بەکارهێنانی تۆپ و بە گشتی پێشکەوتنی چەکی گەرم بەری بە هێرشی مەغوول و تاتارەکان گرت.

مێژووی سەربازی، لە لایەکەوە هەوڵێکی بەردەوامە بۆ دەقاودەق کردنی چەک لەگەڵ زرێ و لە لایەکی دیکەوە گونجاندنی تەکنیک لەگەڵ کەس. لەگەڵ ئەو گەڵاڵانەی کە هەڕەشەی تەقەمەنیەکانیان لا گرنگە، هەندێ پلان هەن کە داوای کەمکردنەوەی ژمارەی سەربازیکەران یان لابردنی ئەرتەشەکان دەکەن. ئەم پلانانە، پێش هەموو شتێک لەم بیرەوە سەرچاوە دەگرن کە ئەرتەشی هەمیشەیی یان ڕێبەرانی ئەو ئەرتەشە، ڕۆحێکی شەڕخوازی دەستەمۆ نەکراویان هەیە. «پریڤۆست پارادۆل[1]» دەیگوت: «ئەرتەش پێویستی بە جەنگە تاکوو وەک پۆلا زاخاو بدرێت. ئەرتەش بەهۆی جەنگەوە بەختەوەری، پلە، دیاری، پێشکەوتن و مەزنایەتی دەست دەکەوێ.» ئەم دێڕە پوختەی ئەو تیۆرە دژەسەربازیانەیە کە جار لەگەڵ جار ئاگامان لە دەرکەوتنیانە.

### میتۆدی کۆمەڵناسانە

هەندێ جار دەوترێ شێواویی ڕواڵەتیی بەرهەمەکانی کۆمەڵناسی، نیشانەی گەنجێتی ڕێژەیی ئەم زانستەیە. لەگەڵ ئەمانەشدا ڕاستەکەی ئەوەیە کە فرەرەنگیی لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییەکانی ئەمڕۆ، زۆر لە سەردەمی دۆرکیم زیاترە و ئەم دۆخە بە تەنیا بەری گەشەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسانە نییە لە چەندێتیدا، وەکیتر ئاخۆ ناکرێ زانستێک هەبێ کە لە ڕواڵەتدا یەکیەتی نەبێ و کەچی کاریگەریش بێ؟

ئەو مەعریفەناسانەی زانستە کۆمەڵایەتیەکانیان هەڵسەنگاندووە، تا ڕادەیەک بەردەوام حەز دەکەن میتۆد و ئەنجامەکانی خۆیان بە پێوەری زانستی سروشتی

---

1ـ Prevost Paradol (1829 ـ 1870)، ڕۆژنامەوانی فەڕەنسی.



www.pertwk.com

هەڵبسەنگێنن. بەڵام ئەم کارە ئەوپەڕی سادەییە. چونکوو کەس وێنای ئەوە ناکات ڕۆژێک مێژوو بتوانێ شێوەی فیزیک لەخۆ بگرێ. بۆ نابێ مل بەوە بدەین کە کۆمەڵناسی نە لە ئەمە دەچێت و نە لە ئەوە و خۆی مۆدێلێکی مەعریفەی ڕەسەن بەدەستەوە دەدات؟

بێگومان چیدی دووپاتبوونەوەی بەڵگاندنی بەتلاو ڕەوا نییە، ئەو بەڵگاندنانەی بەپێی ئەوان جەوهەری شتی کۆمەڵایەتی یان پەیوەندی بینەر ـ بینراو لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا، کۆمەڵناس ناچار بکەن میتۆدێکی تایبەت هەڵبژێرێت. چونکوو چەندین جار لەم کتێبەدا هەلی ئەوەمان بۆ ڕەخسا ببینین کۆمەڵناسان بە زۆری میتۆدێک بەکار دێنن کە لە میتۆدی زانستی سروشتی جیا نییە.

لە لایەکی دیکەوە دیار نییە کۆمەڵناسی بە بێ وازهێنان لەو فرەبابەتییەی ئەوڕۆکە دەیهێنێتە ئارا، چۆن دەتوانێ میتۆدەکانی خۆی یەکگرتوو بکات.

شیکاری فۆرماسیۆنی (formation) بڕیارەکان لە کۆمەڵەکاندا، پرسی پەیوەندی نێوان سیستەمی سیاسی و سیستەمی ئابووری، پرسی هۆ کۆمەڵایەتیەکانی خۆکوشتن یان نەخۆشی، میکانیزمەکانی کولتووریببوونەوە یان گۆڕانی کۆمەڵایەتی، لێکدانەوەی وەرچەرخانی مێژوویی کە کاریگەری لەسەر دەربڕینی ئەدەبی دادەنێن، پرسی بەندی کۆمەڵایەتی داهێنەر، هەر هەموویان بەڕاستی سەربە هەرێمی کۆمەڵناسین. بە کورتی ئەم بابەتە جۆراوجۆرانە بەپێی پێویستی و کاردانەوەیان پێویستیان بە میتۆدی جیاوازە. بێگومان بەکارهێنانی میتۆدی ئاماری بەگشتی دەگاتە ئەنجامی وردتر. بەڵام ئەم میتۆدانە چۆن دەکرێ بۆ بابەتێکی ریزپەڕ بەکاربهێنرێت.

کەوابوو، فرەڕەنگی کۆمەڵناسی بەری گەنجیەتی ئەم زانستە نییە، بەڵکوو بەری فرەرەنگیی بابەتەکانیەتی. ڕەنگە تەنانەت ئەم ڕاستیەی کە فرەرەنگیی کۆمەڵناسی بەرە بەرە وەردەگیرێت، لەخۆیدا نیشانەی پێگەیشتنی ئەقڵییە. ئەو ئامانجخوازیيانەی دەیانەوێ نەک هەر کۆمەڵناسی، بەڵکوو سەرجەم زانستی کۆمەڵایەتی لەژێر نیشانەیەکی هاوبەشی زمانی، یان بونیادگەریدا (structuralism) کۆبکەنەوە، سەرهەڵدانەوەی دواکەوتووانەی ڕۆحی سیستەمسالارین.

جەنگ ڕووداوێکی فرەپاتە. ئەگەر لامان وایە جەنگ دیاردەیەکی بە تەواوی بێسنوور و سەربەخۆیە لە هەر هۆدارێتییەکی مەبەستدار و پێڕەوی هیچ مەرج و ئەگەرێک ناکات و بە تەنیا بابەتێکی سەرقاڵکەرانە، ئارەزوویی یان خراپەکارانەی نەتەوەکان یان ڕێبەرەکانیانە، کەوابوو دەبێ جەنگ بۆ ئەدەب واز لێبێنین و چاو لە خوێندنەوەی بپۆشین.

هەندێ کەس لایان وایە جەنگ تەنیا زادەی بارودۆخی مێژووییە. بەلام جێگەی داخە بارودۆخ هەرچی بێت، هەموو کاتێک دەکرێ تێیدا بەڵگەیەکی پاساودەری جەنگ بدۆزرێتەوە. بیانووەکانی جەنگ، وەک هەموو دیاردەیەکی کۆمەلایەتی لە هەر سەردەمێکدا شێوەیەکی تایبەتیان هەیە. ئەو کەسەی بە بەزەییەوە بەو کەسانە پێدەکەنێ کە لەسەر وتەیەکی سەن ئەگۆستین لەگەڵ یەک بە شەڕ دەهاتن، خۆی ئامادەیە بۆ تیۆری سیاسی پەسندی خۆی گیان بدات: ململانێی نێوان پیاوانی دراوسێ، بە زۆری بەری قەدەری جوگرافییە. بابەتی ململانێکەیان (جوگرافیا) بە درێژایی سەدەکان وەک خۆی دەمێنێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم بابەت و گرفتانە بە درێژایی مێژوو هەندێ جار شیاوی دەگرتن و هەندێ جاریش لە بەرگە بەدەرن. هەندێ جار دەکوژێنەوە و هەندێ جار هەڵدەگیرسێن.

ئێمە خۆمان ئاگادارین هێنانە ئارای زانستییانەی جەنگ پێش دادوەری کردن سەبارەت بە جەنگ، هەندێ بەرەنگاریی شاراوەی خستۆتەوە. ئەم چەشنە بەرەنگاریانە سەیر و سەمەرە نین، بڵێی جەنگ پانتایی ترسە پیرۆزەکان نەبێت؟ ئاخۆ خوێندنەوەی جەنگ، وەک چۆن پێشتر خوێندنەوەی هەورە برووسکە بۆ زانایان بە شتێکی ناپاک دەزانرا، مەمنووع نییە؟ بیرمان بێت لە رابردوودا ئەشکەنجە بە رەوا دەزانرا نەک هەڵوەشاندنەوەی جەستە [وەک ئێستە].

ئەگەر مرۆڤ، نەتەوە و دەوڵەتەکان بۆ خوێندنەوەی جەنگ بێ مەیلی دەنوێنن، لە کاتێکدا خەرجی دەزگایەکی لێکۆڵینەوەی جەنگ، هیچکات لە نرخی تانکێکی مامناوەندی یان فڕۆکەیەکی راوچی زیاتر نابێت، ئاخۆ هۆیەکەی ئەوە نییە کە ناوشیارانە لەوە دەترسن شادیهێنەرترین جێژن و دوایین ڕێگەچارەی خۆیان لە کیس بدەن؟

بیری مرۆڤ بە شێوەی سروشتی حەز دەکات پێش زانین بڕوا بکات. ئێمە بووینەتە قوربانیانی بەڵگەنەویستیی رواڵەتیی جەنگ و بە تایبەت پاڵنەرەکانی جەنگ، ئەو پاڵنەرانەی بە زۆری لەگەڵ هۆکانی جەنگدا بە هەڵە بە یەک دەکرێن. شێوەی بیرکردنەوەی جادوویی، ئەوڕۆکە لە پانتایی زانستی سروشتی وەدەرنراوە و توانای خۆی لە پانتای زانستیدا دۆڕاندووە و [کەچی] دەزی کردۆتە هەناوی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانەوە.

لە رابردوودا، پزیشکیی ئەزموونی، بانگەشەی ئەوەی دەکرد بە بێ خوێندنەوەی نەخۆشییەکان، دەرمانەکانی دۆزیوەتەوە. بەڵام ئەگەر زانستی پزیشکی تەنیا پشتی بە پسپۆڕانی تاقیگەکان بەستبا و وازی لە زیندەوەرناسەکان هێنابا، پێش دەکەوت؟ لە پێشکەوتنی راستەقینەی بواری زانستی پزیشکیدا، تاقیگە زۆر لە نەخۆشەکان گرنگترە. هەر بەم شێوەیەش ئەگەر ئێمە ، جەنگناسییەکی (پۆلێمولۆژی) راستەقینە و پتەو دانەڕێژین، بە نیسبەت جەنگەوە جگە لە هەندێ زانیاری لەت و پەت و کاتی، شتێکی دیکەمان دەست ناکەوێت.

ئەمە تاقە ئەنجامێکی بابەتیانە و ناوەهمییە بشێ لە ئێستادا و بەم رادەی ناسینەوە کە لە جەنگ هەمانە، پێی بگەین.

**جەنگ یان پۆلیمۆلۆژی**:

سەردەمی ئێمە ئاگای لە درامایەکی راستەقینەیە کە هەموو خەڵک تادێ زیاتر لێی ئاگادار دەبن: لە سەردەمی ئێمەدا وەک سەردەمی کەونارا یان سەدەکانی نێوەڕاست، جەنگ لە پێوەندی نێوان نەتەوەکاندا خەوتووە. جەنگ وەک رابردوو، بە بنەڕەتی مافی نێونەتەوەیی و لە هەمانکاتدا، بە پێوەر و بەڵگەی سەربەخۆیی نەتەوەکان دادەنرێت.

پرسی جەنگ تا ئێرە نەیتوانیوە بەستێنی [بزووتنی] هەزارساڵەی خۆی ببەزێنێ. پرسی جەنگ لە نێوان وەهمخوازیی مافناسانە و ئاشتیخوازیی زارەکیدا، خوار و ژوور دەکات و لە ئەنجامیشدا بەو ئەنجامە دەگات کە پەندێکی کۆنی رۆمی بە کورتی بەم چەشنە دەریدەبڕێت: «ئەگەر ئاشتیت دەوێ، تەدارەکی جەنگ رێکخە.»

بە کورتی، جەنگ چەشنێک پەتای کۆمەڵایەتییە: بۆ ئەوەی بە جیددی بتوانین بە ئاشتیخوازییەکی زانستی بگەین، پێش هەر شتێک دەبێ بگەینە ناسینێکی بابەتییانەی «دیاردەی جەنگ» .

خوێندنەوەی پۆلێمۆلۆژی بۆ ماوەیەک رێگەمان پێ دەدات پرسەکانی جەنگ بە پێی زەمینەیەکی نوێ بخوێنینەوە. پۆلێمۆلۆژی لانیکەم بیری مرۆڤ بەرەو لایەکی دیکە دەبات و پێگەیەکی نوێ بەدیدێنێ و رێگە دەدات تاکوو لایەنی پیرۆزی جەنگ و ئاشتی ناسیاسی بکەینەوە.

بە وتەیەکی دیکە، وەک دیارە لەم بارودۆخەی ئێستادا لە دوو رێگە زیاترمان لە پێش نییە: یان بە تەواوی ئامادەکاریی بۆ جەنگ بکەین و خۆمان زیاتر و باشتر چەکدار بکەین و بە کورتی چاوەڕێ بکەین ئاگری جەنگ جارێکیتر بە بیانوویەکەوە داگیرسێت، یان ئەوەی جەنگ بە تەواوی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەیر بکەین کە کارکرد، توخمی پێکهێنەر و هۆکارەکانی دەکرێ بخوێنرێتەوە و بەم پێیەش دەکرێ بەر بە روودانی بگیرێت. بە کورتی، ناچارین یان خۆ بۆ جەنگ ئامادە بکەین یان لە بواری پۆلێمۆلۆژیدا کار بکەین.[1]

---

1ــ Polemologie (تێکەڵکردنی دوو وشەی یۆنانی Polemos بە مانای جەنگ و Logos واتە لێکۆڵینەوە و ناسین): بە تەواوی مانای زانستی جەنگ، خوێندنەوەی شێوە، هۆکار، ئەنجام و کارکردەکانی جەنگە وەکوو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی. ئەم وشەیە لە ساڵی 1946دا لە لایەن گاستۆن بۆتۆل لە کتێبی «سەد میلیۆن کۆیلە»دا پێشنیار کراوە. (لارۆس، مانگانە، ژمارەی 401، لاپەڕەی 11). هەروەها نووسەری ئەم کتێبە ساڵی 1945، «ئەنیستیتۆی فەڕەنسیی جەنگناسی» دامەزراند. ئەم دەزگایە تەنیا دوای 6 ساڵ وێڕای توانای کەمی، لێکۆڵینەوەکانی خۆی لەبارەی جەنگ، ئاشتی و دیاردە لاوەکییەکانی وەکوو توندوتیژی و هێرشکاری، لەسەر بنچینەی زانستی دەستپێکرد و گۆڤارێکی خولیش بە نێوی «لێکۆڵینەوە جەنگناسییەکان» دەردەکا.



www.pertwk.com